

## مەنسور حیکمەت

# دەوڵەت لە دەورە شۆڕشگێڕانەکاندا

تیۆری مارکسیستیی دەوڵەت و "قۆناغەکانی تێپەڕین"

# دەوڵەت لە دەورە شۆڕشگێڕانەکاندا

## تیۆری مارکسیستیی دەوڵەت و "قۆناغەکانی تێپەڕین- ڕاگوزەر"

---

نوسینی : مەنسور حیکمەت

وەرگێڕانی لەفارسیەوە: ڕەحیمی تلووعی فەر

تایپکردنەوەی: نەسرەو عوسمان

بەراوردکردنەوەی دەق و ژێرنوسکردن: خەسرەو سایە

چاپ وبڵاوکردنەوە: حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان/ **٢٠٢٦**

ئەم نووسراوەیە دەقی باسێکە لە لایەن مەنسور حیکمەتەوە لە سیمینارێکی ناوخۆیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، لەساڵی ۱۹۸۷ دا بەزمانی فارسی پێشکەش کراوە و پاش ڕێنوسکردنەوەی، لە هەندێک شوێن دەسکاری کراوە و هەندێک شتی بۆ زیادکراوە ودواتر لەگۆڤاری "بسوی سوسیالیزم" - دەورەی دووەم- دا بڵاوکراوەتەوە. ئەم دەقە کاتیخۆی لەلایەن ڕەحیمی تلووعی فەرەوە لەفارسیەوە وەرگێڕدراوە بۆ کوردی و لەنامیلکەیەکی سەربەخۆدا، لەلایەن کۆمەڵە "ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیست"ەوە بڵاوکراوەتەوە و دواتر نەسرەو عوسمان دووبارە تایپی کردۆتەوە و لەماڵپەری تایبەت بە نوسراو و بابەتەکانی مەنسور حیکمتدا بڵاوکراوەتەوە.

ئێمە پاش بەراوردکردنەوەی ئەم دەقە لەگەڵ نوسراوە فارسیەکەیدا و پاش هەڵبەڕی و ژێرنوسکردنی جارێکیتر بۆ چاپ وبڵاوکردنەوە ئامادەمان کردۆتەوە.

خ. سایە
مارس ۲۰۲٦

# دەوڵەت لە دەورە شۆڕشگێڕانەکاندا

بابەتی باسی ئێستامان بریتییە لە "دەوڵەت لە دەورە شۆڕشگێڕانەکاندا"، لە چوارچێوەی ئەم باسەدا یەکێک لە لایەنەکانی تیۆری مارکسیستیی دەوڵەت، یان بە وتەیەکی تر میتۆدۆلۆژیی مارکسیزم سەبارەت بە دیاردەی دەوڵەت، دەدەینە بەر باس و لێکۆڵینەوەوە، کە بەزۆری لەژێر پەردەی ئەو حوکمە کلێشەییانەدا، کە سەبارەت بە دەوڵەت وتراون دەشاردرێنەوە و بەم جۆرە فەرامۆش دەکرێ. پاش هێنانەگۆڕی گشتیی مەسەلەکە، بە شێوەیەکی دیاریکراوتر، وەک چەند نموونەیەک لە بەکارهێنانی ئەم میتۆدۆلۆژییە، ئاماژە بەم بابەتانەی خوارەوە دەکەین، یەکەم، مەسەلەی کۆماری شۆڕشگێڕ لە بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستدا. دووەم، شێوەی هەڵوێستگرتن بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامی، کە لێرەدا هەندێک لەو خاڵانەی کە لە نووسراوەی "دوو باڵی دژە شۆڕشی بۆرژوا ئیمپریالیستی"دا* باسی لەسەر کرابوو، لەبەر تیشکی ئەم باسەی ئێستادا دیسانەوە جەختیان لەسەر دەکرێنەوە. وە سەرەنجام سێیەم، دەوڵەت لە شۆڕشی پرۆلیتاریادا و مەسەلەی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا، دەخەینە بەرباسەوە.

---

*) "دوو باڵی دژە شۆڕشی بۆرژوا ئیمپریالیستی" ناونیشانی وتارێکە کەمەنسور حیکمەت نوسیویەتی و بەسێ بەش لەگۆڤاری (بەرەوسۆشیالیزم، دەورەی یەکەم) دا، بلاوکراوەتەوە. بەشێوەیەکی گشتی نوسراوەکە ئەو بارودۆخە هەڵدەسەنگێنێ کەدەوڵەت بەدوای ڕوخانی ڕژێمی شادا تا جێگیربونی "جمهوری ئیسلامی" بەڕابەری خومەینی، پێدا تێپەڕدەبێت، بەتایبەتی پاش پێکهاتنی حکومەتی مهدی بازرگان، وەک حکومەتێکی کاتی بۆرژوازی پاشان دانانی "بەنی سەدر" وەک یەکەمین سەرۆک کۆمار و لەم نێوەندەشدا نوسراوەکە زمینەکانی شکڵگرتنی دووباڵی دژە شۆڕشی بۆرژوازی لەبەرامبەر سەرکوتی شۆڕشدا ولەدەستەی فەرمانڕەوای ئێراندا دەداتە بەرباسەوە. ئەم نوسراوەیە کەلە ئەدەبیاتی بزوتنەوەی چەپی ئێراندا بە "دوو جناح" ناودەبرێت:
بەشی یەکەمی لە بەرەو سۆسیالیزم، ژمارە یەک، ١ی ئابی ١٩٨٠ و بەشی دووەم لە بەرەو سۆسیالیزم، ژمارە ٢، ئەیلوولی ١٩٨٠ و بەشی سێیەم: (بەشی کۆتایی) بەرەو سۆسیالیزم، ژمارە ٤، شوباتی ١٩٨١.. بڵاوکراوەتەوە.

مەنسور حیکمەت..

# ١) دەوڵەت لە دەورە شۆڕشگێڕانەکاندا:

## تیۆری مارکسیستیی دەوڵەت و "قۆناغەکانی تێپەڕین- ڕاگوزەر"

ئێستا ئیتر هەمووان دەزانن کە لە ڕوانگەی مارکسیزمەوە دەوڵەت ئامرازی دەسەڵاتدارێتی چینایەتیی چینێکە کە لە باری ئابوورییەوە زاڵە. دەوڵەت ئامرازێکە بۆ لەزنجیردا بەستنەوەی چینە ستەملێکراو و چەوساوەکان و بۆ پاراستنی پەیوەندییەکانی خاوەندارێتی و بەرهەمهێنانی مەوجوود لە چنگ پەلاماری چینە بندەستەکان. لینین لە کتێبی "دەوڵەت و شۆڕش"* دا سەرەتا بە هێنانەوەی گەلێک نموونەی ڕاستەوخۆ لە نووسراوەکانی مارکس و ئەنگڵس، ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە چلۆن بە پێچەوانەی ئەو خۆشباوەڕییەی کە بۆرژوازی ڕەواجی پێ دەدات، دەوڵەت دیاردەیەکی سەرووچینایەتی و بانتر لە کۆمەڵگە نییە کە گوایە پەیوەندییەکانی چینایەتی "هاوئاهەنگ" دەکات، یان نوێنەرایەتی "بەرژەوەندیی گشتی" دەکات. دەوڵەت، بە پێچەوانەی هەموو ئەو بۆچوونانەی کە لە کۆمەڵگای بۆرژواییدا باون، نوێنەر و پارێزەری قازانج و بەرژەوەندیەکی چینایەتیی دیاریکراوە، یانی نوێنەر و پارێزەری قازانج و بەرژەوەندیی چینێکە کە لە باری ئابوورییەوە زاڵە. سەرهەڵدانی دەوڵەت لە بنەڕەتەوە لەگەڵ سەرهەڵدانی چەوسانەوە و دابەشبوونی چینایەتیی کۆمەڵگە و سەرهەڵدانی دژایەتی و خەباتی چینایەتی هاوکات بووە.
هەر وەکوو باسم کرد، ئەم خاڵانە ئیتر ئەمڕۆ گەلێک ڕوونن و من زۆر لەسەر ڕوونکردنەوەی زیاتریان ناڕۆم، بەتایبەت چونکە لێرەدا باسەکەی من هەر لە بنەڕەتەوە ڕەخنەیەکە بەرانبەر بە گشتاندن - تەعمیمدان و هەمەگیرکردنی ئەم پێناسانە بە شێوەیەکی میکانیکی و کلێشەیی و جێبەجێکردنیان بەسەر هەموو سات و کاتێکی پرۆسەی گەشە و هەڵدانی مێژوویی کۆمەڵگەدا و بەتایبەت لە "دەورە شۆڕشگێڕانەکاندا."
هەر لە سەرەتاوە دیارە، کە ئەو پێناسە مارکسیستییانەی دەوڵەت کە لەسەرەوە باسیان کرا، لە ڕاستیدا کارکردنی ئاسایی کۆمەڵگەیان لەبەرچاوە. ئەم پێناسە و لێکدانەوەیەی

---

*) بۆخوێندنەوەی کتیبی "دەوڵەت و شۆڕش"ی لێنین ، دەتوانن لەرێگای ئەم لینکەوە کتێبەکە دابگرن:
https://www.hkkurdistan.org/ku/?p=16262

# دەوڵەت لە دەورە شۆڕشگێڕانەکاندا

دەوڵەت لە بارودۆخی "ئاسایی" کۆمەڵایەتیدایە، یانی لە دەورانێکدا کە کۆمەڵگە تووشی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە نەهاتووە. ئەوە بیر دەخەمەوە کە ماتەریالیزمی مێژوویی کۆکراوەی ژمارەیی پێنج وێنەی ئیستاتیک لە پێنج شێوەی بەرهەمهێنانی "ئاسایی" (کۆمۆنی سەرەتایی، کۆیلایەتی، فیۆدالیزم، سەرمایەداری و کۆمۆنیزم) نییە. لە ڕاستیدا ئەمە لەقەوارە خستنی ماتەریالیزمی مێژووییە لەلایەن ڕیڤیژیۆنیستەکانەوە بە شێوەیەکی میکانیکیی. ماتەریالیزمی مێژوویی مارکس تەنیا خستنەڕووی شێوە جۆراوجۆرەکانی بەرهەمهێنان و ڕاگەیاندنی جێگۆڕکێی ئەم شێوە جۆراوجۆرانە لە ڕەوتێکی زنجیرە ئاسایی مێژوویی‌دا نییە، بەڵکو دینامیزمی ئەو ڕەوتی گۆڕانە و تایبەتمەندییەکانی دەورانی گۆڕانکاریش دەگرێتەبەر و ڕوونیان دەکاتەوە.

ئەم شێوە جۆراوجۆرانەی بەرهەمهێنان چلۆن و لە چ پرۆسەیەکدا جێگۆڕگێ دەکەن؟ ئەگەر ئەم دینامیزمە لەبەرچاو بگرین، ئەو کاتە دەبینین کە بەشێکی سەرەکی لە شیکردنەوەی ماتەریالیستییانەی مێژوو بریتییە لە ناسینی تایبەتمەندییەکانی قۆناغەکانی تێپەڕین- ڕاگوزار و دەورەکانی گۆڕان، لەنێو ئەو پەیوەندیانە و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانەدا کە هەرکامیان لە سەردەمێکی دووروودرێژدا شکڵی ئاسایی و شیاوی بەرهەمهاتنەوەی هەڵسووڕانی ئابووری و ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤیان پێکهێناوە. بە وتەیەکی تر شێوەکانی بەرهەمهێنان لەناکاو و دەستبەجێ جێگۆڕکێ ناکەن. نە فیۆداڵیزم لەناکاو جێگای خۆی بە سەرمایەداری داوە و نە کۆمۆنیزم دەسبەجێ جێگای سەرمایەداری دەگرێتەوە. لێکدانەوەی دەورەکانی ڕاگوزار و ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە لە کۆمەڵگەدا، بەشێکە لە ڕوانینی ماتەریالیستی بۆ مێژوو هەر وەک چۆن لێکدانەوەی شکڵە ئاساییەکانی بەرهەمهێنان و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ، بەشێکە لە ڕوانینی ماتەریالیستی بۆ مێژوو. مارکس لە "سەرەتای ڕەخنەی ئابووریی سیاسی"*دا بە ڕوونی باسی ئەم مەسەلەیە دەکات:

**"هێزە بەرهەمهێنەرە ماددییەکانی کۆمەڵ لە قۆناغێکی دیاریکراوی گەشە و هەڵدانی خۆیاندا لەگەڵ پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی مەوجوود، وە یان بە وتەیەکی تر (کە هەر دەربڕینە حوقووقییەکەیەتی) لەگەڵ پەیوەندییەکانی خاوەنداریێتی کە ئەو هێزانەی پێشوو، لە چوارچێوەیدا هەڵسووڕاون، دەکەوێتە ناکۆکییەوە. ئەم (پەیوەند و پەیوەندییە مەوجوودە) کە پێشتر چوارچێوەکە بووە، بۆ گەشەپێدانی هێزە**

---

*) ئاماژەیە بۆ پێشەکی کتێبی مارکس بەناوی "بەشدارییەک لەڕەخنەگرتن لەئابوری سیاسی".

# مەنسور حیکمەت..

بەرهەمهێنەرەکان، ئیتر دەبنە کۆسپێک لەسەر ڕێگایان. <u>ئەو کاتە دەورەیەک لە شۆڕشی کۆمەڵایەتی دەست پێدەکات.</u>"

دواتر ئاماژە بەوە دەکەم کە بەدرێژایی ئەم باسە، من چەمکی "دەورانی شۆڕشگێڕانە" بە مانایەکی بەرتەسکتر لە گشت دەورەی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵ، یانی ئەو دەورە ڕاگوزارەی کە مارکس ئاماژەی پێ دەکات، بەکار دێنم، بەڵام با جارێ هەر ئەو مانا بەرینەی ئەم دەستەواژەیە لەبەرچاو بگرین و دیسانەوە بچینەوە سەر ئەو فۆرموولەیەی کە دەوڵەتی پێناسە کرد. ئایا ئەم پێناسەیە دەتوانێ هەر بەم شێوەیەی ئێستای، بۆ ناساندنی خەسڵەت و ناوەڕۆکی دەوڵەتەکان (هەر دەوڵەتێک) بەدرێژایی ئەم دەورانی ڕاگوزارە شۆڕشگێڕانەیە بەکار بهێنرێ؟ بە وتەیەکی تر ئایا ئەو فۆرموولەیە کە دەڵێ "دەوڵەت ئامرازی چینێکە کە لە باری ئابوورییەوە زاڵە" لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی دەورەکانی تێپەڕین- ڕاگوزەری شۆڕشگێڕانەدا دێتەوە؟ وەکوو حوکمێکی پێویست نا! هەڵوێستی ئانارشیستەکان بەرانبەر بە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا و هەروەها هەڵوێستی هی وەکوو "وەحدەتی کۆمۆنیستی" * بەرانبەر بە دەستەواژەی کۆماری شۆڕشگێڕ، چەند نموونەیەکی زیندوون لە داماویی تیۆری ئەو کەسانە کە لە هەڵوێستی مارکسیستی بەرانبەر بە دەوڵەت هەر ئەو فۆرموولە فێر بوون و لە هەموو هەلومەرجێکدا دووپاتی دەکەنەوە.

بۆ نموونە، دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا دەوڵەتێکی دەورانی تێپەڕبوونە. بەڵام ئایا دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا دەوڵەتی چینێکە کە لە باری ئابوورییەوە زاڵە؟ دیارە وا نییە. بەڵکوو دەوڵەتی چینێکە کە لە دژی ئەو چینە چەوسێنەرەی وا بەسەر بەرهەمهێناندا زاڵە ڕاپەڕیوە. دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا لە سەرەتاوە پشت بە ئابووریی مەوجوودی کۆمەڵگە نابەستێ، نوێنەری چینێک نییە کە لە باری ئابوورییەوە بەسەر چینەکانی تردا زاڵە. ڕێک بە پێچەوانەوە، دەوڵەتێکە <u>لە دژی</u> ئابووریی مەوجوود. لە ڕاستیدا ئەم دەوڵەتە هەرگیز ناتوانێ تەنانەت لە داهاتووی خۆیشیدا، ببێتە ئامرازی دەسەڵاتداریێتی چینێک لە پەیوەندییەکی ئابووریی چینایەتیدا. شۆڕشی سۆسیالیستی، شۆڕشێکە لەدژی خودی خەسڵەتی چینایەتیی

*) "وەحدەتی کۆمۆنیستی" یەکێک لەو ڕێکخراوە مارکسیستیانە بوو کەلە سەروبەندی شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ی ئێراندا سەری هەڵداو دواتر وەک گروپێکی ڕۆشنبیر درێژەیان بەچالاکیەکانی خۆیاندا و کەوتنە بڵاوکردنەوەی ڕەخنەو بۆچونەکانی خۆیان، لە ڕێکخراوەکانیتر، لەبڵاوکراوەیەکدا بەناوی -ڕەهایی- . وەحدەتی کۆمۆنیستی پێی وابوو شۆڕشی کۆمەڵایەتی لە ئێراندا سروشتی سۆسیالیستی هەیەو هەروەها هەڵوێستیان لەباڵەکانی ناو دەستەی فەرمانڕەوا کە دوای ڕۆخانی ڕژێمی شا هاتەکایەوە گرت و بەدوو باڵی (کوڕانی مەکتەبی ئیسلامی و لیبرالەکان) دابەشکرد.. مەنسور حیکمەت لە وتارێکی سێ بەشیدا بەناوی ( وەحدەتی کۆمۆنیستی، ئاناتۆمی لیبرالیزمی چەپ)، ڕەخنەیەکی هەمەلایەنەی لەباوەڕەکانی ئەم ڕێکخراوەیە گرتوە..

# دەوڵەت لە دەورە شۆڕشگێڕانەکاندا

کۆمەڵگە و خاوەنداریێتی تایبەتی بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا و لەدژی خودی چەوساندنەوەی چینایەتییە. ئەو ئابوورییە نوێیەی کە بەرهەمی ئەو شۆڕشەیە، لەگەڵ لەناوچوونی فەلسەفەی بوون و مەوجوودییەتی دەوڵەت بەگشتی هاوتایە. شۆڕشی سۆسیالیستی، شۆڕشێکە کە هاوکات لەگەڵ لەناوبردنی دابەشبوونی چینایەتیی کۆمەڵگە، دەوڵەتیش بەرەو نەمان دەبات.

بەڵام ئەگەر دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا ئامرازی پاراستنی ئەو پەیوەندییە بەرهەمهێنانە چینایەتییە نییە کە هەر ئێستا هەیە، ئەگەر بڕیار وا نییە، کە ئەو دیکتاتۆرییە سەرخانی سیاسی لەبار بێت بۆ خاوەنداریێتی چینێک بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا، کەوایە فەلسەفەی بوونی چییە؟ یان بە وتەیەکی تر "لێکدانەوەی مارکسیستی"ی دەوڵەت چلۆن دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا لێک دەداتەوە؟

بەشێکی گرنگ لە کتێبی "دەوڵەت و شۆڕش"ی لێنین بۆ کێشە لەگەڵ ئەو بۆچوونە ئانارشیستییانەی کە بە چاوێکی میکانیکی و میتافیزیکی دەڕواننە بزووتنەوەی مێژوویی کۆمەڵگە تەرخانکراوە، وە ناتوانن تێگەیشتنی خۆیان لە مەسەلەی دەوڵەت لە ئاستی تێگەیشتنیان لە "دەوڵەتی ئاسایی" واوەتر بەرن و بەم جۆرە لە دژی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا ڕادەوەستن. ئەگەر شۆڕشی سۆسیالیستی لەگەڵ توانەوەی چینەکان هاوتایە، کەواتە توانەوەی دەوڵەتیش، لەو نێوەدا دەوڵەتی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا چ کارەیە؟ لێرەدا لێنین "لایەنێکی تری"ی تیۆری مارکسیستی دەوڵەت شی دەکاتەوە. دەوڵەتی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا نەک لە "ئابووری" لە خودی خۆیدا، بەڵکوو لە سیاسەت و لە خەباتی چینایەتییەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەوە تەوەری لێکدانەوەی مارکسیستی دەوڵەتە لە دەورە ڕاگوزارە شۆڕشگێڕانەکاندا:

> **"لە مانیفێستی کۆمۆنیستدا پوختەیەک لە مێژوو نیشان دەدرێ کە مرۆڤ وا لێدەکات، کە دەوڵەت وەکوو ئۆرگانی دەسەڵاتداریێتی چینایەتی چاولێ بکات و ئەمە ناچار ئێمە بەو ئاکامە دەگەیەنێ کە پرۆلیتاریا ناتوانێ بۆرژوازی بڕوخێنێ، مەگەر پێش هەموو شتێک دەسەڵاتی سیاسی بەدەست بهێنێت، {واتە} سەروەریی سیاسی بەدەست بێنێ و دەوڵەت بکاتە "پرۆلیتاریای ڕێکخراو وەک چینی دەسەڵاتدار" وە ئەم دەوڵەتە پرۆلیتێرییە پاش سەرکەوتن دەسبەجێ ڕێگای توانەوە دەگرێتە پێش، چونکە لە کۆمەڵێکدا کە دژایەتیی چینایەتی نەمابێ، دەوڵەت پێویست ناکات و ناتوانێ هەبێ . لێرەدا باسی ئەم مەسەلەیە نەکراوە کە لە ڕوانگەی پەرەسەندنی مێژووییەوە دەوڵەتی پرۆلیتێری چلۆن جێگای دەوڵەتی بۆرژوایی دەگرێتەوە".**

## مەنسور حیکمەت..

**(دەوڵەت و شۆڕش، بەرگی ٢٥، تێکڕای بەرهەمەکانی لێنین  بە ئینگلیزی، ل٤١١)**

لێرەدا لێنین سەرنج دەداتە ئەو قۆناغە لە مێژووی کۆمەڵگە، لە "پوختەیەکی گشتی"ی مێژوودا تەنیا وەک "خاڵ"ێک، وەک شوێنی پێکگەیشتنەوەی دوو نیزام، وەک ئەو بوارە زەمانییەی کە تێیدا دوو دەوڵەت جێگۆڕکێ دەکەن، بەرچاو دەکەوێ. ئەمە هەمان دەورەی ڕاگوزارە. ئەمە دەورەیەکی زۆر گرنگە لە ئاڵوگۆڕی مێژوویيدا. لەم دەورەیەدا، یانی لە ماوەی پرۆسەیەکی کەم تا زۆر درێژخایەنی جێگۆڕکێی دوو نیزامدا، لەو جێگایەدا کە یەکێکیان تووشی ئاڵوگۆڕ بووە و ئەوی تریان هێشتا دانەمەزراوە، دەوڵەت چ دیاردەیەکە؟ ئەمە ئەو لایەنەی تیۆری مارکسیستیی دەوڵەتە کە لە دەزگای میکانیکیی ڕیڤیژینیزم و هەر بەم پێیە بەشی هەرە زۆری چەپی ئێراندا، لەبیر دەچێتەوە:

**"تەنیا ئەو کەسەی پەی بە جەوهەری ئامۆژگارییەکانی مارکس بردووە، کە تێگەیشتنی دیکتاتۆریی تاقە چینێک نەک تەنیا بۆ هەموو جۆرە کۆمەڵگایەکی چینایەتی بەگشتی، ... بەڵکوو بۆ <u>سەردەمێکی مێژوویی</u> کاملیش کە سەرمایەداری لە "کۆمەڵگای بێ چین"، یانی لە کۆمۆنیزم، جیا دەکاتەوە، پێویستە. شکڵ و قەوارەی دەوڵەتە بۆرژواییەکان ئێجگار جۆراوجۆرە، بەڵام هەمووان یەک ناوەرۆکیان هەیە. شکڵ و قەوارەی ئەم دەوڵەتانە هەرچی بێت، لە ناوەرۆکدا حەتمەن هەموویان <u>دیکتاتۆریی بۆرژوایین</u> .دەورەی تێپەڕین – ڕاگوزار لە سەرمایەدارییەوە بۆ کۆمۆنیزم بێگومان گەلێک شکڵی سیاسی جۆراوجۆر بەخۆ دەگرێت، بەڵام هەموویان یەک ناوەرۆکیان دەبێت، کە ئەویش <u>دیکتاتۆریی پرۆلیتاریایە</u>."**
**(هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٤١٨، هێڵی تەئکید هی دەقە ئەسڵییەکەیە)**

دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا دەوڵەتێکە لەگەڵ ئەم "دەورە مێژوویی"یە دیاریکراوە، یانی لەگەڵ دەورەی ڕاگوزاری شۆڕشگێڕانەدا دەگونجێ. دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا دەوڵەتێکە لە دژی ئابووریی سەرمایەداری و لە هەمانکاتدا دەوڵەتێک نییە کە لەگەڵ ئابووریی کۆمۆنیستی بێتەوە. چونکە ئەو ئابوورییە نوێیە پشتی بە دابەشکردنی چینایەتی نەبەستووە و بەم بۆنەیەوە پێویستی بە دەوڵەت وەک هێزێکی زەبروزەنگ نواندن نییە. ئەو دەوڵەتە، دەوڵەتێکە کە لە مەودای نێوان ئەو دوو "ئابووری"یە دایە و بەم بۆنەیەوە پێداویستی و فەلسەفەی وجوود و کاراکتەری خۆی ڕاستەوخۆ نەک لە ئابووری و ژێرخانی ئابووری، بەڵکوو لە شوێنێکی تر هەڵدێنجێ : <u>لە شۆڕش</u>، لە <u>خەباتی</u> چینایەتی کە بەدرێژایی دەورەی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە دەبێتە مەیدانی سەرەکی و چارەنووسسازی پەیوەندیی چینە

# دەوڵەت لە دەورە شۆڕشگێڕانەکاندا

کۆمەڵایەتییەکان بەرانبەر بە یەکتر. دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا، خۆی دیکتاتۆرییەکە، بەڵام نەک بۆ پاراستنی ئەو پەیوەندییە بەرهەمهێنانە، ئەو پەیوەندییە چینایەتییە دیاریکراوە کە مەوجوودە، بەڵکوو بۆ تێکشکاندنی بەرگرییەک کە لەبەرانبەر گۆڕانی شۆڕشگێڕانەی ئەم پەیوەندییانەدا دەکرێت:

**"دەوڵەت هێزی تایبەتیی سەرکوت"ـە ... بەڵام لەم پێناسەیە ئەوە دەردەکەوێ "هێزی تایبەت بۆ سەرکوتی" پرۆلیتاریا لە لایەن بۆرژوازییەوە، سەرکوتی ملیۆن ڕەنجدەر لە لایەن تاقمێک دەوڵەمەندەوە، دەبێ جێگای خۆی بداتە "هێزی تایبەت بۆ سەرکوتی" بۆرژوازی لە لایەن پرۆلیتاریاوە (یانی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا ). مانای "فەوتان و لەناوچوونی دەوڵەت وەک دەوڵەت"یش هەر لەم مەسەلەیەدایە. مانای "هەنگاوهەڵگرتن" بۆ بەدەسهێنانی ئامرازی بەرهەمهێنان بەناوی کۆمەڵەوە، هەر لەوەدا ئیتر ئەوە ڕوونە کە ئەم جۆرە جێگۆڕکێیەی "هێزێکی تایبەت" (بۆرژوایی) لە گەڵ "هێزێکی تایبەت"ی تر (پرۆلیتاریا) بە هیچ جۆرێک ناتوانێ لە ڕێگای "پوکانەوەوە" سەربگرێ." (هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٤٠٢)**

**"دەوڵەت ڕێکخراوی تایبەتی زەبروزەنگە. ... دەوڵەت ڕێکخراوی زەبروزەنگ نواندنە بۆ سەرکوتی چینێکی دیاریکراو. بەڵام پرۆلیتاریا دەبێت کامە چین سەرکوت بکات. ڕوونە کە تەنیا چینی چەوسێنەر، یانی بۆرژوازی. زەحمەتکێشان دەوڵەتیان تەنیا بۆ سەرکوتکردنی بەرگریی چەوسێنەران پێویستە و تەنیا پرۆلیتاریایە کە دەتوانێ ئەم سەرکوتە بەرەو پێش بەرێ و جێبەجێ بکات." (هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٤٠٧)**

لێرەدا لەگەڵ چەمکێکی گشتیتری دەستەواژەی دەوڵەت بەرەو ڕووین، چەمکێک کە لە هەمان کاتدا سادەتر و هەمە لایەنەترە. دەوڵەت "هێزی تایبەتیی زەبروزەنگە" بۆ سەرکوتی چینایەتی. ئەمە خەسڵەتی هاوبەشی هەموو چەشنە دەوڵەتێکە. چ دەوڵەتی ئاسایی و چ دەوڵەتی دەورەی تێپەڕین- گوزار. لە هەلومەرجی ئاساییدا کە بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی پەیوەندییەکی دیاریکراوی بەرهەمهێناندایە، یان بە وتەیەکی سادەتر "ئابووری" تەوەری دیاریکەرە لە پەیوەندی و کار و کاردانەوەی چینە کۆمەڵایەتییەکان لەبەرانبەر یەکتردا، دەوڵەت دەوری سەرکوتگەرانەی خۆی لە بنەڕەتەوە لە پەیوەند لەگەڵ پاراستنی ئەو پەیوەندییە بەرهەمهێنانە مەوجوودەدا دەبینێت، کە لە خزمەت چینێکدایە کە لەباری ئابوورییەوە زاڵە. بەڵام لە دەورانی گوزاردا،

# مەنسور حیکمەت..

ئیتر توخمێکی دیاریکەر لە لێکدانەوەی دەوڵەتدا نییە، چونکە ناکۆکیی پەیوەندییەکانی ئابووری مەوجوود، خۆیان لە پەیوەندییەکانی نێوان چینەکاندا فاکتۆرێکی تازەیان هێناوەتە گۆڕ کە هەموو شتێکی خستووەتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە، یانی شۆڕش و کێشەی نێوان شۆڕش و دژە شۆڕش. لێرەدا دەوڵەت ئامرازی یەکلاکردنەوەی ئەم مەسەلەیەیە. دەوڵەت لە دەورەی تێپەڕین-گوزاردا تا ئەو جێگایە وەک دەوڵەت کار دەکا، کە وەک ئامرازێک بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم مەسەلەیە، یانی شۆڕش بە کەڵک بێت. لێرەدا ئیتر دەوڵەت ڕاستەوخۆ ئامرازێکی سیاسی بۆ پاراستنی دەسەڵاتی ئابووری نییە، بەڵکوو ئامرازێکی سیاسییە بۆ پاراستن، یان سەقامگیرکردنی دەسەڵاتی سیاسی . ئەگەر لە بواری مێژووییدا دەوڵەت لەگەڵ پەیدابوونی زێدەبەرهەم و چەوساندنەوەدا شکڵی گرت، ئەگەر لە کۆمەڵی ئاساییدا، لە کۆمەڵێکدا کە لە "حاڵی بەرهەمهێنان"دایە، دەوڵەت زامنی دەسەڵاتی ئابوورییە، لە دەورەی گوزاردا، دەوڵەت ئیتر ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە خودی خەباتی چینایەتییەوە هەیە، خەباتێک کە تا ڕادەی شۆڕشێک پەرەی ئەستاندووە. لێنین بۆ ڕوونکردنەوەی پێویستیی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا بە باشی ئەم خاڵە شی دەکاتەوە:

> **"تیۆری خەباتی چینایەتی، کاتێک لە لایەن مارکسەوە سەبارەت بە دەوڵەت و شۆڕشی سۆسیالیستی بەدەستەوە دەگیرێ، بەبێ ئەملا و ئەولا دەسەڵاتی سیاسیی پرۆلیتاریا، یانی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا دەسەلمێنێت ... بۆرژوازی تەنیا ئەو کاتە دەرووخێندرێت کە پرۆلیتاریا ببێتە ئەو چینە دەسەڵاتدارە کە بتوانێت بەرهەڵستی چارهەڵنەگر و تا دواهەناسەی بۆرژوازی تێک بشکێنێ و هەموو کۆمەڵانی زەحمەتکێش و چەوساوە بۆ سیستەمێکی ئابووریی نوێ ڕێک بخات". (هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٤٠٩)**

ئۆپۆرتیۆنیستەکان و ئانارشیستەکان هەردووکیان لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە شۆڕشی پرۆلیتێری لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی دیکتاتۆری ناکۆکی و دژایەتییان هەیە. بۆ یەکێکیان شۆڕشی پرۆلیتێری دەبوایە موژدەدەری "دیموکراسی و کۆتاییهێنان بە هەر چەشنە دیکتاتۆرییەک بێت، بۆ ئەوەی تریان شۆڕشی پرۆلیتێری لەگەڵ توانەوەی دەوڵەتدا هاوتا بوو. هیچ کام لەم دوو ڕەوتانە نەیان دەتوانی لە تایبەتمەندییەکانی دەورەی شۆڕشگێڕانە، دەورەی گوزار و خەسڵەتی دەوڵەت لەم دەورەیەدا تێبگەن. لێنین بە ڕوونی نیشانی دەدا کە دەوڵەتی دەورەی تێپەڕین-ڕاگوزاری شۆڕشگێڕانە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە خودی شۆڕشەوە هەیە، یانی پەیوەندی بە ڕووداوێکەوە هەیە کە مرۆڤەکان لە شوێنی

# دەوڵەت لە دەورە شۆڕشگێڕانەکاندا

ڕۆتین و هەمیشەیی ئابوورییان و لەو پەیوەندە هەمیشەیی و بەردەوامەی کە لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا لەگەڵ یەکتر هەیانە، بە شێوەیەکی "کاتی" جیا دەکاتەوە و دەیانخاتە بەرەنگارییەکی ڕوون و توندوتیژەوە. لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا، دەوڵەت، یان ئامرازی بەرەو پێشبردنە، یان ئامرازی وەستاندنی شۆڕشە. دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا پێویستە، بەڵام نەک لەبەر ئەوەی پەیوەندییەکی تازەی بەرهەمهێنانی پێکهاتووە و ئەم پەیوەندییە تازەیە پێویستی بە سەرخانێکی سیاسی و گونجاو لەگەڵ خۆیدا هەیە، وە بەم بۆنەیەوە پێویستی بە دەوڵەتێکی گونجاو لەگەڵ خۆیدا هەیە، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە کە بۆرژوازی هەتا دوا هەناسە بەرهەڵستی دەکات. دەوڵەت ئێستا ئیتر وەک حیزب، وەک سوپای شۆڕشگێڕ و میلیی جەماوەری، ئامرازێکە بۆ بەرەو پێشبردنی خەباتی شۆڕشگێڕانە و گۆڕینی سەنگ و سووکی هێزە سیاسییەکان. ئیتر تایبەتمەندیی "دەوڵەتی ئاسایی" بۆ وەسفکردنی دەوڵەتی دەورەی گوزار لەبار نییە. ئەو حوکمە چ بۆ دەوڵەتی چینە شۆڕشگێڕەکان و چ بۆ دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی بۆرژوازی ڕاستە.

بەشە جۆراوجۆرەکانی چەپی ئێران، بەدرێژایی شۆڕشی ساڵی ٥٧ * و تەنانەت ئەمڕۆش لە لێکدانەوەکانیاندا سەبارەت بە دەوڵەتی بۆرژوایی دەسەڵاتدار نیشانیان داوە کە ناتوانن لەم حاڵە تێبگەن. ئەوان پێیان وابوو، بۆئەوەی هەڵوێستێکی "مارکسیستی" بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامی وەرگرن، دەبێ "پایەگای ئابووریی تایبەت"ی بەم ڕژێمە، شی بکرێتەوە و بینیمان کە چلۆن ئەم "مارکسیزم"ە ناتەواوە ئاکادیمیکە بۆ ناسینی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی هەر جارە پەنجە بۆ یەکێک لە توێژە کۆمەڵایەتییەکان بۆ نموونە "بۆرژوازیی سەوداگەر"، "وردەبۆرژوازی باو"، "پاشماوەی دەرەبەگایەتی" و شتی لەم چەشنە ڕادەکێشێ و سەنگ و سووکیان دەکات. دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی وەک دەوڵەتی بۆرژوازی لە دەورەی شۆڕشگێڕانە"دا، یانی وەک دەوڵەتێکی بۆرژوایی کە لە دژی شۆڕش خۆی ڕێک خستووە، هاتبووە مەیدانەوە، هەتا کاری شۆڕش یەکلا بکاتەوە و چەپی ئێران چاوی لەم ناوەڕۆکە بەئاشکرا بۆرژواییەی دەوڵەت دەپۆشێ و بۆ ڕوونکردنەوە و ناسینی کاراکتەر و جەوهەری چینایەتی و کارکردی سیاسیی دەوڵەت، ئابوورییە "لاوەکی"یەکانی کۆمەڵگەی دەپشکنی. ئێمە وتمان ئەو دەوڵەتە دەوڵەتێکی بۆرژوا-ئیمپریالیستییە، چونکە لە شۆڕشی ٧٩دا ئامرازێکی چارەنووسساز بوو بەدەست گشت بۆرژوازییەوە. چەپی ئێران ئەم "چەپڕەوی"یەی ئێمەی لەدڵ گران هات. وە سەرەڕای ئەوە، چەند ساڵ دواتر کاتێک بەرینایی کوشتار و سەرکوت بە ڕادەیەک گەیشت کە بە هەر حاڵ کەسانی تریش حازر بن

---

*) مەبەست شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ی ئێرانە کە ڕژێمی شای تێدا ڕووخا.

## مەنسور حیکمەت..

بە کۆماری ئیسلامی بڵێن بۆرژوایی. دیسانەوە ڕەخنەیان لە ئێمە گرت کە بۆچی خەسڵەتی بۆرژوایی کۆماری ئیسلامیمان تەنیا لە ڕووی "سیاسەت"ەوە دەرکێشاوە و بە وێنەی ڕێکخراوی سیاسیی "سەرمایەی مۆنۆپۆڵی" ڕیسوامان نەکردووە! لە هەردوو حاڵەتەکەدا، تێڕوانینی دەوڵەت لە ڕووی "ئابووری"یەوە، بنەمای بیروبۆچوونی چەپی ئێرانە. لە حاڵێکدا دەوڵەت لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا بەدەست بۆرژوازییەوە ئامرازی ڕێکخەر و ڕابەری دژە شۆڕشە و بەدەست پرۆلیتاریاوە ئامرازێکی پێویستە بۆ ڕێکخستن و بەرەو پێشبردنی شۆڕش" . ئابووری" دەبێ چاوەڕوانی یەکلابوونەوەی شۆڕش بێت. ئەو کەسەی کە پەی بە "جەوهەری تیۆری مارکسیستیی دەوڵەت" بردبێت، دەبێ لە پەیوەندی ڕاستەوخۆی نێوان دەوڵەت و خەباتی ئاشکرای چینایەتی تێبگات. لەو دەورانەدا خۆنووسان بە "ئابووری"یەوە، ئیتر بە ئاشکرا مرۆڤ لە مارکسیزم دوور دەخاتەوە.

نموونەیەکی تری تێگەیشتنی میکانیکییانە و ئابووریخوازانە، شێوەی هەڵوێستی "یەکێتیی کۆمۆنیستی"یە بەرانبەر بە دەوڵەتی دیموکراتیکی شۆڕشگێڕ (چ لە ڕوانگەی ئێمەوە و چ لە هەڵوێستەکانی لینین لە ساڵی ١٩٠٥دا)، لە لای ئەوان لەبەر ئەوەی "دەوڵەت ئامرازی چینێکە کە لە باری ئابوورییەوە دەسەڵاتی هەیە"، کەوایە دەوڵەتی دیموکراتیکی شۆڕشگێڕ ئۆتۆپیایە، چونکە ئەگەر ئابووریی سەرمایەداری بێت، ئەو دەوڵەتە بە ناچار دەبێتە ئامرازی ئەو چینەی کە لە باری ئابوورییەوە "زاڵ"ە، وە ئەگەر ئابووریی سەرمایەداری نەبێت، پێویستە شۆڕشێکی سۆسیالیستی بکرێ و بەم جۆرە دەوڵەتی دیموکراتیک پێویستیی بوونی خۆی لەدەست دەدات. لە ڕووی ئەو هەڵوێستەوەیە کە شۆڕشی دیموکراتیک و دەوڵەتی شۆڕشگێڕ دەدەنە بەر پەلامار و وایان پێباشە هەتا ئەو کاتەی ئابووریی سەرمایەداری بێ لە ئۆپۆزیسیۆندا بمێننەوە، وە هێرش دەبەنە سەر لینین کە بۆچی باسی دیکتاتۆریی دیموکراتیکی کرێکاران و جووتیارانی کردووە. دیکتاتۆریی دوو چین ئیمکانی نییە، چونکە بە هەر حاڵ "ئابووری"ی چینێک خەسڵەتی دەوڵەت دیاری دەکات! ئەوە داماوییە لە ئاست تێگەیشتنی چەمکی دەوڵەت لە دەورەکانی شۆڕشگێڕانەدا.

بە هەر حاڵ لە درێژەی باسەکەدا زیاتر لەم حاڵەتە ورد دەبینەوە. بەڵام لەم پێشەکییەدا پێویست بوو ئەم بابەتانە ڕوون بکەینەوە کە...

یەکەم ماتەریالیزمی مێژوویی تەنیا بە مانای زانینی جۆربەجۆربوونی شێوەکانی بەرهەمهێنان، قانوونەکانی کارکردیان و یەک لەدوای یەکهاتنی مێژووییان نییە. بەشێکی گرنگ لە ماتەریالیزمی مێژوویی بە تایبەت ئەو بەشە کە بە لای توخمی شۆڕشگێڕەوە لەباری عەمەلییەوە گرنگتر و چارەنووسسازترە، لێکدانەوەی دەورەکانی تێپەڕین-گوزاری شۆڕشگێڕانەیە کە دەکەوێتە نێوان شێوەکانی بەرهەمهێنانەوە، واتە باسی سەراپای ئەو

# دەوڵەت لە دەورە شۆڕشگێڕانەکاندا

دەورانەی شۆڕشگێڕانەیەیە کە بۆ ئەم ئاڵوگۆڕە بناغەییە پێویستە. دەورانێک کە تێیدا مرۆڤەکان بە دەسەڵاتێکی زۆرتر لە جارانەوە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان دێنە مەیدان. ئەم بەشەی ماتەریالیزمی مێژوویی کە زۆربەی نووسراوە سیاسییەکانی مارکس، ئەنگڵس و لێنین بۆ شیکردنەوەی ئەوانە تەرخانکراون، گەلێک جار لەتوێی ئەو چوارچێوەسازییە ڕیڤیژنیستییانەدا کە بۆ "زانستی کۆمەڵ" ساز دەکرێن، دەشاردرێنەوە. ماتەریالیزمی مێژوویی لەدەست ئەمانەدا، هەتا ئاستی کرونۆلۆژییەکی میتافیزیکی شێوەکانی بەرهەمهێنان دێنە خوارەوە.

دووەم: تا ئەو جێگایەی کە پەیوەندی بە مەسەلەی دەوڵەتەوە هەیە، دەورەکانی گوزاری شۆڕشگێڕانە ئێجگار گرنگن و دەورێکی دیاریکەریان هەیە. لێرەدا دەوڵەت ڕاستەوخۆ دەبێتە ئامرازێک بۆ پاراستن، وە یان بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی وەک ئامانجی ڕاستەوخۆ، بۆ لێکدانەوەی دەوڵەت لەم دەورەیەدا ئیتر نابێ بەشی زۆری سەرنج و ڕوانینمان ڕوو بکاتە مەیدانی ئابووری، بەڵکوو دەبێ لە بنەڕەتەوە بڕوانینە مەیدانی خەباتی شۆڕش و دژی شۆڕش. دەوڵەت هۆی پێویستبوون و فەلسەفەی وجوود و بوونی خۆی لەم مەیدانە دەدۆزێتەوە و کاراکتەرە چینایەتییەکەی بەو پێوانەیە هەڵدەسەنگێندرێت.

سێیەم: دەوڵەتی دەورەی گوزار و "دەوڵەتی ئاسایی" هەردووکیان لە پێناسەیەکی گشتیدا هاوبەشن. دەوڵەت هێزێکی زەبروزەنگی تایبەتە بۆ سەرکوتی چینایەتی. دەوڵەتی "ئاسایی"، یانی دەوڵەت لە کۆمەڵگایەکدا کە خەریکی کارکردی "ئاسایی خۆیەتی و تووشی قەیران نەهاتووە، ئامرازی ئەو چینەیە کە لە باری ئابوورییەوە دەسەڵاتدارە و هەر بەم بۆنەیەوە گەلێک تایبەتمەندیی دیاریکراو دەگرێتە خۆی. دەوڵەت لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا وەڵامدەرەوەی مەسەلەی شۆڕشە بەدەست بۆرژوازییەوە وەک ئامرازی ڕێکخستنی هێزی توندوتیژی دژبە شۆڕش، وە بەدەست پرۆلیتاریا و توێژە شۆڕشگێڕەکانەوە وەک ئامرازی ڕێکخستنی هێزی توندوتیژیی شۆڕشە. بە هەرحاڵ لەم دەورەیەدا ئەو دەوڵەتە تایبەتمەندییەکی نوێ پەیدا دەکات و لە هەمان کاتدا بەشێک لە لایەنە ئاساییەکانی خۆی، یانی ئەو کارکرد و شێوەکانی بوونی خۆی کە لە دەورەی ناقەیرانیدا بوویەتی، لە دەست دەدات.

چوارەم: تیۆری مارکسیستیی دەوڵەت، تەنیا هەلومەرجی ئاسایی لەبەرچاو ناگرێت، بەڵکوو دەرکێکی ڕۆشن لە دەوڵەت لە دەورەی گوزاردا، دەوڵەت لە دەورەی شۆڕشگێڕانە بە مانای بەرینی وشەکە، بەدەستەوە دەدات. هەروەها تیۆری مارکسیستی دەوڵەت، توانای ئەوەی هەیە پرۆسەی گۆڕانی دەوڵەتی ئاسایی بۆ دەوڵەتی دەورەی شۆڕشگێڕ و بە پێچەوانەوە لێک بداتەوە و تایبەتییەکانی ئەو پرۆسەیە دەرک بکات. ئەم لایەنەی تیۆری

## مەنسور حیکمەت..

مارکسیستیی دەوڵەت زۆرتر لەنێو نووسراوە سیاسییەکانی ڕابەرانی مارکسیستدا، یانی لەو نووسراوانەدا کە زۆرتر لە جەرگەی هەلومەرجی شۆڕشگێڕانەدا نووسراون دەدۆزرێنەوە.

# ٢) دەوڵەت لە دەورە شۆڕشگێڕانەکاندا:

## دەورە شۆڕشگێڕانەکان بە مانای تایبەتی وشەکە و مەسەلەی دەوڵەت

بەڵام لێرەدا کە باسی "دەورە شۆڕشگێڕانەکان" دەکەین. چەمکێکی بەرتەسکتر لە چاو تەواوی قۆناغی گوێزانەوە- گوزاری نێوان دوو شێوەی بەرهەمهێنانمان لەبەرچاوە. مەبەست دەورەی شۆڕشگێڕانەیە بە مانای تایبەتی وشەکە. دەورەیەک کە خەباتی بەکردەوە وەک هەڵچوونێکی شۆڕشگێڕانە بۆ بەدەستەوەرگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لە ئارادایە، دەورەیەک کە "خوارەوە (جەماوەر) نایەوێ و سەرەوە (دەوڵەت) ناتوانێ"، دەورەیەک کە جەماوەرێکی بەرین ڕوو دەکەنە کار و هەڵسووڕانی شۆڕشگێڕانە. قۆناغی تێپەڕین وەیا گویزانەوە لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی، هەمووی هەر ئەم حاڵەتەی نییە. لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا بە مانای تایبەتی وشەکە چارەنووسی دەسەڵاتی سیاسی هێشتا بە لایەکدا نەکەوتووە، یان حوکوومەتی پێشوو لەژێر زەبری شۆڕشدا خەریکی فەوتان و لەبەریەکچوونە، وە یا دەوڵەتی تازە مەترسی ئەوەی لەسەرە کە هێزە ڕووخاوەکان بگەڕێنەوە سەر دەسەڵات. {بەڵام} لە تەواوی پرۆسەی تێپەڕینو گواستنەوە (گوزار)دا، هەم دەورەی شۆڕشگێڕانە هەن و هەم دەورەی سەقامگیربوون و هێمنایەتی. لە شۆڕشی ڕووسیادا بێگومان دەتوانین بڵێین ساڵەکانی ٢٢– ١٩١٧ دەورانێکی شۆڕشگێڕانەیە بە مانای تایبەتی وشەکە، لە حاڵێکدا ساڵەکانی ٢٨– ١٩٢٣ دەورەی هێمنایەتییەکی ڕێژەییە کە دەوڵەتی تازە کەم تا زۆر لە خەم ڕەخسیوە، بەبێ ئەوەی دەوڵەتێکی ئاسایی و سەقامگیربووبێت، کە پشتی بە بەرژەوەندییەکی ئابووری دیاریکراو بەستبێ و خاوەنی شێوە و ڕەوشتێکی دیاریکراوی حوکوومەتکردن بێ، دامەزرابێت. بە وتەیەکی تر من دەورەی شۆڕشگێڕانە بە مانای تایبەتی وشەکە لە تەواوی ئەو سەردەمە جیا دەکەمەوە کە تێیدا کۆمەڵگە لە قەیرانی شۆڕشگێڕانە دەرباز دەبێ و شێوەیەکی ئاسایی بەخۆیەوە دەگرێ

# دەوڵەت لە دەورە شۆڕشگێڕانەکاندا

و بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی (جا لە چوارچێوەی هەر جۆرە پەیوەندییەکی بەرهەمهێنانی سەقامگیربوودا بێت) دەبێتە کەژاوەی سەرەکی پەیوەندی چینەکانی کۆمەڵگە بەرانبەر بە یەکتر، وە ئەو پەیوەندییانە لەخۆیدا هەڵدەگرێ. دەورەی شۆڕشگێڕانە بەو مانا بەرتەسکە، تەنیا دەتوانێ بەشێک لە تەواوی ئەو پرۆسەیە بێت. لە دەورە شۆڕشگێڕانەکاندا بە مانای بەرتەسکتری وشەکە، تایبەتییەکانی دەوڵەت کامانەن و دەوڵەت لە چ شتێک پەیڕەوی دەکات؟

١) هەر وەک باسمان کرد، دەوڵەتی ئاسایی بۆرژوایی (لەم باسەدا بەگشتی دەورە شۆڕشگێڕانەکان لە جیهانی سەرمایەداریی ئەمڕۆماندا مەبەستە) دەوڵەتێکە کە شکڵ و سیمای هێزێکی سەروو چینایەتی و بانتر لە کۆمەڵگە بەخۆیەوە دەگرێت، کە نوێنەرایەتی بەرژەوەندیی گشتی دەکا و بە نێوی کۆمەڵگەوە بەگشتی قسە دەکات. قانوونییەت و قانوونەکان لە کۆمەڵگای بۆرژواییدا دەبێ لە خزمەت ئەم مەسەلەیەدا بن، وا نیشان دەدرێ کە قانوون و پەیڕەویکردن لە قانوون، ڕیشەی لە "زاتی مرۆڤ"دایە و لە "ئوسووڵ"ێکی موجەردی بانتر لە بەرژەوەندی توێژ و چینەکانەوە سەرچاوەی گرتووە. دەوڵەتی ئاسایی، دەوڵەتی قانوونی، بە هەر حاڵ دەوڵەتێکی چینایەتییە، بەڵام لە هەلومەرجی ناقەیرانیدا، لە دەورەکانی نەبوونی دۆخی شۆڕشگێڕانەدا، ئەم خەسڵەتەی دەوڵەت دەشاردرێتەوە. ئەوە مارکسیستەکانن کە لە هەموو حاڵێکدا ئەم خەسڵەتەی دەوڵەتەکان دەناسن و پەردەی لەسەر لا دەدەن، بەڵام بە لای دانیشتووانی کۆمەڵگاوە بەگشتی خەسڵەتی سەروو چینایەتیی دەوڵەت لە دەورە ناشۆڕشگێڕانەکاندا وەک مەسەلەیەکی سەلمێندراو چاوی لێ دەکرێ. "دەوڵەتی خراپ" ئەو دەوڵەتەیە کە بە "میللەتی خۆی" ڕاناگات. میللەت لە "دەوڵەت" هەندێک چاوەڕوانیی تایبەتی حوقووقی و فەرهەنگی و ئابووری هەیە، وە دەوڵەتێک کە وەڵامی ئەم چاوەڕوانییانەی نەدایەوە، بە ڕواڵەت تەنیا دەوری خۆی وەک "دەوڵەت" نەگێڕاوە، بەڵام خودی چەمکی دەوڵەت ناچێتە ژێر پرسیارەوە. بۆ ئێمەمانان ئەوە ڕوون بوو کە دەوڵەتی شا دەوڵەتی چینێکی تایبەتە. هەر وەک دەوڵەتی ئەمەریکا و ئینگلستان و هیندستان دەوڵەتی چینێکی تایبەتن. بەڵام بۆ کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی وڵات، تەنانەت هەمان دەوڵەتی شایش پێش هەڵچوونی شۆڕشگێڕانەی ساڵەکانی ٧٨-٧٩، بە پێوانەی چاوەڕوانی "میللەت" لە "دەوڵەت"ێک هەڵدەسەنگێنرا و داوەری لەسەر دەکرا، نەک بە پێوانەی بەرژەوەندیی دیاریکراوی چینایەتی. بەڵام لە دەورەی شۆڕشدا ئەو خۆشباوەڕییە بەخێرایی لەناو دەچێ. لەڕاستیدا ئەوە واقیعییەتی بابەتییە کە ئەو خۆشباوەڕییە لە زەینی کۆمەڵانی ملیۆنی خەڵک دەسڕێتەوە، نەک هەر بەتەنیا تەرویجی کۆمۆنیستی. لە ناوەڕاستی ساڵی ٧٨ەوە هەتا ڕاپەڕینی ڕێبەندانی ساڵی ٧٩ خەسڵەتی چینایەتی دەوڵەتی پاشایەتی بۆ

## مەنسور حیکمەت..

جەماوەریێکی بەرین دەرکەوت. ئیتر تەنانەت دواکەوتووترین توێژەکانی کۆمەڵگە زۆرتر کاتێک باسی دەوڵەتیان دەکرد، پەنجەیان بۆ "ئیمپریالیزمی ئەمەریکی" و توێژی "سەرمایەدار" ڕادەکێشا. ئەوە کە دەوڵەت هێزی توندوتیژی تایبەتی چینە دەسەڵاتدارەکانە، ئیتر نە جێگای پرسیارە و نە پێویستی بە سەلماندن هەیە، قسەوباس لەدەوری ڕووخاندنی" دەوڵەتی چینە دەسەڵاتدارەکان" کۆ دەبێتەوە.

لەڕاستیدا ئەوە خودی دەوڵەتە کە لەبەرانبەر شۆڕشدا پەردەی قانوونییەتی خۆی دەدڕێ و هەنگاوی بانتر لە قانوون هەڵدەگرێ و بەم جۆرە بەناچار، ئەو وێنەیە کە دەوڵەت وەک دیاردەیەکی سەرووچینایەتی، وەک نوێنەری بەرژەوەندە ناکۆکەکانی ناو کۆمەڵ نیشان دەدا، لە زەینی هەمووماندا دەسڕێتەوە. بێبایەخبوونی قانوونییەت لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا، چ پێش ڕووخان و چ پاش ڕووخانی دەسەڵاتدارێتی مەوجوود، خۆی نموونە و دیمەنێکە لە ئاشکرابوونی جەوهەری چینایەتیی تایبەتی دەوڵەت و ئەو بەرژەوەندە تایبەتەی کە لە پشت ئەم هێزە سەرکوتگەرەوە شاردراوەتەوە ئەو دەوڵەتە دەکاتە هێزێکی زەبروزەنگی تایبەت، کە تایبەتی هەندێک بەشی دیاریکراوی کۆمەڵگەیە. لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا، هێزی سەرکوتگەر بەناچار لایەنگریی چینایەتی تایبەتی خۆی ئاشکرا دەکات، بۆ تێکشکاندنی شۆڕش بێجگە لەمە هیچ ڕێگایەکی تر بۆ چینە دەسەڵاتدارەکان نامێنێتەوە. ئەو دەوڵەتەش کە بەرهەمی شۆڕشە (چ ڕەسەن بێ و چ ناڕەسەن) بۆ ماوەی خۆی بەدرێژایی دەورەی شۆڕش ناچار دەست بداتە کار و کردەوەی بانتر لە قانوون و بە ناوی هەندێک بەش و چینی دیاریکراوی ناو کۆمەڵگە (ئەگەرچی بە ناوی زۆربەشەوە بێت) قسە بکات. بۆ دەوڵەتی تازە، شۆڕش سەرچاوەی دەسەڵاتە نەک قانوون، هەر وەک چلۆن بۆ دەوڵەتی پێشوو لە کاتی ڕاپەڕینی جەماوەریدا ئیتر (پاراستنی) هێمنایەتی سەرچاوەی دەسەڵات نواندن بوو نەک قانوون. لەڕاستیدا تێپەڕین لە قۆناغێکەوە کە تێیدا شۆڕش سەرەکییە، بۆ قۆناغێک کە تێیدا قانوون سەرەکییە، خۆی یەکێکە لە نیشانەکانی تێپەڕبوون لە "دەوڵەتی دەورەی شۆڕشگێڕانە"وە بەرەو "دەوڵەتی ئاسایی."

وێڕای ئاشکرابوونی ئەوە کە دەوڵەت بەتایبەت لایەنی کام چین دەگرێ و هەروەها وێڕای ئەوەی کارکردە ناقانوونییەکانی دەوڵەت پەرە دەستێنێ، دەزگا و پەیوەندییە ئاسایی و "قانوونی"یەکانی بەڕێوەبەری دەسەڵاتی دەوڵەتیش گرنگی خۆیان لەدەست دەدەن و ئەو دەزگا و پەیوەندییانەی کە بانتر لە قانوونن و نائاساییین جێگایان دەگرنەوە. دەوڵەتی بۆرژوایی لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا زیاتر لە جاران کۆڵەکە بنچینەییەکانی خۆی یانی "کۆمەڵێک لە هێزی چەکداری سەرکوتگەر، زیندانەکان و دادگاکان" دەهێنێتە خوارەوە. لق و پۆپی زیاد و ڕازاوە لە خۆی هەڵدەپاچێ و کابینە و ئەنجومەن و دادگا و شتی لەم چەشنە

# دەوڵەت لە دەورە شۆڕشگێڕانەکاندا

جێگای خۆیان بە بنکە و کۆمیتە و سەرکردایەتی بەدەستوبرد دەدەن، کە ئەمانە بەبێ هەر چەشنە لق و پۆپێکی زیادی، ئەرک و فەرمانە بنەڕەتییەکانی دەوڵەتی بۆرژوایی بەباشی بەڕێوە دەبەن. ئیتر ئۆرگانە "ئاسایی"یەکان کەڵکیان نامێنێ و هیچیان لەدەست نایە، چونکە بەپێی ئەو پێناسەیە کە کردمان کۆمەڵگایەک کە لە حاڵی شۆڕشدایە لەدژی ئەم دەزگایانە ڕاپەڕیوە و ئیدی تەسلیمیان نابێت. لەلایەکی ترەوە دەوڵەتی بەرهەمی شۆڕشیش (دەوڵەتێک کە بە هەر حاڵ "بەناوی شۆڕش"ەوە پێک هاتووە) بۆ مانەوەی خۆی ناتوانێ خێرا پشت بەو دەزگا و ئۆرگانانە ببەستێ کە لە دەورەی ئاسایی و ناقەیرانیدا پێک هێنراون، بەڵکوو پشت بەو شتە دەبەستێ کە لە پرۆسەی شۆڕشدا شکڵی گرتووە و گیرساوە. پرۆسەی ژیاندنەوە و سەرلەنوێ سازکردنەوە و کاملکردنی ئۆرگانە ئاساییەکانی حوکوومەتی، خۆی یەکێکە لە نیشانە گرنگەکانی تێپەڕینی "دەوڵەتی دەورەی شۆڕشگێڕانە"یە بۆ "دەوڵەتی ئاسایی."

هەموو ئەو شتانەی کە باسمان کرد، بەو مانایەیە کە چ بۆرژوازی و چ جەماوەری ڕاپەڕیو لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا دەوڵەت وەک ئۆرگانێکی بانتر لە کۆمەڵگە نابینن، بەڵکوو وەک ئامرازێک چاوی لێ دەکەن کە لە دەورانێکی دیاریکراودا لە خزمەت زاڵبوونی سیاسی و سەربازیدایە، "دەوڵەت لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا "جگە لەمە ناتوانێ هیچی تر بێ و چۆن هەیە هەر واش بەرچاو دەکەوێت. دەوڵەت زیاتر لە جاران دەبێتە یەکێک لە شکڵەکانی ڕێکخستنی کردەوەی سیاسیی ڕێکخراوی چینە دیاریکراوەکان و ئیتر ئەرکی "بەڕێوەبردنی کاروبار" وەک ئیشێکی لاوەکی چاوی لێدەکرێت. کاتێک چووینە سەر لێکۆڵینەوەی شێوەی هەڵوێستی لێنین بەرانبەر بە دەوڵەتی شۆڕشگێڕ لە ساڵەکانی ١٩٠٥ و ١٩١٧دا، کە بەزۆری ئابووریخوازانی ئاکادیمیک تووشی سەرسووڕمان دەکا و هەروەها لە کاتی لێکۆڵینەوەی جێگا و شوێنی کۆماری شۆڕشگێڕ لە بەرنامەی ئێمەدا، سەبارەت بە گرنگبوونی ئەم خاڵە قسە و باس دەکەین.

٢) بەڵام لە دەورەی شۆڕشدا، دەوڵەت تەنیا ئامرازێک نییە بۆ گۆڕینی کۆمەڵگە، یان ڕاوەستان و بەرگری لەبەرانبەر گۆڕانی کۆمەڵگەدا، بەڵکوو خۆی ئەو شتەیە کە لە کۆمەڵگەدا هەوڵ دەدرێ بۆ گۆڕینی، بە وتەیەکی تر دەوڵەت تەنیا ئامرازێک بۆ هەڵسووڕانی ڕێکخراوی سیاسی چینە دیاریکراوەکان نییە، بەڵکوو خۆی دیاردەیەکە کە ڕاستەوخۆ بابەتی هەڵسووڕانی سیاسییە. لە مانگرتنێکدا بو زیادکردنی کرێ، دەوڵەتی بۆرژوایی وەک سەرکوتگەرێک دێتە مەیدان. سەرکەوتنی ئەو مانگرتنە، هەر چەندەش توندوتیژبوونی بە مانای گەیشتن بە ویستی زیادکردنی کرێیە. لێرەدا هێرش نەکراوەتە سەر بناغە و بنەڕەتی دەوڵەت وە ڕەنگە داوای ئەوە نەکرابێ کە گۆڕانێکی جیددی لە

## مەنسور حیکمەت..

دەوڵەتدا لە تانوپۆی و لە ڕەوشت و شێوەکانیدا پێک بێت. لە شۆڕشێکدا، دەوڵەتی مەوجوود خۆی دیاردەیەکە کە ناڕەزایەتی لە دژی هەڵدەگیرسێ و ئیعتیرازی پێ دەکرێت، وە جۆرە دەوڵەتێکی ئاڵتەرناتیڤی دیاریکراو داوا دەکرێت. مەبەستی شۆڕش بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسییە و بەم پێیە بەشێکی زۆر لە داخوازییەکانی توێژە شۆڕشگێڕەکان ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ئاڵوگۆڕی شکڵ و کارکردی دەوڵەتەوە هەیە. ئەوە کە چ دەوڵەتێک بێتە سەرکار، چلۆن و لە چی پێک بێ و تایبەتییەکانی کامانە بن، خۆی یەکێکە لە داخوازی و ئامانجەکانی شۆڕش. ئەم ڕاستییە، فاکتۆرێک دێنێتە ناو لێکدانەوەی دەوڵەتی بۆرژوایی کە لە دەورەی کارکردی "ئاسایی" کۆمەڵگەدا کەمتر گرنگە، وە ئەو فاکتۆرە ئەوەیە کە ئەو ڕیفۆرم و ئاڵوگۆڕەی کە بە درێژایی دەورەی شۆڕش لە کارکردی دەوڵەتە بۆرژواییەکاندا پێک دێ، حاسڵ و بەرهەمی گوشاری شۆڕش و وەڵامدانەوەی بۆرژوازییە بەو هەلومەرجە شۆڕشگێڕانەیە، ئەمە پاشەکشەیەکی سیاسییە لەلایەن بۆرژوازییەوە بۆ دامرکاندنەوەی خودی شۆڕش. کەوایە ئەو "ڕیفۆرم" و ئاڵوگۆڕەی کە لە شکڵ و شێوەی دەسەڵاتداریێتی بۆرژوازی لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا پێک هاتووە، جیاوازییەکی بنەڕەتی لەگەڵ ئەو ڕیفۆرمەی کە لە دەورەی ناقەیرانیدا پێکدێت هەیە. لە دەورەی ناقەیرانیدا ڕیفۆرمی سیاسی لە کۆمەڵگای بۆرژواییدا ڕەنگە لەگەڵ پێداویستییەکانی کۆمابوونی سەرمایە ناکۆکییان نەبێت، بەڵکوو هەندێک جار مەرجی پێویستە بۆ بەرەو پێشتربردنی پرۆسەی کۆمابوون. ئەگەر چی توێژە بێبەشەکانی کۆمەڵگە هێزی بزوێنەری ڕیفۆرمە سیاسییەکانن، بەڵام زۆر جار ئەو ڕیفۆرمە سیاسییانە لەگەڵ پێداویستییە ئابووری و کۆمەڵایەتییە نوێکانی بۆرژوازی سازگارن. بەڵام لە دەورە شۆڕشگێڕانەکاندا ڕیفۆرمی سیاسی نیشاندەری پاشەکشەی دەوڵەتی بۆرژواییە، بە پێچەوانەی مەیل و خواستی بۆرژوازی و پێچەوانەی پێداویستییە بابەتییە ئابووری و کۆمەڵایەتییە ئاساییەکانی سەرمایە. گەشە و هەڵدانی پارلەمانتاریزم، بەرینبوونەوەی مەیدانی هەڵسووڕانی یەکێتییە کرێکارییەکان، پەرەگرتنی مافی دەنگدان و ئازادییە بۆرژوا-دیموکراتیکەکان کە لە پرۆسەیەکی مێژووییدا لە ئەورووپا بەڕێوە چوو (وە ئەمڕۆ خەریکە دەستێندرێتەوە و لەناو دەچێت)، زۆر جیاوازی لەگەڵ ئەو "دۆخە ئاوەڵا سیاسییە"ی کە دەوڵەتە ملهوڕە بۆرژواییەکان لە وڵاتانی ژێردەستە لە هەلومەرجی قەیرانی شۆڕشگێڕانەدا جاری وا هەیە ملی بۆ ڕادەکێشن هەیە. بۆ دۆزینەوە و ناسینی زەمینەی ئەمەی دووەم ئیتر نابێ لە "ئابووری"، لە پێداویستییەکانی پرۆسەی کۆمابوون، لە ململانێی باڵە جۆراوجۆرەکانی بۆرژوازی و بەرژەوەندە جیاوازەکانیاندا بگەڕێی و بەشوێن ئەوەوە بیت کە بزانی لەگەڵ پێداویستییە ئابوورییەکانی کامە بەشی بۆرژوازی دێتەوە. لێرەدا یانی لە دەورە شۆڕشگێڕانەکاندا، بۆرژوازی بەرانبەر

# دەوڵەت لە دەورە شۆڕشگێڕانەکاندا

بە داخوازە شۆڕشگێڕانەکانی جەماوەری ڕاپەڕیو کە خوازیاری پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ لە دەوڵەتدان، بە مەبەستی خاوکردنەوەی شەپۆلی شۆڕش، بە شێوەیەکی کاتی پاشەکشە دەکات. ئەوە شتێکە کە شۆڕش بەسەر بۆرژوازیدا دەیسەپێنێ، نەک ئەوە کە دەوڵەتی بۆرژوایی ویستبێتی بەپێی پێداویستییە نوێکانی ژێرخانی ئابووریی چینایەتی کۆمەڵگای بۆرژوایی ئەو ڕیفۆرمە بکا. ئەگەر لە ئاکامی ئەم پاشەکشەیەدا لیبراڵەکان، ڕیفۆرمیستەکان، پارلەمانتاریستەکان و هی تری وەک ئەمانە بۆ دەورەیەک دێنە مەیدانەوە و دەبنە نوێنەری حوکوومەتیی سەرمایە، ئەوە ئیتر بە مانای ئەوە نییە کە گوایە شکڵە حوکوومەتییە لیبراڵ پارلەمانتاریستییەکان لە سیستەمی کۆمەڵایەتیی بۆرژوازیدا باشتر و بەکەڵکترن و "خودی" ئەم شکڵە حوکوومەتییە "لە خۆیدا" دڵخوازی بۆرژوازییە، بەڵکوو ئەمە بە مانای ئەوەیە کە بۆرژوازی پاشەکشەی کردووە و گەڕاوەتەوە بەرەو قۆناغێکی نادڵخواز و نالەبار، کە بریتییە لە لیبراڵیزم و پارلەمانتاریزم. تەمەنی ئەم ڕیفۆرمە بە تین و تەوژمی شۆڕشەوە پەیوەستە، نەک گوشاری بەرژەوەندە ئابوورییەکانی توێژێکی تایبەت لە بۆرژوازی، وە یان پێداویستییەکانی قۆناغێکی تازە لە گەشە و هەڵدانی کۆمەڵگای بۆرژوایی. بەڵام ئەم خاڵە دەکرێ ئاکامێکی گرنگتری لێ وەربگیرێت کە پەیوەندی بە دەوڵەتی شۆڕشگێڕ خۆیەوە هەیە. وتمان کە شۆڕش خۆی داخوازی جۆرە دەوڵەتێکی تایبەتی تێدایە. بەڵام هەڵەیە ئەگەر پێمان وا بێت، لە ئەنجامی سەرکەوتنی هەموو ڕاپەڕینێکدا دەسبەجێ ئەم جۆرە دەوڵەتە تایبەتە دادەمەزرێت. داخوازییە شۆڕشگێڕانەکان سەبارەت بە دەوڵەت، شێوەی ئاسایی تایبەت لە دەسەڵاتدارەتی دەخەنەبەر چاو: جۆرە دیموکراسییەکی دیاریکراو، جۆرە زنجیرە پلەیەکی دیاریکراوی ئۆتۆریتە و دەسەڵات، جۆرە دەخاڵەتێکی دیاریکراوی یەکەیەکەی خەڵک لە پرۆسەی بڕیاردانی سیاسی و ئابووریدا، جۆرێکی دیاریکراو لە قانوون و هەروەها ماف و ئەرکە فەردی و گشتییەکان. بەڵام دەوڵەتی شۆڕشگێڕ، لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا، ئامرازی وەدیهێنانی ئەو "دەوڵەتە داواکراوە"یە، نەک خودی دەوڵەتەکە. دەوڵەتی شۆڕشگێڕ لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا مەگەر بەدەگمەن هەڵکەوێ، ئەگینا ناتوانێت دەسبەجێ ببێتە دەوڵەتێکی ئاوا. لە ئەنجامی هەموو ڕاپەڕینێکی سەرکەوتووانەدا دەوڵەتێکی کاتی شۆڕشگێڕ دادەمەزرێ کەوەک ئامرازێک بەرهەڵستی دژی شۆڕش سەرکوت دەکات. (پێکهاتنی) ئەو دەوڵەتە نیشاندەری ئەوەیە کە هەڵسووڕان و کار و کردەوەی شۆڕشگێڕانەی "خوارەوە" گەشەی کردووە و کامڵ بووە و ئیتر ئەمجار هەڵسووڕانی شۆڕشگێڕانە "هاوکات لەسەرەوە و لەخوارەوە" بەڕێوە دەچێ. ئەوە قۆناغێکی تازەیە لە شۆڕش بۆ دامەزراندنی ڕژێمێکی سیاسی دڵخواز، نەک خودی ئەو ڕژێمە سیاسییە. بە وتەیەکی تر، دەوڵەتی شۆڕشگێڕ لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا، یانی ئەو

# مەنسور حیکمەت..

دەوڵەتەی کە بەرهەمی ڕاپەڕینە و ئەرکی بریتییە لە سەرکەوتنی سیاسی و سەربازی یەکجاریی شۆڕش، لەگەڵ "دەوڵەتی ئاسایی"ی بەرهەمی شۆڕش، یانی لەگەڵ ئەو ڕژێمە سیاسییەی کە دڵخوازە، جیاوازی هەیە. ئەم جیاوازییە نەک تەنیا لە شێوە و ڕەوشتەکاندا، وە لەوەدا کە بۆ هەر کامیان چ ئەرکێک گرنگتر و لەپێشترە، بەڵکوو هەروەها لە قەوارە و تانوپۆی دەوڵەتدا، لە ئۆرگان و دامودەزگاکانیدا، لە هێزی پێکهێنەریدا، وە لە پەیوەندی عەمەلیی دەوڵەت لەگەڵ ئەو چینانەدا کە نوێنەرایەتییان دەکات، بەرچاو دەکەوێ. دەرککردنی هۆی ئەم جیاوازییە دژوار نییە. بۆ دامەزراندنی ڕژێمی سیاسیی نوێ، پێویستە ڕژێمی پێشوو سەرکوت بکرێ و مەترسی سەرهەڵدانەوە و گەڕانەوەی لەناو بچێ: بەڵام ئەم سەرکوتە دەبێت بە زەبری ئەو وزە و توانا خەباتکارانەیە بکرێ کە ئامادەیە و لەبەردەستدایە. ئۆرگانەکانی ڕاپەڕین، لەسەرەوە تا خوارێ، شەرت نییە هەر ئەو ئۆرگانانە بن کە لە چوارچێوەی "ڕژێمێکی سیاسی دڵخواز"دا کۆمەڵگە بەڕێوە دەبەن، ڕەنگە ئەمەی دووەم هێشتا شکڵی نەگرتبێ، وە یان لە یەکەم قۆناغەکانی سەرهەڵدانی خۆیدا بێت. ئەو شێوە خۆڕێکخستنەی کە چینی شۆڕشگێڕ بۆ ڕووخاندنی ڕژێم هەڵی دەبژێرێ، هەمیشە وە ڕەنگە بکرێ بڵێین بێگومان هەرگیز ئەو شێوە ڕێکخستنە نییە کە ئەو چینە لە ڕژێمێکی سیاسی دڵخوازدا بە خۆیەوە دەگرێت. ئەو هێزانەی کە لە سبەی ڕۆژی ڕووخاندندا هەڵسووڕاوانە لەبەردەستی چینی ڕاپەڕیودان. ڕێک هەر ئەو هێزانە نین کە لە پرۆسەی سەرکوتکردنی دژی شۆڕشدا و لەگەڵ مسۆگەربوونی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتری سەرکەوتنی سیاسی و سەربازیی شۆڕش دەبزوون و دێنە مەیدان. لە یەک کەلامدا، دەوڵەتی شۆڕشگێڕی کاتی، وەک حاسڵ و ئەنجامی چارەهەڵنەگری پرۆسەی شۆڕش مۆری ڕەوتی پێشووی خەباتی شۆڕشگێڕانە و مۆری هەموو هێز و نەریت و خواستەکانی ئەو خەباتەی پێوەیە. لە حاڵێکدا ڕژێمی سیاسی دڵخوازی شۆڕش، کە لە شکڵی کامڵی خۆیدا تەنیا دەتوانێ بەرهەمی تێپەڕبوونی سەرکەوتووانەی دەورەی شۆڕش بێ، ئیتر تەنیا مۆری پرۆسەی شۆڕش بە شکڵ و پەیوەندییەکانییەوە نییە، بەڵکوو مۆری ئامانج و ئارەزوو و بەرنامە و ژیانی کۆمەڵایەتی چینی شۆڕشگێڕیان پێوەیە.

ئەوەی کە دەوڵەتی شۆڕشگێڕی کاتی چەندە دەتوانێ هەر لە سەرەتاوە بە ڕژێمێکی سیاسی دڵخواز بچێت، پەیوەندی بە زۆر شتەوە هەیە. بەڵام گومان لەوەدا نییە کە ئەگەر دەوڵەتی شۆڕشگێڕ لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا، بە تەواوی وەک "ڕژێمی ئاسایی" نەچێ و لەگەڵی هاودەق نەبێ و جیاوازی بنەڕەتییان لە نێواندا هەبێت، قاعیدەیە نەک ئیستیسنا . ئەوەش ڕوونە کە سەرکەوتنی یەکجاریی شۆڕش لە باری سیاسییەوە تەنیا لە چوارچێوەی ڕووخاندنی دەوڵەتی بۆرژوایی و دامەزراندنی دەوڵەتی شۆڕشگێڕی کاتیدا نامێنێتەوە، وە

# دەوڵەت لە دەورە شۆڕشگێڕانەکاندا

بە مانای ڕێکخراوبوون و شکڵگرتنی ئەو ڕژێمە سیاسییەیە کە ئامانجی شۆڕشە و ڕزگاریی سیاسی دابین دەکات. بەم پێیە یەکێک لە هەنگاوە شۆڕشگێڕانە بنەڕەتییەکانی دەوڵەتی شۆڕشگێڕی کاتی هەر دەبێ ئەوەی کە یارمەتی شکڵگرتنی ئەو پەیوەندی و ئۆرگانانە بدات کە ڕژێمی سیاسیی دڵخواز دەبێ لە کورتترین کاتی مومکیندا لەسەر پشتیان دابمەزرێت. بەو مانایە شۆڕش تەنانەت پاش ڕووخاندنی دەوڵەتی پێشوو و دامەزراندنی دەوڵەتی شۆڕشگێڕی کاتی، هەروا خوازیاری دامەزراندنی جۆرە دەوڵەتێکی دیاریکراوە. دەوڵەتی شۆڕشگێڕ لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا، ئامرازی وەدیهاتنی ئەم ئامانجە سیاسییە بنەڕەتییەیە و لە هەمانکاتدا خۆی بێگومان وەک دەوڵەتێک هەر وا پاشکۆی بزووتنەوەی ڕوو لەپێشی شۆڕش دەبێت و لە ئاکامی ئەم بزووتنەویەدا تووشی گۆڕان دەبێت. دواتر و لەکاتی ئاماژەدان بە ئەزموونی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و ئەو ڕەخنە "دیموکراتیکانە"ی کە لەژێر پەردەی چەپدا لە شۆڕشی بۆلشەڤیکی دەگرن*، باسی ئەوە دەکەین کە لێکجیاکردنەوەی ئەم دوو دەوڵەتە، کە هەر دووکیان بەرهەمی شۆڕشن چەندە گرنگە.

٣) لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا پۆلاریزاسیۆنی (جەمسەرگیری) چینە کۆمەڵایەتییەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی عەمەلیی چینەکان لەدەوری تەوەری ئەو مەسەلانە ڕوو دەدات کە لە قۆناغەکانی دەرکەوتنی ناشۆڕشگێڕانەی کۆمەڵگەدا، یان مەسەلەیەکی لاوەکی بوون، وە یان هێشتا بە جیددی نەهاتبوونە گۆڕ. چینە کۆمەڵایەتییەکان لە دەورەی ئەو مەسەلانە ڕیز دەبەستن کە لە ڕەوت و ویست و داخوازییەکانی جووڵەی شۆڕشەوە سەرچاوە دەگرن. هەر ئەو نیشانە و هۆیانەی کە لە هەلومەرجی ناقەیرانیدا پێوانەی ناسین و لێکجیاکردنەوەی سیما و پەیوەندیی چینایەتی دەوڵەتەکان، حیزبەکان و سیاسەتمەدارانی چینە جۆراوجۆرەکانن، لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا ئیتر ڕەنگە نیشانە و پێوانەیەکی باش نەبن. نیشانە و پێوانەی تر، لە ئاستێکی کۆنکرێتتردا، پێویست دەبن. لە ئێران هەموومان دیتمان کە چلۆن لەگەڵ گەشەکردنی شۆڕشدا، داخوازییە "پیشەیی"یەکان جێگای خۆیان دەدەن بە داخوازییە "سیاسی"یەکان، چلۆن مەسەلەی وەک "پاشایەتی بەڵێ؟ یان نا؟"، "ئازادیی زیندانیانی سیاسی"، "کۆنترۆڵ و چاودێریکردنی کرێکاری" و شتی لەم چەشنە سەرنجی جەماوەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ و بەم بۆنەیەوە دەبێتە جێگای کێشە و ناکۆکیی

---

*) بۆ ئاشنابونی زیاتر بەبۆچون ولێکدانەوەکانی مەنسور حیکمەت لەپەیوەند بەئەزمونی شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە، دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ وتاری ”هێڵە سەرەکییەکانی ڕەخنەی سۆسیالیستی لە ئەزموونی شۆڕشی کرێکاری لە سۆڤێت“. دەقی ئەم وتارە لەڕێگای ئەم لێنکەی خوارەوە، لەماڵپەری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستانەوە بەدەست بهێنن:
https://www.hkkurdistan.org/ku/?p=893

## مەنسور حیکمەت..

بەرژەوەندیی چینە دژ بەیەکەکانی کۆمەڵگە. خەسڵەتی چینایەتیی دەوڵەت لە دەورە شۆڕشگێڕانەکانیشدا بەناچار دەبێت لە پەیوەند لەگەڵ مەسەلە گرنگەکانی خەباتی چینایەتیدا لێک بدرێتەوە، یانی ئەو مەسەلانەی کە بە شێوەی بابەتی دەوری سەرەکییان لە گەشە و بەرەو پێشچوون، وە یان پاشەوپاش گەڕانەوەی شۆڕشدا هەیە. خودی پێکهێنانی پەیوەندی نێوان دەوڵەت و حیزبە سیاسییەکان لەگەڵ "خاوەندارێتیی تایبەتی" و "پاراستنی پەیوەندیی بەرهەمهێنانی مەوجوود" بەس نییە. بۆ ناسینی خەسڵەتی چینایەتیی حیزب و دەوڵەتەکان لە دەورە شۆڕشگێڕانەکاندا، پێش هەموو شتێک دەبێت ئەو مەسەلانەی کە چینەکان لە شۆڕشدا بەدواوەی دەبن و هەروەها وەڵام بە شێوەی کارکردی دەوڵەت و حیزبە سیاسییەکان بەرانبەر بەم مەسەلانە، لەبەرچاو بگیرێت.

لە شۆڕشی ساڵی ١٩١٧ لە ڕووسیا، ئێس ئاڕەکان* و مەنشەفیکەکان** ئیتر هەمان ئێس ئاڕ و مەنشەڤیکەکانی ساڵانی پێش شۆڕش نین، تەنانەت ئەگەر لە باری بەرنامەییەوە لە درووشم و داخوازییەکانیاندا هێشتا هەر پارێزەری ئەو پەیوەندییانەی خاوەندارێتی و پەیوەندییە ئابوورییەن کە پێش شۆڕش خواستی ئەوان بوو. لێنین دەوڵەتی کاتی، یانی دەوڵەتێک کە بە بەشداری ئێس ئاڕەکان و مەنشەڤیکەکان پێکهاتبوو، بە بۆرژوایی و ئیمپریالیستی ناولێ دەبا. هەڵبەت نەک لەبەر ئەوە کە ئەم دەوڵەتە کاتییە بە تەواوی لە هێزە حیزبییەکان و سیاسەتمەدارانی بۆرژوازی گەورە و ملّکدارە گەورەکانی ڕووسیا پێک هاتووە و بە گەرموگوڕی لە پلاتفۆرمی ئابووریی ئەوان داکۆکی دەکا، بەڵکوو لەبەر ئەوە کە ئەم دەوڵەتە بەرانبەر بە سوڵح، بەرانبەر بە دەسەڵاتی شووراکان، هەشت سەعات کار، ویستی زەوی و بەگشتی بەرانبەر بە ئامانج و درووشمەکانی ئەو شۆڕشەی کە لە ئارادایە،

---

*) "ئێس ئاڕەکان" کورتکراوەی "پارتی سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکانی روسیا"یە کە لایەنگری کۆماری سۆسیالیستی- دیموکراتی ڕووسیا بوون. ئەم حیزبە میراتگری ئایدیۆلۆژییەکانی نارۆدنیکەکان بوو، کە پشتگیریان لە ڕووخاندنی تزار و دابەشکردنەوەی زەوی بەسەر جووتیاراندا، دەکرد وبەم هۆیەشەوە نفوزێکی جەماوەرییان لە نێو جووتیارانی ڕووسیادا بەدەستهێنا. ئێس ئاڕەکان، لە دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٠٥ شانبەشانی حیزبی سۆسیال دیموکراتی ڕووسیا، (واتە حیزبەکەی لێنین) هەڵبژاردنی دومای یەکەمیان بایکۆت کرد و دوای کودەتاکەی ساڵی ١٩٠٧، بایکۆتی هەموو دوماکانی دواتریان کرد تا ڕووخانی تزار. لە شۆڕشی شوباتی ئازاری ١٩١٧دا. ئێس ئاڕەکان پاش ئەوەی کە بەرەو هەڵویستی بۆلشەفیکەکان وەرچەرخان، دابەشبوون بەسەر دوباڵداو سەرەنجام لەپاییزی ١٩١٧دا، باڵە شۆڕشگێڕەکەی پارتی "شۆڕشگێڕانی سۆسیالیستی چەپ" یان ڕاگەیاند پاش ئەوەی بەلشەفییەکان لە شۆڕشی ئۆکتۆبەردا دەسەڵاتیان ڕادەستی کۆنگرەی دووەمی سۆڤیەت کرد. ئیس ئاڕە چەپەکان، لەگەڵ بەلشەفییەکاندا ئەنجومەنی کۆمیساریای گەلیان لە تشرینی دووەمی ١٩١٧ تا ئازاری ١٩١٨ وەک حکومەتێکی هاوپەیمان پێکهێنا، لە کاتێکدا ئیس ئاڕە ڕاسترەوەکان بایکۆتی سۆڤیەتیان کرد. بەم جۆرەش بۆلشەفیەکان و ئێس ئاڕە چەپەکان لەزۆر بڕگەی سیاسی و گۆڕانکاریەکانی دۆخی ڕوسیای پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەهاوپەیمانێتی و هاوڕاییدا مانەوە..

**) مەنشەفیکەکان: ڕەوتێکی بۆرژوازی وهەڵپەرستانەبوو لە نێو بزوتنەوەی سۆسیال دیموکراتەکانی ڕووسیادا. لە ساڵی ١٩٠٣ لە کۆنگرەی دووەمی پارتی کرێکارانی سۆسیال دیموکراتی ڕووسیادا، سۆسیالدیموکراتە شۆڕشگێڕەکان بە سەرۆکایەتی ⬅

# دەوڵەت لە دەورە شۆڕشگێڕانەکاندا

ڕادەوەستێ و سینگ دەداتە پێش و بەم بۆنەیەوە لەڕاستیدا وەک دەوڵەتی بۆرژوازی و مڵکدارە گەورەکانی ڕووسیا لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا چالاکی دەنوێنێ. ئەم درووشمانە، ئەم مەسەلە و خاڵانە مەیدانی لەبەرانبەریەک وەستانەوەی شۆڕش و دژی شۆڕشن لە ڕووسیای ساڵی ١٩١٧دا، وە بەم بۆنەیەوە هەر ئەو هۆیانە بەر لە هەموو تێبینییەکی گشتیتر سەبارەت بە پەیوەندی هەر ڕەوتێک لەگەڵ پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی مەوجوود، ڕوونکەرەوە و نیشاندەری پەیوەندیی چینایەتیی حیزبە ناپرۆلیتێرییەکان و دەوڵەتە ئیئتیلافییەکانیانە. کاتێک چینەکان لەبەرامبەر شۆڕشدا ڕیز دەبەستن، ئەو کاتە ئەو مەسەلانەی کە ڕیزی ئەم چینانە لێک جیا دەکاتەوە، هەر ئەو مەسەلانە دەبن کە گەشەکردن، یان وەستانی شۆڕشیان پێوە بەسراوەتەوە. دەوڵەتی بۆرژوایی لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا دەبێ وەڵامی پێداویستییەکانی چینی بۆرژوا لەو دەورەیەدا بداتەوە نەک ئەوە کە تەنیا ( وە یان بەناچار) جوابدەرەوەی پێداویستییەکان و ئوسووڵە بنەڕەتی و گشتییەکانی کۆمەڵگای بۆرژوایی بێ لە مەیدانی بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوە و نەزمی بەرهەمهێناندا. لە دوالێکدانەوەدا ئەم مەسەلەیە هەروەها داکۆکیکردنێکە لە مەوجوودییەتی ئابووری و خاوەندارێتی تایبەتیی بۆرژوایی، چونکە تاقە ڕێگای عەمەلی بۆ داکۆکیکردن لە خاوەندارێتی تایبەتی و دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆرژوازی لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا، بەرەنگاربوونەوەی شۆڕشە. هێزێک کە بتوانێ ئەم دژایەتیکردنە لەگەڵ شۆڕش و ئەم بەرگرییە چینایەتییە بۆرژوازییە بە هەڵسووڕاوانەترین و کاریگەرترین شێوە ڕێکبخا و بەرەو پێشی بەرێ، هێزێکە کە پێکهێنەری دەوڵەتی بۆرژوایی دەبێ، جا چ ئەو هێزە خۆی لە خۆیدا کارامەترین و ڕاشکاوترین پارێزەر و لایەنگری پەیوەندییەکانی ئابووری و خاوەندارێتی تایبەتیی بۆرژوایی، وە یان بەتواناترین هێز بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگای ئاسایی بۆرژوایی بێ، وە یان نەبێ. دەوڵەتی بۆرژوایی لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا وەک دەوڵەتی کاتیی بۆرژوازی دژ بە شۆڕش کار دەکا، وە بەم بۆنەیەوە

---

لێنین زۆرینەی دەنگیان لە هەڵبژاردنی ئۆرگانەکانی ناوەندی ئەو حیزبەدا بەدەستهێنا. وشەی ڕووسی بۆ زۆرینە بریتییە لە BOLSHINSTVO، هەربۆیە ناوی بەلشەفیکەکانیان لێنراوە. ئەو هەلپەرستانەی کە لە کەمینەدا بوون MENSHINSTVO ناوی مەنشەفیکیان وەرگرت. لە سەردەمی شۆڕشی ١٩٠٥-١٩٠٧دا مەنشەفیکەکان دژی ڕۆڵی پێشەنگی چینی کرێکار لە شۆڕش و هاوپەیمانی چینی کرێکار لەگەڵ جووتیاران وەستانەوە. ئەوان داوای سازشیان لەگەڵ بۆرژوازی لیبراڵ دەکرد، کە پێیان وابوو دەبێت سەرکردایەتی شۆڕشەکە بکات. لە ساڵانی دوای شکستی شۆڕشی ١٩٠٥-١٩٠٧، زۆربەی مەنشەفیکەکان بەپاساوی ئەوەی حیزبی سۆشیال-دیموکراتەکان، مۆڵەتی یاساییان نییە، داوای هەڵوەشانەوەیان دەکرد. دوای شۆڕشی بۆرژوازی-دیموکراتیکی شوباتی ١٩١٧ مەنشفیکەکان چوونە ناو حکومەتی کاتی بۆرژوازی و بەدروشمی"بەرگری لەنیشتمان" پشتیوانییان لە سیاسەتی ئیمپریالیستی کرد. دوای سەرکەوتنی شۆڕشی سۆسیالیستی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ مەنشەفیکەکان بوونە حیزبێکی بە ئاشکرا دژە شۆڕش.

## مەنسور حیکمەت..

ڕەنگە بۆ سەرکوتکردن، وە یان دامرکاندنی شەپۆلی شۆڕش، بە شێوەی کاتی لە دژی بەرژەوەندیی دەسبەجێی ئابووری، وە یان بەرژەوەندە بنەڕەتییەکانی خاوەندارێتی تایبەتیی بۆرژوایی بجوولێتەوە و لەم ڕێگایەدا چەند هەنگاوێک هەڵگرێ. کەموکوڕیی چەپی ئێران لە لێکدانەوەی ئەم خاڵە لە کاتی هەڵوێستگرتن لەسەر ڕژێمی کۆماری ئیسلامی، بووە هۆی سەرلێشێواوی و هەڵوێستی ئۆپۆرتیۆنیستانەی گەلێک ناخۆش. دواتر دەگەڕێینەوە سەر ئەم خاڵە.

٤) دەورەی شۆڕشگێڕانە بە هەرحاڵ سەرەتا و کۆتاییەکی هەیە و سەرەنجام لەگەڵ ڕژێمێکی سیاسیی جێگیر و "ئاسایی" جێگۆڕکێ دەکات. چ سەرکەوتنی یەکجاریی شۆڕش بەرانبەر بە بۆرژوازی و چ تێکشکاندنی شۆڕش بەدەستی بۆرژوازی، کۆمەڵگە دەباتە ناو قۆناغێکی کارکردی بەرهەمهێنانی ئاسایی و ناقەیرانی. دەوڵەتیش وەک بەشێک لە کۆمەڵگە دەبێ ئەم ئاڵوگۆڕەی بەسەردا بێت. ئەو پەیوەندی و ئۆرگان و هێزانەی کە لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا دەسەڵاتیان بوو، یان بەکامڵبوون، وە یان بە لەناوچوونیان، جێگای خۆیان دەدەن بەو پەیوەندی و ئۆرگانانە کە لەگەڵ بەرهەمهێنان و بەرهەمهێناوەی ژیانی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی پەیوەندییەکی بەرهەمهێنانی دیاریکراودا دێنەوە. بەڵام ئەم گۆڕانەی دەوڵەت لە دەوڵەتی دەورەی شۆڕشگێڕانەوە بۆ دەوڵەتی ئاسایی، گۆڕانێکی دەسبەجێ و دەمودەست نییە. ئەم پرۆسەیە دەبێت لە جیهانی مادیدا بە پێکهاتنی زەمینەی بابەتی و کەرەسە عەمەلییەکانی بەرەوپێش بچێت. مارکسیستەکان دەبێ شێوە جۆراوجۆرەکانی گۆڕانی دەوڵەت لە دەورەی شۆڕشگێڕانەوە هەتا دەورەی کارکردی ئاسایی کۆمەڵگە لەبەرچاو بگرن. شکڵگرتنی ئۆرگان و بینا و قەوارە سیاسی و ئیدارییە ناکاتییەکان بۆ پاراستنی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن چینێکی دیاریکراو و پێکهێنان و سەقامگیرکردنی ئەو شکڵە حوقووقی و قانوونی و فەرهەنگی و ئایدیۆلۆژیکییانە کە بتوانن بە شێوەیەکی ڕۆتین و هەمیشەیی سەنگ و سووکی هێزە سیاسییەکان بە قازانجی چینی دەسەڵاتدار (وە یان بە دەسەڵات گەیشتوو) بپارێزن، پرۆسەیەکە کە هەر لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا دەست پێدەکات. نە بۆرژوازی دەتوانێ دەسەڵاتدارەتی درێژخایەنتری خۆی بە پشتبەستن بەو دەوڵەتە بەڕێوەبەرێ کە بۆ دژایەتیکردن لەگەڵ شۆڕش پێکیهێناوە، وە نە پرۆلیتاریای بە دەسەڵات گەیشتوو دەتوانێت هەر بەو شێوەیە و هەر بە پشتبەستن بەو هێز و ئۆرگانانەی کە بۆرژوازییان ڕووخاندووە و بەرگریی سەرەتایی بۆرژوازییان تێک شکاندووە، دەسەڵاتی سیاسی خۆی لە کۆمەڵگەدا بپارێزێ. کەوایە بۆ لێکۆڵینەوەی کارکردی دەوڵەت لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا دەبێت لایەنێکی حەیاتی و زۆر گرنگی لێکدانەوەکەمان ڕوو بکاتە ئەو پرۆسەیە کە تێیدا دەوڵەتی کاتی مەوجوود خەریکە بناغەی

# دەوڵەت لە دەورە شۆڕشگێڕانەکاندا

دەسەڵاتی چینەکەی خۆی بۆ ماوەیەکی درێژخایەنتر دادەمەزرێنێ. نیشانەیەکی گرنگ بۆ ناسینی خەسڵەت و پەیوەندیی چینایەتیی دەوڵەتێک لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا، بریتییە لەو سیاسەت و هەنگاوانە کە دەوڵەت وەک ڕێگا خۆشکەر و پێکهێنەری زەمینەی ڕژێمێکی سەقامگیرتری داهاتوو دەیان گرێتە پێش. دواتر ئەم خاڵەش بە شێوەیەکی تایبەتیتر لە لێکۆڵینەوەی کۆماری ئیسلامیدا، وەک دەوڵەتێکی بۆرژوایی و دەوڵەتی بۆلشەفیکی، وەک دەوڵەتێکی پرۆلیتێری شیدەکەینەوە.

**کورتەی باسەکانی ئەم بەشە دەبێتە ئەوە:**

دەوڵەت لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا، دەبێت بە شێوەیەکی زیندووی بەدوور لە پێناسە و بۆچوونی کلێشەیی چاولێ بکەین. لە ڕاستیدا دەوڵەت لە هەلومەرجێکی ئاوادا خۆی دیاردەیەکی زیندووە و لە حاڵی گۆڕاندایە کە مەوجوودییەت و خەسڵەتی خۆی لە گیروگرفت و قانوونمەندییەکانی حەرەکەتی کۆمەڵگە لە دەورانێکی مێژوویی تایبەت، وەردەگرێ. ئەمە خەسڵەتی بنەڕەتیی دەورە شۆڕشگێڕانەکانە کە تیایاندا بەرەوپێشچوونی سیاسی-شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵگە دەبێتە کەژاوەی جووڵە و گەشە و هەڵدانی ئابووری و بەرهەمهێنانی کۆمەڵ. دەوڵەتیش دەکەوێتە ژێر کاریگەری خەسڵەتی بنەڕەتیی ئەم سەردەمە مێژووییەوە. تەوەری ناسینی دەوڵەت و کارکردەکانی لەم دەورانەدا و ئەو پەیوەندە تایبەتەی کە لەگەڵ چینەکەی خۆی دەیبێت، هەمان ناسینی تایبەتمەندییەکانی دەورەی شۆڕشگێڕانەیە . شۆڕش هۆکارێکی دیاریکەرە لە پرۆسەی بزووتنەوەی کۆمەڵگە لەم سەردەمانەدا و بەم بۆنەیەوە دەوڵەت لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا، بە پێچەوانەی دەوڵەت لە دەورەی ناقەیرانیی کارکردی کۆمەڵگەدا، دەبێ لە بنەڕەتەوە لە دەوری تەوەری شۆڕش لێک بدرێتەوە. بۆ ناسینی دروستی پەیوەندیی ژێرخانی ئابووری و دەوڵەت لەم دەورانەدا، دەبێ سەرەتا پەیوەندی ئەم ژێرخانە لەگەڵ شۆڕش لێک بدرێتەوە و پاشان لە ڕێگای شۆڕشەوە بە چەمکی دەوڵەت بگەین. دەوڵەتی بۆرژوایی لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا بە ڕواڵەت لە پێداویستیی ئابووریی ڕاستەوخۆی ئەم چینە جیا دەبێتەوە هەتا لە ئاستێکی بنەڕەتی تردا بە هەوڵدان بۆ سەرکوتکردنی شۆڕش، دەوری خۆی لە پاراستنی ئەم ژێرخانەدا بگێڕێت. لە لایەکی ترەوە، دەوڵەتی شۆڕشگێڕی پرۆلیتاریا لەم دەورانەدا ئامرازێکی سیاسییە بۆ درێژەپێدان و بەرەو پێشبردنی خەباتی چینایەتی. ئەم دەوڵەتە لەگەڵ پەیوەندییەکانی ئابووریی مەوجوود دژایەتی هەیە، بەبێ ئەوەی خۆی ڕێک ئەو ڕژێمە سیاسییە و ئەو دەوڵەتە بێت کە لەگەڵ پێویستییە ئابوورییە نوێکاندا وێکبێتەوە. دەوڵەتی پرۆلیتێری لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا دەوڵەتێکی شۆڕشگێڕی کاتییە و لەگەڵ ئەو

"دەوڵەتە ئاسایی"یە کە بەرهەمی شۆڕشە (ئەگەر بکرێ ئەم ناوە لەسەر دیکتاتۆریی سەقامگیربووی پرۆلیتاریا دابنێین) لە زۆر لایەنەوە جیاوازی هەیە.

## ٣) دەوڵەت لە دەورە شۆڕشگێڕانەکاندا:

### تێگەیشتنی لێنینی لە دەوڵەت لە پڕۆسەی شۆڕش بۆ دیموکراسی و کۆماری شۆڕشگێڕ و بەرنامەی ئێمە

ئەوەی وتمان لەڕاستیدا هیچ شتێک نییە جگە لە چەند ئەنجامگیرییەکی گشتگیر لە نووسراوە سیاسییەکانی ڕابەرانی مارکسیزم و بەتایبەت لێنین. لە بەشی پێشوودا دیتمان کە چلۆن کتێبی "دەوڵەت و شۆڕش" خۆی هەوڵدانێکە بۆ نیشاندانی تایبەتییە جیاوازەکانی دەوڵەت لە دەورەی تێپەڕین-ڕاگوزەری نێوان سەرمایەداری و کۆمۆنیزمدا بەپێی ئامۆژگارییە بنەڕەتییەکانی مارکسیزم. بە وتەیەکی تر، شێوەی هەڵوێستگرتن بەرانبەر بە دەوڵەت لە دەورەی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵدا بە مانای بەرینی وشەکە، هەر ئێستا لە مارکسزمدا تیۆریزەکراوە. سەبارەت بە دەورەی شۆڕشگێڕانە بە مانای بەرتەسکی وشەکەش لە ئەدەبیاتی مارکسیستیدا و بەتایبەت لە پلمیکەکانی لێنین لەگەڵ مەنشەفیکەکاندا، بە ڕادەی پێویست بۆ ساغکردنەوەی تێڕوانینێکی ڕێک و پێک و پتەو و سیستەماتیک بۆ دەوڵەت لەم دەورانەدا، قسەوباس کراوە. باسەکانی لێنین لە ساڵی ١٩٠٥دا، بەتایبەت لە کتێبی "دوو تاکتیک ..."دا* و هەروەها گەلێک نووسراوی جۆراوجۆری لێنین بەدرێژایی شۆڕشی ساڵی ١٩١٧ کە دەربارەی چارەنووسی دەسەڵاتی سیاسی و ئەرکەکانی دەوڵەتی پرۆلیتێری نووسراون، سەرچاوەی بەنرخن بۆ ناسینی دەوڵەت لە دەورەی شۆڕشگێڕانە و هەڵوێستی ڕاشکاوی مارکسیستی دەرهەق بە دەوڵەت.

لە ساڵی ١٩٠٥دا، ئەم حوکمە کە "دەوڵەت ئامرازی دەسەڵاتداریێتی چینێکە کە لە باری ئابوورییەوە زاڵە"، وە یان "دەوڵەت پاشکۆ و پارێزەری پەیوەندییەکانی ئابووری

---

*) بۆ نمونە لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٠٥دا لینین بۆ دەربڕینی بۆچوونەکانی کتێبی "دوو تاکتیکی سۆسیال دیموکراسی لە شۆڕشی دیموکراتیدا" بڵاوکردەوە و تیایدا پێشبینی کرد کە بۆرژوازی لیبراڵی ڕووسیا پشت لەشۆڕش دەکات و ڕازی دەبێت بە دەسەڵاتی پاشایەتی دەستوری و خیانەت لە شۆڕش دەکات. بۆیە هەڵوێستی لێنین و بۆلشەفیکەکان لە ئەنجامدا بەوە دیاری کرا کەپرۆلیتاریا دەبێت لەگەڵ جووتیاران یەکبگرێت بۆ یارمەتیدانی ڕووخاندنی ڕژێمی تزاری و دامەزراندنی "دیکتاتۆریەتێکی شۆڕشگێڕانەی کاتی پرۆلیتاریا و جووتیاران"، لەکاتێکدا مەنشەفیکەکان لەسەربنەمای ئەو بۆچونەی کەپێیان وابوو "شۆڕش لەقۆناغی دیموکراتی بۆرژوازیدایە"، دەبێ پڕۆلیتاریا چاوەڕوان بمێنێتەوە تا بۆرژوازی ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت و قۆناغی خۆی تێپەڕێنێت،

# دەوڵەت لە دەورە شۆڕشگێڕانەکاندا

مەوجوودی کۆمەڵگەیە"، بوو بە ناوەند و کاکڵەی تیۆرێکی ڕیفۆرمیزم و لیبراڵیزمی مەنشەڤیکەکان لە کاتی هەڵویستگرتن بەرانبەر بە مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسیدا. مەنشەڤیکەکان هەر وەک "وەحدەتی کۆمۆنیستی" لە ئێرانی ئەمڕۆدا، لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە چینی کرێکار و حیزبی کرێکارانی سوسیال دیموکرات وەک نوێنەری سیاسی ئەم چینە، نابێ لە دەوڵەتی دیموکراتیکی بەرهەمی شۆڕشدا بەشداری بکەن. هۆیەکەشی هەر ئەوەیە کە وتمان: دەوڵەتی دیموکراتیک دەبێ ئەرکەکانی شۆڕشی دیموکراتیک بە ئەنجام بگەیەنێت. ئەم ئەرکانە لە بنەڕەتدا ئەرکی بۆرژواییین (لە چوارچێوەی بناغەکانی پەیوەندییەکانی بۆرژوایی ناترازێن)، بەم بۆنەیەوە دەوڵەت بەناچار دەبێتە پاشکۆی ئابووری و پەیوەندییەکانی کۆمەڵایەتیی بۆرژوایی و دەبێتە ئامرازێک لە خزمەت بۆرژوازیدا. کۆمۆنیستەکان نابێت بە بەشداریکردن لەم دەوڵەتەدا خۆیان تێکەڵاوی ئەو پەیوەندییە بکەن. لێنین بۆ وەڵامدانەوەی ئەم تێگەیشتنە پێچەوانە و لەقەوارە خراوە لە ماتەریالیزمی مێژوویی و ئەم ئاکادیمیزمە کوێر و بێلایەنە، تێگەیشتنێکی ڕۆشن لە دەستەواژەی دەوڵەت لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا بە دەستەوە دەدا:

**"لێرەدایە کە دەسبەجێ دەردەکەوێ، کە ئاکامی کەمتەرخەمیی کۆنفرانسچییەکانی ئێمە بەرانبەر بە مەسەلەیەکی دیاریکراو کە لەبەردەم ڕابەرایەتیی سیاسیی پرۆلیتاریادایە چییە. <u>مەسەلەی موشەخەسی دەوڵەتێکی کاتی شۆڕشگێڕ بەبۆنەی مەسەلەی ئەو زنجیرە دەوڵەتانەوە کە لە دوارۆژدا، ئامانجەکانی شۆڕشی بۆرژوایی بەگشتی جێبەجێ دەکەن، لە چاوی کۆنفرانسچییەکانی ئێمە ون بووە</u> . ئەگەر دەتانەوێ لە باری "مێژوویی"یەوە بڕواننە مەسەلەکە، ئەو کاتە نموونەی هەر وڵاتێکی ئەورووپایی ئەوەتان پێ نیشان دەدا، کە ئامانجی مێژوویی شۆڕشی بۆرژوایی بە زنجیرەیەک دەوڵەت، کە <u>بە هیچ جۆرێک "کاتی"ش نەبوون</u>، جێبەجێ کراوە، وە تانەت ئەو دەوڵەتانەی کە شۆڕشیان شکست پێ دا، بە هەر حاڵ ناچار بوون کە ئەرکە مێژووییەکانی شۆڕشە شکست خواردووەکە جێبەجێ بکەن. بەڵام "دەوڵەتی شۆڕشگێڕی کاتی" بە هیچ جۆرێک ئەو دەوڵەتە نییە کە ئێوە باسی دەکەن : <u>ئەمە دەوڵەتی دەورانێکی شۆڕشگێڕانەیە، دەوڵەتێکە کە دەسبەجێ جێگای دەوڵەتە رووخاوەکە دەگرێتەوە و پشتی بە ڕاپەڕینی خەڵک بەستووە، نەک بە فڵان جۆرە ئۆرگانی هەڵبژێراوی خەڵک. دەوڵەتێکی شۆڕشگێڕی کاتی، ئۆرگانی خەباتە بۆ بەسەرکەوتن گەیاندنی دەسبەجێی شۆڕش و پووچەڵکردنەوە و بەرپەرچ دانەوەی دەسبەجێی هەر هەوڵ و تەقالایەکی دژ بە شۆڕش، نەک ئۆرگانی</u>**

## مەنسور حیکمەت..

<u>بەڕێوەبردنی ئامانجە مێژووییەکانی شۆڕشی بۆرژوایی بەگشتی</u> . بە داوەریکردن لەسەر ئەم مەسەلەیە کە ئێمە و ئێوە، وە یا فلانە و فیسارە دەوڵەت، کامە ئەرکی شۆڕشی بۆرژواییمان جێبەجێ کردووە، بە مێژوونووسانی داهاتوو بسپێرین کە لە "ڕوسکایا ئیستارینا"یەکی تردا* لەسەری بنووسن. ئەم کارە دەکرێ پاش ٣٥ ساڵی تریش بیکەن. بەڵام ئێستا ئێمە بۆ خەبات لەپێناوی کۆماریدا و بۆ ئەوەی پرۆلیتاریا لەم خەباتەدا بە جیدیترین شێوە بەشداری بکات، دەبێ درووشم و ڕێنوێنی عەمەلی بێنینە گۆڕ. (دوو تاکتیک، بەرگی ٩ی ئینگلیزی، لاپەڕە ٤٣- ٤٢، تەئکیدەکان هی ئێمەن)

لێرەدا لێنین بەڕاشکاوی ئەو جیاوازییە کە لە نێوان دەوڵەت لە باری "مێژوویی"یەوە و دەوڵەت لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا هەیە دەستنیشان دەکات. دەوڵەتی شۆڕشگێڕ ئامڕازی تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەیە لەسەرەوە (سەرباری لەخوارەوە). ئەم دەوڵەتە پشتی بە ڕاپەڕین و هێزی کۆمەڵایەتیی ڕاپەڕیو بەستووە، نەک بەم یان بەو ئۆرگانی نوێنەرایەتی هەڵبژێردراو. ئەرکی ئەم دەوڵەتە سەرکوتکردنی بەرگریی ئۆردووگای دژە شۆڕش و جێگیرکردنی یەکجاریی حوکمی شۆڕشە. دەورەی شۆڕشگێڕانە خۆی مەسەلەی "سەرکەوتنی شۆڕش" بۆ چینی کرێکار دەکاتە مەسەلەیەکی مەرکەزی و سەرەکی. "سبەی ڕۆژی ڕاپەڕین" بۆ لێنین کێشەیەکی تیۆریک نییە، بابەتێکی زانستیی کۆمەڵناسی نییە، بەڵکوو بار و دۆخێکی عەمەلییە بە خوسووسیاتێکی تایبەتەوە. مەنشەفیکەکان وێنەیەکی بەرجەستە و بەرچاویان لە پێداویستییەکان و تایبەتمەندییەکانی دەورەی شۆڕش لە فکریاندا نییە و بە ڕەچاوکردنی هەندێک حوکمی وشک و بێ ناوەڕۆک و "مێژوویی" سەبارەت بە دەوڵەت سۆراغی ئەو بار و دۆخە بابەتییە مێژووییە دەگرن کە تایبەمەندی و قانوونی حەرەکەتی تایبەت بە خۆی هەیە. ئاکادیمیزم و بۆچوونی کلێشەیی مەنشەفیکەکان سەبارەت بە دەوڵەت، لە کردەوەدا بیانوویەکە بۆ خۆدزینەوە لە خەباتی شۆڕشگێڕانەی هەتا سەر:

"بڕیارنامەی مەنشەڤیکەکان لەجیاتی ڕوونکردنەوەی ئەم خاڵە، کە پرۆلیتاریا هەر ئێستا دەبێ چلۆن "ڕەوتی شۆڕشگێڕانە بەرەو پێش بەرێ "، لەجیاتی ئەوەی بۆ

---

*) " ڕۆسکایا ئیستارینا"، گۆڤارێکی مانگانەی ڕوسیە کە لەسەر بابەتە مێژووییەکان کاری دەکرد. ئەم گۆڤارە لەساڵی ١٨٧٠ بۆ ١٩١٨ لەشاری پەترسبۆرگ چاپ و بلاوکراوەتەوە.

# دەوڵەت لە دەورە شۆڕشگێڕانەکاندا

خەبات لە دژی بۆرژوازی لە کاتێکدا کە بەرانبەر بە دەسکەوتەکانی شۆڕش ڕاوەستاوە تەگبیرێکی دیاریکراو بکات، دەست دەکات بە وەسفکردنی پرۆسەیەکی گشتی. وەسفکردنێک کە سەبارەت بە ئامانجە دیاریکراوەکانی هەڵسووڕانی ئێمە هیچ شتێک ناڵێت. ئەو شێوەیە کە ئایسکرای نوێ* بۆ دەربڕینی بیروڕای خۆی ڕەچاوی کرد، تێڕوانینی مارکس (لە تێزەکان دەربارەی فۆیەرباخدا)** سەبارەت بە ماتەریالیزمی کۆن کە لەگەڵ بیروبۆچوونی دیالێکتیکی بێگانە بوو، وەبیری مرۆڤ دێنێتەوە. مارکس دەیگوت فەیلەسووفەکان جیهانیان تەنیا بە شێوەی جۆراوجۆر <u>شی کردۆتەوە</u>، بەڵام قسە لەسەر <u>گۆڕینێتی.</u> گرووپی ئایسکرای نوێش ڕێک هەر بەو شێوەیە دەتوانێ تابلۆیەک لە پرۆسەی ئەو خەباتە کە لە ئارادایە و بە بەرچاویاندا دێت و دەچێت، بخاتە بەرچاو، بەڵام بەگشتی ناتوانێ درووشمێکی دروست بۆ ئەم خەباتە بێنێتە گۆڕ. باش بە ڕێدا دەڕۆن، بەڵام خراپ سەرکردایەتی دەکەن. ئەوان گوێ نادەنە ڕابەریکردنێکی هەڵسووڕاوانە و ئەو دەورە ڕێنوێنیکەرەی کە دەتوانێت و دەبێت لە مێژوودا ئەو حیزبانە بیگێڕن کە پێش مەرجە ماددییەکانی شۆڕشیان ناسیوە و خۆیان کەوتوونەتە پێشەوەی هەموو چینە پێشڕەوەکان، (وە بەو جۆرە) تێگەیشتنی ماتەریالیستی لە مێژوودا بێ بایەخ دەکەن و چی مانا و ناوەڕۆکی هەیە لێی دادەتەکێنن. (هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٤٤– ٤٣)

لە ڕاستیدا ئەم "تەفسیرچی"یانە، نەک پارێزەری "تیۆری مارکس" بەرانبەر بە "پراگماتیزمی" شۆڕشگێڕان، بەڵکوو کەسانێکن کە تیۆری مارکس لە قەوارە دەخەن. کێشەی لێنین لەگەڵ مەنشەڤیکەکان لەسەر مەسەلەی دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسی لە شۆڕشی ١٩٠٥دا، کێشەی نێوان "واقیعیەتی سەوز" و "تیۆری خۆڵەمێشی" نییە، چونکە ئەوە تیۆری مارکسیزم

---

*) " ئایسکرای نوێ"، مەبەست لە ڕۆژنامەی ئایسکرای مەنشەفیکەکانە کەدوای کۆنگرەی دووەمی پارتی کرێکارانی سۆسیال دیموکراتی ڕووسیا وجیابونەوەی مەنشفیکەکان بەهاوکاری پلێخانۆڤ، بەڕێوەبردنی ئیسکرایان گرتە ئەستۆ. ئیسکرا لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٠٣، لە ژمارە ٥٢ بەدواوە بوو بە ئۆرگانی مەنشەفیک و تا مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٠٥ بڵاوکرایەوە.

**) ئاماژەیە بۆ تێزەکانی مارکس دەربارەی فۆیەرباخ. مارکس لەیازدە تێزدا بە کورتی و چڕی پوختەی ڕەخنەکانی خۆی لەفیورباخ و تەواوی فەلەسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی دەخاتەڕوو، کە وەک هێڵکارییەک بۆ یەکەم بەشی کتێبی "ئایدۆلۆژیای ئەڵمانی" لە ساڵی ١٨٤٥ نووسیویەتی، ئەم تێزانەو ئەم کتێبە لە سەردەمی ژیانی مارکس خۆیدا چاپ و بڵاو نەکراونەتەوە. بەڵام "تێزەکان" بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٨٨٨ وەک تەواوکەرێک بۆ نامیلکەی " فیورباخ وکۆتایی فەلسەفەی ئەڵمانی" لەلایەن فریدریک ئەنگڵسەوە بڵاوکرایەوە. جیگای سەرنجە کەیەکێک لە تێزە بەناوبانگەکانی مارکس لە تێزی یازدەهەمی کتێبەکەدا هاتووە: "فەیلەسوفەکان تەنها بە شێوازی جۆراوجۆر جیهانیان لێکداوە. بەڵام مەبەست ئەوەیە کە بیگۆڕین".

## مەنسور حیکمەت..

خۆیەتی کە دینامیزمی زیندووی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵ و دەوڵەت لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا دەناسێت و بەم بۆنەیەوە بە قەدەر خۆی ئەم واقیعییەتە، ڕوو لەپێش و زیندووە و "سەوز"ـە. داکۆکی لێنین لە دەوڵەتی شۆڕشگێڕی کاتی لە ساڵی ١٩٠٥دا، لەڕاستیدا داکۆکییەکی تیۆریشە لە شیکردنەوەی مارکسیستی بۆ دەوڵەت. کاکڵی سەرەکی ئەم داکۆکیکردنە، ناسینی تایبەتمەندییەکانی دەورەی شۆڕشگێڕانەیە:

"مەگەر مرۆڤ بە قەدەر خوێندکارێکی منداڵ لە مێژوو بگات، ئەگینا چۆن دەکرێ ڕەوتی مەسەلەکان بەبێ "بازدان" ببینێت و وەک هێڵێکی ڕاست چاویان لێ بکات کە بەردەوام بەرەو سەر دەڕوات، بەم جۆرە کە لەپێشدا نۆرەی گەورە بۆرژوازیی لیبراڵە: ئەستاندنی هەندێک ئیمتییازی بچووک لە ئیستیبداد، پاشان نۆرەی وردەبۆرژوازیی شۆڕشگێڕە، کۆماری دیموکراتیک، وە سەرەنجام نۆرەی پرۆلیتاریا دەگات: شۆڕشی سۆسیالیستی. ئەم وێنەیە تا ڕادەیەکی زۆر وێنەیەکی دروستە، هەروەکوو فەرەنسییەکان دەڵێن، تەنیا لە درێژماوەدا، یانی لە ماوەی نزیک بە سەدەیەکدا دروست دێتەوە ... بەڵام ئەگەر کەسێک گەوج نەبێت، لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا ئەمە ناکاتە بەرنامەی کار و هەڵسووڕانی خۆی. ئەگەر دامودەزگای ئیستیبدادیی ڕووسیا تەنانەت لەم قۆناغەدا نەتوانێ لە ڕێگای مەشروتەیەکی وشک وبرینگەوە خۆی ڕزگار بکات، ئەگەر نەک هەر بناغەی شل بێتەوە بەڵکوو بەڕاستی بڕووخێ. ئەو کاتە ڕوونە کە وەگەڕخستنی هێزێکی شۆڕشگێڕی گەورە بۆ بەرگریکردن لەم دەسکەوتانە پێویست دەکات. بەڵام ئەم "بەرگری"کردنە، هیچ شتێک نییە جگە لە دیکتاتۆریی دیموکراتیکی شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتاریا و جووتیاران. بە هەر ڕادەیەک دەسکەوتەکانی ئێستا زیاتر بێت و بە هەر ڕادەیەک داکۆکی ئێمە لەم دەسکەوتانە بەهێزتر بێت، توانای کۆنەپەرستان بۆ ئەستاندنەوەیان لە داهاتوودا کەمتر دەبێتەوە، تەمەنی دەورەکانی دەسەڵاتی کۆنەپەرستی کورتتر و کاری تێکۆشەرانی پرۆلیتاریای پاش ئێمە سادەتر دەبێت" (دیکتاتۆریی شۆڕشگێڕانەی دیموکراتیکی پرۆلیتاریا و جووتیاران، بەرگی ٨، لاپەڕە ٢٩٩)

بەرانبەر بەم دەرکە "منداڵە خوێندکار"انەیە لە ماتەریالیزمی مێژوویی و دەوڵەت، پێویستە جەخت لەسەر بەڵگەنەویستە سیاسییەکانیش سەبارەت بە دەورەی شۆڕشگێڕانە بکرێتەوە:

# دەوڵەت لە دەورە شۆڕشگێڕانەکاندا

"ئایا ئەوە ڕوون نییە کە بەبێ دیکتاتۆری شۆڕشگێڕانەی دیموکراتیک هیچ ئومێد و هیوایەک بە سەرکەوتنی ئەم خەباتە (بۆ کۆماری) نییە؟ یەکێک لە خەوشە گەورەکانی ئەو بنەما و بەڵگانەی کە (مەنشەفیکەکان) باسی دەکەن ئەوەیە کە وشک و بێگیانن، خەسڵەتی کلێشەییان هەیە و ناتوانن بار و دۆخی شۆڕشگێڕانە لەبەرچاو بگرن . خەبات لە پێناو کۆماریدا و لە هەمان کاتدا دەستهەڵگرتن لە دیکتاتۆریی دیموکراتیک – شۆڕشگێڕ، لە کارەکەی ئویاما (مارشاڵی ژاپۆنی) دەچێت، کە بڕیاری دابوو لە شاری ماکدین لەگەڵ کروپاتکین (ژەنەراڵی ڕوسی) شەڕ بکات، بەڵام لەپێشدا بیری لە گرتنی شاری ماکدین نەکردبووەوە. ئەگەر ئێمە خەڵکی شۆڕشگێڕ، یانی پرۆلیتاریا و جووتیاران، دەمانەوێ لە دژی ملهوڕی "شانبەشانی یەک خەبات بکەین"، دەبێ شانبەشانی یەک تا دواهەناسە لە دژی ئەم ملهوڕییە خەبات بکەین، بەیەکەوە بیفەوتێنین و بۆ پووچەڵکردنەوەی هەر چەشنە پیلانێک کە بێگومان بۆ گەڕانەوەی خۆی دەیگێڕێ، پشتی یەکتر بەرنەدەین."
(هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٢٩٨، تەئکید هی ئێمەیە)

ئەمە شێوەی ڕوانینی لینینە بۆ دەورەی شۆڕشگێڕانە و مەسەلەی دەوڵەت. دەوڵەتی شۆڕشگێڕ درێژەی ڕاپەڕینە، گەشە و هەڵچوونی ڕاپەڕینە هەتا ئاستی خەبات لە "سەرەوە" بۆ تێکشکاندنی بەرگریی سەروماڵی {هێزەکانی} دژە شۆڕش. ئەوە کە ڕەوتی گەشە و هەڵدانی ئابووریی کۆمەڵگە لە دوالیکدانەوە و لەدەورەیەکی دوور و درێژدا چ شتێک بەسەر دەوڵەتی شۆڕشگێڕدا دێنێت، لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا هیچ شتێک سەبارەت بە پێویستی و مەیدانی هەڵسووڕانی ئەم دەوڵەتە نیشان نادات. ڕەتکردنەوەی دەوڵەتی شۆڕشگێڕ بە بیانووی فۆرموولی "دەوڵەت پارێزەری بەرژەوەندیی چینێکە کە لەباری ئابوورییەوە زاڵە"، لە ڕاستیدا بانگەشەیەکی "تیۆریک" ە لە دژی خودی ڕاپەڕین و شۆڕشی زەبروزەنگانە. ئەگەر ڕاپەڕین پێویستە، دەبێ مانای سیاسی سەرکەوتنی ڕاپەڕین و تایبەتمەندیی دەسەڵاتی سیاسی لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا بناسین. پروپاگەندەکردن بۆ ڕاپەڕین بەبێ دەرککردنی پێویستی پێکهێنانی دەوڵەتێکی شۆڕشگێڕ، ئەویش بە بیانووی هەندێک فۆرموولی وشک و کلێشەیی دەربارەی پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و ژێرخانی ئابووری هیچ شتێک نییە جگە لە فریوکارییەکی لیبراڵی و شکستخوازییەکی ڕووناکبیرانە.
لینین لە ساڵی ١٩١٧شدا بەرانبەر بە دەوڵەت هەر لەو شێوە هەڵوێستە پەیڕەوی دەکات. زۆرکەس هەن، وا دەزانن کە هەڵوێستی لینین سەبارەت بە خەسڵەتی شۆڕشی ساڵی ١٩١٧ و پێویستی پێکهێنانی دەوڵەتی پرۆلیتێری بە هەندێک دەسکارییەوە، هەر هەمان فۆرموولی

## مەنسور حیکمەت..

دیکتاتۆریی دیموکراتیکی شۆڕشگێڕی کرێکاران و جووتیارانە لە ساڵی ١٩٠٥دا. ترۆتسکیستەکان پێیان وایە لێنین لە ساڵی ١٩١٧دا بەرەو فۆرمۆڵەکەی ترۆتسکی لە ساڵی ١٩٠٥دا چووە. هەندێکی تر پێیان وایە لێنین لە ساڵی ١٩٠٥دا کەوتبووە شوێن ئەو بۆچوونە مەنشەفیکییەوە کە باسی شۆڕشی قۆناغ بە قۆناغی دەکرد، بەڵام لە ساڵی ١٩١٧دا بە هێنانەگۆڕی تێزەکانی ئەپریل دەستی لێ هەڵگرت. ئەو شتەی کە ئەم جۆرە کەسانە لەبەرچاوی ناگرن، دەرکی ڕۆشنی لێنینە بەرانبەر بە تایبەتمەندییەکانی دەوڵەت لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا. ئەوە هەر ئەو لایەنەی تیۆری مارکسیزمە کە تەفسیرچییەکان و ئەو کەسانەی کە ڕەخنەی کلێشەیی لە لێنین دەگرن، فەرامۆشیان کردووە. بیرۆکەی دیکتاتۆریی "دوو چین"، چ لە سەردەمی خۆیدا و چ ئەمڕۆ (لە لایەن ترۆتسکیستەکانەوە و بۆ نموونە "وەحدەتی کۆمۆنیستی" لەناو چەپی ئێراندا) وادیارە هەر بەپێی ئەو فۆرموولە کاڵ و کرچە دەربارەی پەیوەندیی نێوان "دەوڵەت و ئابووری" گیراوەتە بەرو ئێستاش ڕەخنەی لێ دەگیرێت. بەڵام لێنین ئەو بۆچوونەی (وە بەم پێیە هەڵوێست گۆڕینەکەی دواتری) لە شیکردنەوەی قۆناغ بە قۆناغی مێژووی گەشە و هەڵدانی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان لە ڕووسیا، دەرنەکێشا بوو. هەر وەک پێشتر ئاماژەی پێ کرا، لە ساڵی ١٩٠٥دا دەوڵەتی شۆڕشگێڕ دەبوایە دەوڵەتی ڕێککەوتووی چین و توێژە دیموکراتەکانی کۆمەڵگە و نیشاندەری سەنگ و سووکی هێزە زیندووەکانی ئەو چینانە لە پرۆسەی شۆڕشدا بووایە. کرێکاران و جووتیاران هێزی بزوێنەری شۆڕشگێڕانە بوون و بەم بۆنەیەوە دەیانتوانی پێکهێنەری دەوڵەتێک بن کە بە مەبەستی درێژەپێدانی شۆڕش، ئەرکی سەرکوتکردنی بەرگریی مسۆگەری بۆرژوازی بگرێتە ئەستۆ. بەرهەمی خەباتی هاوبەشی ئەم هێزانە بەو سەنگ و سووکییە واقیعییەوە کە لە نێوان هێزەکاندا هەبوو، نەیدەتوانی ببێتە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا. ئەگەر دیکتاتۆریی دوو چین خۆی شتێکی نەگونجاو و ناکۆک بێت، کە بێگومان وایە، ئەم ناکۆکییە دەبێت لە مێژووی واقیعی و ماددی و هەروەها لە کاتی خۆیدا خۆی چارەسەر بکات. بۆ شیکردنەوەی ئەم ڕەوتە، لێنین وتەنی، زۆر مێژوونووس پەیدا دەبن، بەڵام دەوڵەتی شۆڕشگێڕی "دوو چین" بەرهەمی ڕاپەڕینی "دوو چین"ە. ئەگەر ڕاپەڕین و پرۆسەی شۆڕش لەخوارەوە بە گشتی، دەتوانێت کاری کۆمەڵێکی نا وەکیەک بێ کە لە هەموو چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان پێک هاتووە (کە لە ساڵی ١٩٠٥دا بەم جۆرە بوو). لە "سبەی ڕۆژی ڕاپەڕین"یشدا شۆڕش تا ئەو کاتە کە دیاردەیەکی مەوجوود و بەکردەوە بێت و لە ئارادا بێت، دەکرێ لە لایەن ئەو چینانەوە کە وەک دەوڵەت یەکیان گرتووە درێژەی پێ بدرێت. لە ساڵی ١٩٠٥دا دەوڵەتی شۆڕشگێڕی پێکهاتوو لە "چەند چینی"ی ڕاپەڕیو، ناکۆکییەکی "تیۆریک" نەبوو، بەڵکوو بە

# دەوڵەت لە دەورە شۆڕشگێڕانەکاندا

پێچەوانەوە پێویستییەکی تیۆریک بوو کە لە تێگەیشتنی ڕاستییەکانی شۆڕشی گشتی و تایبەتمەندییەکانی دەورەی شۆڕشگێڕانە، وەک دەورانێکی تاکتیکی لە ۱۹۰۵دا، سەرچاوەی دەگرت.

لە شۆڕشی ساڵی ۱۹۱۷دا ئەم سەنگ و سووکییەی هێزەکان و شێوەی بەشداریکردنی بەشە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە، هەر وەک مەسەلە تەوەرییەکانی ڕیزبەستنی چینەکان، لەچاو ساڵی ۱۹۰۵ گۆڕاوە. ئەوە ڕوونە کە بەشێک لەم جیاوازییە بەرئەنجامی گەشە و هەڵدانی ڕووسیایە لە ماوەی ۱۲ ساڵدا و بەشێکی تر بەرئەنجامی هەڵچوونی قەیرانی جیهانیی سەرمایەدارییە هەتا ڕادەی شەڕێکی ماڵوێرانکەری جیهانی. بەڵام بە هەرحاڵ ئەنجامە عەمەلییەکانی ئەو ئاڵوگۆڕەی وا بەسەر خەباتی چینەکاندا هاتووە و کاریگەری ئەم ئاڵوگۆڕانە لەسەر سەنگ و سووکی ڕاستەقینەی هێزە شۆڕشگێڕەکانە کە ئیمکاناتی عەمەلیی پرۆلیتاریا لە مەسەلەی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسیدا دەگۆڕێ. هەر ئەمە ڕێگا بۆ لێنین دەکاتەوە سیاسەتی پێکهێنانی حکوومەتی کرێکاری، بەڵام ئەمجارە "ڕاکێشانی پشتیوانی" جووتیارە هەژارەکان بخاتە دەستووری کاری خۆیەوە. دەوڵەتی شۆڕشگێڕ دەتوانێت دەوڵەتی کرێکاران بێت. لێنین میتۆدۆلۆژی و بۆچوونی خۆی دەسکاری نەکردووە و نەی گۆڕیوە، بەڵکوو واقیعییەتی عەمەلیی ئیمکانی دامەزراندنی حکوومەتێکی کرێکاری و {توانای} سەرکوتکردنی {هێزەکانی} دژە شۆڕشی لەلایەن دەوڵەتێکی شۆڕشگێڕی کرێکارییەوە پێکهێناوە. ئێستا پاش تێپەڕینی ساڵیانی ساڵ، کاتێک تەماشای ئەزموونی شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەکەین، بە سادەیی بۆمان دەردەکەوێ ئەم دەوڵەتەش کە دەوڵەتی "یەک چین" بوو، تووشی هەر ئەو ناکۆکییە بوو کە دەوڵەتی شۆڕشگێڕی "دوو چین" کە دەوڵەتێکی ناکۆک بوو، تووشی دەبوو. هەر ئەو پێویستییە حەیاتییەی ڕاکێشانی پشتیوانی جووتیاران بەهۆی سەنگە سیاسی و ئابوورییەکەیان و هەروەها ئەو دەورەی کە لە پرۆسەی بەتاکخستنەوە و تێکشکاندنی {هێزەکانی} دژە شۆڕشی بۆرژوایی چەکداردا، بە ڕووسی و ناڕووسییەوە، دەبوایە بیگێڕێ، دەوڵەتی شۆڕشگێڕی تووشی دژواری و تەنگوچەڵەمەی بنەڕەتی کرد و مۆری خۆی بە پرۆسەی پێکهێنانی ئەو دەوڵەتەوە نا. بەڵام هیچ کەس ناتوانێ بڵێت چونکە ئەم ناکۆکییە بووە، چونکە هێزی کرێکاران بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات کافی نەبووە و بەم پێیە لەلایەن چینە ناپرۆلیتێرییەکانەوە زەختی سیاسی و ئابوورییان کراوەتە سەر، کەوایە پێکهێنانی دەوڵەتێکی شۆڕشگێڕی کرێکاری بە لەبەرچاوگرتنی ژێرخانی ئابووریی ڕووسیا "زوو" بوو، چونکە تەنیا و تەنیا ئەو دەوڵەتە بوو کە دەیتوانی درێژەدانی شۆڕش لەسەرەوە (هاوکات لەگەڵ خوارەوە) لە هەموو لایەنێکی خەباتدا بۆ سەرکوتی بەرگریی لیبراوانەی {هێزەکانی} دژە شۆڕشی

بۆرژوایی لە ڕووسیا مسۆگەر بکات.
تێگەیشتنی لینینی لە دەورە شۆڕشگێڕانەکان و ئەوە کە دەوڵەت لەو دەورانەدا لە پرۆسەی شۆڕشدا دەوری ئامرازێک دەگێڕێت، ئەو ڕاستییە ڕوون دەکاتەوە، کەدەخاڵەتی هەڵسووڕاوانەی سیاسی نەک بە پێچەوانەی ئوسووڵی مارکسیزمەوە نییە، نەک تەنیا پێویستی بە دەسکاریکردن و گۆڕینی ناوەڕۆکی پێناسەی لێکدانەوە مارکسیستییەکان بەتایبەت ماتەریالیزمی مێژوویی و تیۆری دەوڵەتەوە نییە، بەڵکوو خۆی هەر لەم تیۆرییە و لەم ماتەریالیزمەوە سەرچاوە دەگرێت. مەنشەفیزم و لیبراڵیزمی چەپ بەپێی نەریتی خۆیان پێیان وایە کار و کردەوەی کۆمۆنیستی دژایەتی لەگەڵ "پوختە"ی تیۆریک هەیە. بێگومان کردەوەی کۆمۆنیستی دژایەتی لەگەڵ کلێشە تیۆریکەکانی ماتەریالیزمی میکانیکی و لەگەڵ ئەو بۆچوونە چەوتەی کە دیترمینیستە ئابووریخوازەکان* پێی دەڵێن مارکسیزم هەیە. بەڵام ئەو مارکسیزمەی کە دەتوانێ یاساکانی بزاوتی کۆمەڵگە و خەسڵەتی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و بۆ نموونە <u>دەوڵەت</u> لە دەورەکانی شۆڕشگێڕانەدا بناسێ، نەک تەنیا پێی وا نییە کە تیۆری کۆسپی سەر ڕێگای دەخاڵەتگەری و "بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی" نییە، بەڵکە تێیدا گەلێک ڕێنوێنی بەنرخ بو هەڵسووڕاوانەترین دەخاڵەتی شۆڕشگێڕانە لە کۆمەڵگەدا بەدی دەکات.
ئێمەش هەر بەپێی ئەم ڕێبازە، بەوە گەیشتووین کە کۆماری شۆڕشگێڕ پێویست و گونجاوە نەک لەڕووی قۆناغ قۆناغکردنی شۆڕشەوە. ئێمە لە بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستدا پاش ڕوونکردنەوەی پێویستی و ئیمکانی شۆڕشی سۆسیالیستی و پێناسەکردنی ئەم شۆڕشە وەک فەلسەفەی مەوجوودییەت و سەرچاوەی ڕێکخراوبوونمان، بەوە دەگەین کە چینی کرێکاری ئێران لە هەلومەرجی ئێستادا توانای ئەوەی نییە دەستبەجێ حکوومەتی خۆی دابمەزرێنێ. پێکهێنانی ئەو توانایی و ئامادەییە ئەرکی سەرشانی ئێمەیە. بەڵام بە هەر حاڵ تێکەڵاوێک لە هێزە چینایەتییەکانی کۆمەڵگە توانای بەڕێوەبردنی "شۆڕشێکی دیکە"ی هەیە. ئەم شۆڕشە، شۆڕشە بۆ دیموکراسی، هەروەها بەشێک و قۆناغێکە لە تەواوی پرۆسەی شۆڕشی کرێکاری. سەرکەوتنی شۆڕشێکی ئاوا، یارمەتیدەری شۆڕشی کرێکارانە، سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە بەهێزی ڕاستەقینە و مەوجوودی ئەو چینانە کە وجوودیان هەیە و خوازیاری دیموکراسیی شۆڕشگێڕن، ئەرکێکی عەمەلی و گونجاوە و بێگومان ئەم شۆڕشە دەبێت دەوڵەتی مەوجوود و ڕژێمی سیاسیی مەوجوود بڕوخێنێت. چ شتێک دەتوانێ و دەبێ دەسبەجێ جێگای بگرێتەوە؟ مەنشەفیکەکانی ئێمە دەڵێن، دەبێ

*) مەبەست ئابوری گەرایيە، واتە ئەو ڕەوتە فکریەی کە هەموو گۆڕانکاریەک بەتەنها بۆ فاکتۆری ڕوتی ئابوری دەگەڕێنیتەوە.

# دەوڵەت لە دەورە شۆڕشگێڕانەکاندا

دەوڵەتێک بێتە سەرکار کە لە باری "مێژوویی"یەوە کاتی گەیشتووە. ئەگەر هێشتا کاتی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا نەهاتووە، وە یان ئەگەر بە هەر حاڵ ئەو دەوڵەتە کە بەرهەمی "شۆڕشێکی دیکە"یە ناتوانێ دەستبەجێ دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا بێت، ئیتر هەموو شتێک وە بۆ نموونە دەوڵەتی شۆڕشگێڕیش بەلای ئەمانەوە بە ناچار لەسەرەوە هەتا خوارێ "ئاوی ڕەنگ" و بۆرژوایییە. دەخاڵەتکردنی ناوەخت و زووتر لە کاتی خۆیدا لە مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسیدا و پێکهێنانی دەوڵەتێکی شۆڕشگێڕ، هیچ چارەنووسێکی نییە جگە لەوە کە ببێتە ئامرازی دەستی بۆرژوازی، یانی "ئەو چینەی کە لە باری ئابوورییەوە زاڵە". بەڵام مارکسیزم دەڵێ چی؟ بۆ ئێمە وەک کەسانێکی مارکسیست کە ئەزموونی هەڵوێستگرتنی زیندوو و داهێنەرانەی لینینمان بەرانبەر بە پرۆسەی شۆڕش بەدەستەوەیە. مەسەلەکە بەم جۆرەیە: چ شتێک دەبێت جێگای دەوڵەتی تێکڕووخاوی بۆرژوازی بگرێتەوە هەتا شۆڕش لە پێناوی دیموکراسیدا بتوانێت هەرچی قووڵتر بەرەو پێش بچێ و ببێتە جێگۆڕکێیەکی سادەی هێزە سیاسییەکانی بۆرژوازی لە دەسەڵاتدا. بەرگریی مسۆگەری بۆرژوازی بەرانبەر بەم شۆڕشە چلۆن دەکرێ تێک بشکێت؟ لینینیزم لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا پێش ئەوەی ڕوو بکاتە "ئابووری"، ڕوو دەکاتە ڕاپەڕین و پێویستی درێژەدانی خەباتی توندوتیژ لە پێناو ئامانجە شۆڕشگێڕانەکاندا. دەوڵەتی شۆڕشگێڕ شکڵی درێژەکیشان و بەرەو پێشچوونی ئەم خەباتەیە لەسەرەوە و لە هەمانکاتدا ئامرازێکی کاریگەرە بۆ بەرینکردنەوە و پەرەپێدانی خەبات لەخوارەوە. دەورەی شۆڕشگێڕانە، دەورەی بەڕێوەبردنی زەبروزەنگی ڕێکخراوە:

> "لە دوا لێکدانەوەدا تەنیا هێزی زەبروزەنگە کە دەتوانێت مەسەلە گرنگەکانی ئازادیی سیاسی و خەباتی چینایەتی یەکلایی بکاتەوە. وە ئەرکی سەرشانی ئێمەیە کە ئەم هێزی زەبروزەنگە ئامادە بکەین و ڕێکی بخەین، وە نە تەنیا بۆ داکۆکیکردن بەڵکوو هەروەها بۆ پەلاماربردن بە شێوەیەکی دروست کەڵکی لێ وەربگرین. دەسەڵاتی لەمێژینە و درێژماوەی کۆنەپەرستیی سیاسی لە ئەورووپا کە تەقریبەن هەر لە ڕۆژەکانی کۆمۆنی پاریسەوە هەتا ئێستا بەردەوام درێژەی بووە. ئێمەی وا ڕاهێناوە کە پێمان وابێت ئەم کارە تەنیا دەتوانێ لە "خوارەوە" بەرەو پێش بچێت. هەروەها ئێمەی وا ڕاهێناوە کە تەنیا ئەو خەباتە ببینین کە حاڵەتی بەرگری هەیە. ئێستا ئێمە پێمان ناوەتە دەورانێکی تازەتر. دەورەی هەستان و شۆڕش دەستی پێ کردووە. لە دەورانێکی وادا کە هەر ئێستا ڕووسیا خەریکە تێپەڕی دەکات، مانەوە لە چوارچێوەی فورموولە کلێشەیییەکانی پێشوودا باوی نەماوە. ئێمە دەبێ

## مەنسور حیکمەت..

**بانگەشە بۆ بیرۆکەی "کارکردن لەسەرەوە" بکەین. دەبێت خۆمان بۆ هەڵسووڕاوانەترین کاری پەلاماردەرانە ئامادە بکەین. دەبێ بزانین هەلومەرج و شکڵە جۆراوجۆرەکانی کردەوەیەکی ئاوا چییە." (دوو تاکتیک، بەرگی ٩، لاپەڕە ٣١)**

کۆماری شۆڕشگێڕ بۆ ئێمە درێژەی زەبروزەنگی شۆڕشگێڕانەیە لە سبەی ڕۆژی ڕاپەڕیندا بەهۆی پێکهێنانی دەوڵەتێکی شۆڕشگێڕی کاتییەوە. ئەم دەوڵەتە شۆڕشگێڕە حەیاتییە. ئەگەر کەسێک بو سادەکردنەوەی کاری خەباتی سۆسیالیستی، دیموکراسیی سیاسی بەلاوە گرنگ بێت، ئەگەر کەسێک دەیەوێت بۆ دیموکراسی شۆڕش بکات، وە یان تەنانەت ئەگەر کەسێک دوو چاوی هەیە و دەبینێ کە ئەگەر خۆشی شۆڕش نەکات، هەندێک چین و توێژی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی خەریکن بۆ دیموکراسی شۆڕش دەکەن، ئەو دەمە دەبێت وەڵامی ئەوە بداتەوە کە ئەم شۆڕشە لە دەسەڵاتی سیاسیدا دەبێ چ گۆڕانێک پێک بهێنێت. هێزەکانی شۆڕش لە سبەی ڕۆژی ڕووخاندا و لەبەرانبەر بەرگریی لیبراوانەی بۆرژوازیدا دەبێ چ بکەن. ئێمە دەڵێین دەتوانرێ، وە بێگومان دەبێ، دەوڵەتێکی شۆڕشگێڕ پێک بێت، کە نوێنەری بەڕێوەبردنی ئیرادەی هەموو توێژە شۆڕشگێڕەکان "لەسەرەوە" بێت. دەبێت دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوە بگرین و بەرانبەر بەو {هیزە} دژە شۆڕشەی کە تێک ڕووخاوە، بەڵام هێشتا هەر هەڵسووڕاو و زیندووە بیخەینە گەڕ. ئەو کەسەی کە پێی وایە، ئەم حوکمە ناکۆکی لەگەڵ تیۆری مارکسیستی دەوڵەت و ڕۆڵی بڕیاردەرانەی فاکتۆری ئابوری و شتی لەم چەشنەدا هەیە، لەڕاستیدا لە هیچ کامیان تێنەگەیشتووە. دەوڵەت لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا دیاردەیەکی کاتییە و لە تێپەڕبوون و گۆڕاندایە. لە ڕاپەڕینەوە هەڵدەقوڵێ و وەڵامی مەسەلەکانی ئەو شۆڕشە دەداتەوە کە بەکردەوە و دەمودەست لە ئارادایە. ناکۆکییە ناوخۆییەکانی ئەم دەوڵەتە، داهاتووەکەی و پرۆسەی پوکانەوەی، وە یان پارچەپارچەبوونی و بەردەوامبوونی قەیرانی شۆڕشگێڕانە و شتی تر، هیچ کامیان لەو دەور و جێوشوێنە ڕاستەقینە و ماددییە کە دەوڵەتی شۆڕشگێڕ دەتوانێ لە دەورانێکی دیاریکراو لە خەباتی چینایەتیدا بەڕێوە بەرێ و هەیبێ، کەم ناکەنەوە.

ڕەوتی ئێمە خۆی یەکەم ڕەوتێک بوو کە بیرۆکەی ناکۆکی نێوان سەرمایەداری و دیموکراسی لە ئێران بە شێوەیەکی بەڵگەدار وەک بەشێک لە هەڵوێستی ڕەخنەگرانە بەرانبەر بە پۆپۆلیزمی* زاڵ بەسەر بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا هێنایە گۆڕ، وە توانی

*) پۆپۆلیزم، خەڵگەرایی: ڕەوتێکی سیاسی و فکری زاڵبوو بەسەر ڕیکخراو وهێزە چەپەکانی سەردەمی شۆڕشی ساڵی ٧٩ ی ئێراندا، "مارکسیزمی شۆڕشگێڕ" لەبنەڕەتەوە لەڕەخنەگرتن لەم ڕەوتە سیاسی وفکریەوە سەری هەڵدا، کەئەنجامەکەی بەپێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران گەیشت. بێگومان مەنسور حیکمەت ڕۆڵی سەرەکی لەم ڕەوتەو لەم پرۆسەیەدا گێڕا.

# دەوڵەت لە دەورە شۆڕشگێڕانەکاندا

دەورێکی کاریگەر بگێڕێ لە سڕینەوەی هەموو ئەو خۆشباوەڕییانەدا کە چەپی ئێران لەم بابەتەوە بووی. بەڵام لە هەمان کاتدا ئێمە لەبەرنامەکەی خۆماندا* باسی دەوڵەتێکی دیموکراتیکی شۆڕشگێڕ دەکەین. ئێستا بەتەواوی ڕوونە کە بۆچی، چونکە ئێمە کۆماری شۆڕشگێڕ وەک "سەرخانی سیاسیی ئابووریی ئێران" چاولێ ناکەین. بەڵکوو بە "دەوڵەتێکی دەورەی شۆڕشگێڕانە" دەزانین کە دەبێ ڕێکخەری زەبروزەنگی زەحمەتکێشان بێت لەسەرەوە لە پێناو دیموکراسیدا. ئەگەر شۆڕشکردن بۆ دیموکراسی ئیمکانی هەیە، کەوایە دەوڵەتی دیموکراتیکی شۆڕشگێڕیش نەک تەنیا ئیمکانی هەیە، بەڵکوو حەیاتییە. ئەوە کە ڕەوتی مێژووەکەی و لە چ کاتێکدا خودی ئەم شۆڕشە و دەوڵەتی شۆڕشگێڕیش "کۆن" دەکا و دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا دەخاتە دەستووری ڕۆژەوە، مەسەلەیەکی ترە. بێگومان ئێمە خۆمان نەک تەنیا هەر لە ئێستاوە خەبات بۆ دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا و سۆسیالیزممان خستووەتە دەستووری کاری خۆمانەوە (حکوومەتی کرێکاری درووشمی ئێمەیە)، بەڵکوو یەکەم کەسانێک دەبین، کە لە ڕۆژی خۆیدا هەر وەک بۆلشەفیکەکان، "کۆنبوونی" شۆڕش و ئامانجە شۆڕشگێڕانەکانی پێشوو ڕادەگەیەنین.

تێگەیشتن لە تایبەتمەندییەکانی دەوڵەت لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا، مەرجی پێویستە بۆ هەڵوێستگرتن و دەخاڵەتی هەڵسووڕاوانە لە مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسیدا. چەپی ئێران هەتا ئەمڕۆ تێگەیشتنی میتافیزیکی و دیترمینیستییەک کە سەبارەت بە دەوڵەت و پەیوەندیی دەوڵەت لەگەڵ ئابووری بوویەتی، لانی کەم لە باری تیۆریکەوە، لێهاتوویی ئەوەی نەبووە کە دەخاڵەتی هەڵسووڕاوانە بکات.

## ٤) دەوڵەت لەدەورە شۆڕشگێرانەکاندا:

### دەوڵەتی بۆرژوایی لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا

### نموونەی کۆماری ئیسلامی

ڕۆشنکردنەوەی تایبەتمەندییەکان و کارکردی دەوڵەتی بۆرژوایی لە هەلومەرجی ئاساییدا دژوارییەکی وای نییە. گرێی مەسەلەکە لەوێدایە کە دەوڵەتی بۆرژوایی بە ڕواڵەت لە ئەنجامی پرۆسەیەکی شۆڕشگێڕانە و بەناوی شۆڕشەوە بە دەسەڵات گەیشتووە. کۆماری

---

* ) مەبەست لەبەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانە کەلە کۆنگرەی دامەزراندندا لە مانگی ئەیلولی ١٩٨٣دا پەسەندکراوە.

# مەنسور حیکمەت..

ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە ڕژێمێکی ئاوا بوو. دیاردەی کۆماری ئیسلامی هەتا ماوەیەک بەشێکی زۆر لە هێزە چەپەکانی لە باری تیۆریکەوە تووشی سەرلێشیواوی کرد. بێجگە لە خۆشباوەڕییە ناسیۆنالیستییە ڕیشەدارەکانی پۆپۆلیستەکان سەبارەت بە "بۆرژوازی میللی و وردەبۆرژوازی دژی ئیمپریالیست" و بەم بۆنەیەوە مەیل و ئارەزووی چەند بەشێک لە سۆسیالیزمی وردەبۆرژوایی بەرەو "پشتیوانیی مەرجدار" و بێ مەرج لە کۆماری ئیسلامی، نەفیی جێگا و شوێن و کارکردی ئەم ڕژێمە خۆشی لە ماوەی چەند ساڵی یەکەمی شۆڕشدا و پرۆسەیەکی عەمەلی کە لە ئەنجامدا بە دامەزراندنی ئەم دەوڵەتە کۆتایی پێهات، ئەو سەرلێشیواوییەی زۆرتر دەکرد. ئەوە کە بۆرژوازی بەتایبەت پاش "ڕێپێوانی تاسووعا"*، توانی درووشمی حکوومەتی ئیسلامی بکاتە درووشمی کۆمەڵایەتی بەرینی خەڵک، ئەو ڕاستییە کە ژمارەیەک لە کاربەدەستانی ڕژێمی تازە، پێشتر بەشێک بوون لە موخالیفانی پاشایەتی، هێرشی ڕەوتی ئیسلامی بۆ سەر جەماعەتی لیبراڵ-مەشرووتەخوازیی بەرەی میللی**، درووشمی دژی ئەمەریکایی لە لایەن ڕژێمەوە و توانایی حکوومەت بۆ کۆکردنەوەی جەماوەر لە هەوەڵ مانگەکانی شۆڕشدا، ئەوانە ئەو هۆیانەن کە سەرەڕای گەلێک بەڵگە و سەنەدی بابەتی کە هەر پێش ڕاپەڕین داخواز و ئامانجی کۆنەپەرستانی ڕەوتی ئیسلامییان نیشان دەدات، وە سەرەڕای هەموو ئەو هەنگاوانەی کە ڕژێم لە سبەی ڕۆژی ڕاپەڕینی ٢٢ی ڕێبەنداندا بە ئاشکرا لە دژی شۆڕش هەڵی دەگرت، توانای ئەوەی لە چەپی پۆپۆلیست بڕیبوو کە تێبگات ئەم ڕژێمە خەسڵەتێکی بۆرژوایی و دژ بە شۆڕشی هەیە. ناوبردنی کۆماری ئیسلامی بە ڕژێمی <u>بۆرژوایی</u> تا ماوەیەکی زۆر لەلای پۆپۆلیستەکان بە "چەپڕەوی" لەقەڵەم دەدرا (ڕاهی

---

*) ڕێپێوانی تاسوعا یەکێک لە ڕێپێوانە کاریگەریەکانی سەردەمی شۆڕشی ساڵی ٧٩ی ئێران بوو کەلەڕۆژانی ١٩ و ٢٠ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٧٩دا، کەهاوکات بوە لەگەڵ "عاشوورای حوسێنی"دا، لە تاران و شارە گەورەکانی دیکەی ئێران بەڕێوە چووە. ئەم ڕێپێوانە کەلەلایەن خومەینی و ئیسلامیەکانەوە سازدرا، لە کاتێکدا بوو کەشا حکومەتی سەربازی ڕاگەیاندبوو، ملیۆنان کەس بەشدایان تێداکرد. لە کۆتایی ڕێپێوانەکەدا بڕیارنامەیەک کە١٧ خاڵی وەک بەرنامەی حکومەتی ئیسلامی بەڕابەری خومەینی لەخۆگرتبوو، لەچەند شوێنێکی تاران خوێندرایەوە و کاریگەری لەسەر داهاتوی شۆڕشەکە لەبەرژەوەندی خومەیبی و ئیسلامیەکان بەجێهێشت.

**) بەرەی میلی: بەرەیەکی سیاسییە کەچەند حیزب و ڕێکخراو وکەسایەتی قەومی، دیموکراسی و کۆماریخواز لەخۆدەگرێت. ئەم بەرەیە لەساڵی ١٩٤٩ دامەزراوە وەک بەرەیەکی لیبرال ودەستوری" مەشروتەخوازان" دەناسرێت، محمەد موسەدەق، کە بانگەشەی بۆ پیشەسازی کردنی ئیران و ئیسلاحی زەراعی وخۆماڵیکردنی نەوت و .. دەکرد، یەکیک لە ڕابەرانی ناسراوی ئەم بەرەیەبوو کەلە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٥١دا، حکومەتێکی پێکهێنا، بەڵام بەهۆی هەوڵدانی بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ڕەزا شا و جێبەجێ کردنی دەستور، لە ١٩ی ئابی هەمان ساڵدا کۆدەتای بەسەردا کراو سزای سێ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێندرا.

***) ئاماژەیە بۆ یەکێک لەڕێکخراوە چەپەکانی سەردەمی شۆڕشی ٧٩ی ئێران بەناوی" ڕێکخراوی ڕێگای کرێکار"، کە بۆچوونەکانیان لە بڵاوکراوەیەکدا بە ناوی "ڕێگای کرێکاران" بڵاودەکردەوە. ئەم ڕێکخراوەیە بەهۆی باوەرە پۆپۆلیستیەکانیەوە بەردەوام لەقەیرانی سیاسی وڕێکخراوەیدا بووەو چەندین جیابوونەوە و دابرانی ئەندامانی تێپەڕاندووە.

# دەوڵەت لە دەورە شۆڕشگێڕانەکاندا

کارگەر*** ئەمڕۆش هەر وا دەڵێ). تیۆریسینەکانی سۆسیالیزمی گەلی بەناچار چرای بەناو زانستی تیۆریکی خۆیان بەدەستەوە گرت و بۆ دۆزینەوەی ڕیشە چینایەتییەکانی ئەو دەوڵەتە دەستیان دایە پشکنینی ئابووریی کۆمەڵ و بەرژەوەندە ئابوورییەکانی توێژە ناپرۆلیتێرەکان. ڕەوتگەلی جۆراوجۆر هەبوون، لەوە دەگەڕان بزانن ئەم ڕژێمە لە کام چین و توێژ هەڵقوڵیوە و لە باری چینایەتییەوە سەربە کوێیە، شتی سەیریان ئەدۆزییەوە. سەرچاوەی ئەم دۆزینەوانە لەوەدا بوو کە تێگەیشتنێکی کرچ و کاڵیان لە دەوڵەت هەبوو، تەنیا لەسەری ئابوورییەوە بۆی دەچوون و نەیان دەتوانی بزانن بناغەی کارکردی دەوڵەتی بۆرژوایی لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا چییە.

ئێمە هەر لە سەرەتاوە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامیمان وەک ئامرازی بۆرژوازی و ئیمپریالیزم ناو برد. لە پێشەکییەکدا بۆ نامیلکەی "مانگرتنی کرێکاران لە وەزارەتی کار" لە مانگی ئازاری ساڵی ۷۹دا، نووسیمان:

**"ڕاستییەکانی شۆڕش و خەباتی چینایەتی ڕۆژ لەڕۆژ زیاتر زەمینە بۆ وەلانانی خۆشباوەڕی وردە بۆرژواییانە و متمانەی لێڵ و ناڕۆشنی زەحمەتکێشان بە حکوومەتی ئێستا، خۆش دەکات، متمانەیەکی ناڕۆشن کە سەرچاوەی سەرەکی دەسەڵاتی سەرمایەدارانە لە بێبەرهەم هێشتنەوەی شۆڕشی ئێراندا. ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ کرێکاران و زەحمەتکێشانێکی زۆرتر لە خۆیان دەپرسن، کە ئایا حکوومەتێک کە کۆسپە لەسەر ڕێگای گەشە و هەڵچوونی بزووتنەوەی کرێکاری و گرد و کۆبوونی کۆمەڵانی زەحمەتکێش لەژێر ئالای ڕێبەرایەتی چینی کرێکاردا حکوومەتێکی میللی و شۆڕشگێڕە؟ ئایا حکوومەتێک کە ... ئازادی پێشێل دەکات قسە لە گەروودا دەخنکێنێ، کوبوونەوەکان دەشێوێنێ و هەموو ئەو حیزب ڕێکخراوە سیاسییانەی کە لە پێناو بەرژەوەندیی چینی کرێکاردا خەبات دەکەن، بە "پیلانگێڕ" و "ئاژاوەچی" و کاسەی گەرمتر لە چێشت" ناولێ دەبات، حکوومەتێکی شۆڕشگێڕە؟ ئایا حکوومەتێک کە ... خۆپیشاندانی هەقخوازانەی کرێکارانی بێکاری ئیسفەهانی وەبەر دەسرێژ دەدات و پاشان خۆی گێل دەکات، حکوومەتێکی شۆڕشگێڕە؟ ... ئایا حکوومەتێک کە کرێکارانی هۆشیار زیندانی ئەکات و جیاوازی میللی، مەزهەبی، ڕەگەزی، تەمەن لە نێوان کرێکاران دەنێتەوە تا بەر بە یەکگرتنیان بگرێ، حکوومەتێکی شۆڕشگێڕە؟ <u>نەخێر ئەم حکوومەتەی ئێستا هەرگیز ئۆرگانی شۆڕش و ڕاپەڕینی زەحمەتکێشان نییە. ئەرکی مێژوویی ئەم حکوومەتە، کە لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی داهاتووی ئیمپریالیزمەوە لە ئێران بەڕاستی حکوومەتێکی "</u>**

<u>کاتی"یە، ئەوەیە کە سەرمایە و ئیمپریالیزم لە تۆفانی شۆڕشی کۆمەڵانی زەحمەتکێش و خەباتکاری ئێران ڕزگار بکات</u>. (لاپەڕە ٣- ٤)

"بەڵام کرێکارانی هۆشیار و پێشەنگانی شۆڕشگێڕی چینی کرێکار لە حاست ئەو ڕاستییانە چ ئەرکێک دەکەوێتە سەر شانیان؟ <u>ئەگەر حکوومەتی ئێستا لە پێناو بەرژەوەندیی سەرمایە و سەرمایەداراندا تێدەکۆشێ، ئەگەر حوکوومەتی ئێستا حوکوومەتێکی کاتی و ڕێگاخۆشکەرە کە زەمینە بۆ گەڕانەوەی کۆنەپەرستیی ئیمپریالیستی خۆش دەکات</u>، کەوایە ئەرکی کرێکارانی شۆڕشگێڕ، پێکهێنانی ڕێکخراوەیەکە کە ئۆرگانی دەسەڵاتی سەربەخۆی کرێکاران بێت و بتوانێت لە کاتی ئاخرین هێرشی دژی شۆڕشدا (کە درەنگ یا زوو، بە ڕابەرایەتی سەرمایەداران و دەسپێشکەری بەشی خۆپارێز و کۆنەپەرستی وردەبۆرژوازی و بە ئیرادەی شارەزایانی سیاسی و سەربازییان، کە لە کوشتاری ملیۆنی سڵ ناکەن، دەست پێ دەکات) کرێکاران و کۆمەڵانی بەرینی زەحمەتکێش بۆ داکۆکی لە دەسکەوتەکانی شۆڕش و شکستی یەکجاریی دژی شۆڕش کۆ بکاتەوە و ڕێکیان بخات."
(لاپەڕە ٥)

لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی یەکەم ژمارەی "بسوی سۆسیالیزم"ەوە ئێمە بناغە تیۆرییەکانی ئەم بۆچوونەی خۆمان بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامی لە زنجیرە نووسراوەکانی "دوو باڵی دژی شۆڕشی بۆرژوا ئیمپریالیستی"دا ڕوون کردەوە. لەو نووسراوانەدا بە جەختکردن لەسەر تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی کارکردی دەوڵەتی بۆرژوایی لە دەورە شۆڕشگێڕانەکاندا و هەروەها بە دەرخستن و نیشاندانی یەکەیەکەی ئەو کەڵکانەی کە کۆماری ئیسلامی بۆ بۆرژوازی و ئیمپریالیزم هەیەتی، دووپاتمان کردەوە کە ڕژێمی ئیسلامی حکوومەتێکی بۆرژواییە کە سیاسەتی بۆرژوازیی ئیمپریالیست و بەم بۆنەیەوە هەموو بۆرژوازیی ئێران بەرانبەر بە شۆڕشی ئێران بەرەو پێش دەبات. ئەمە تەوەری بەلگەهێنانەوەی ئێمە بوو. ئەو شتەی کە بۆرژوازی لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا مەبەستێتی و دەیەوێ چارەسەری بکات <u>ئابووری</u> نییە، بەڵکوو <u>شۆڕشە</u>. بۆ بۆرژوازی دامەزراندنی "نەزمی دژە شۆڕش" چ لە باری مێژوویی و چ لە باری لێکدانەوەوە، لە سەرووی هەموو ئەرکەکانەوەیە. لەم دەورەیەدا دەوڵەتی "دڵخواز"ی بۆرژوازی، دەوڵەتێکە کە بتوانێ لەو کەرەسە و ماددە سیاسییەی کە لە هەلومەرجی شۆڕشگێڕانەدا هەیە، بە تایبەتی کە دەزانێت ئۆرگانە ئاساییەکانی سەرکوت و کۆنترۆڵ ئیتر کەڵکیان نەماوە و کاریگەر نین،

# دەوڵەت لە دەورە شۆڕشگێڕانەکاندا

بۆ یەکلاکردنەوەی کاری شۆڕش کەڵک وەرگرێت. لە ساڵەکانی ٧٨ و ٧٩دا. دەوڵەتی بۆرژوا-پاشایەتی ئێران خەریک بوو لەناو دەچوو. تارمایی ڕاپەڕین بەسەر سەری بۆرژوازییەوە دەهات و دەچوو. لەو نێوەدا ڕەوتی لیبراڵی "بەرەی میللی" و " نەهزەتی ئازادی"* هەڵسووڕاوترین هێز بوون کە هەوڵیان دەدا پێش بە ڕاپەڕین بگرن و هەموو ئۆرگانە سەرکوتگەرەکانی دەوڵەتی ئاسایی مەوجوود، یانی سوپا و بیرۆکراسی بپارێزن. ئەم هەڵوێستەی لیبراڵەکان و هەروەها ئەوە کە ڕەنگ بوو بتوانن بەرەی شۆڕش بەم داخوازییە نیوە و ناتەواوانە ڕازی بکەن و بەم جۆرە بەرەو سازشی بەرن، لەگەڵ سیاسەتی بۆرژوازیی گەورەی ئێران کە بەرانبەر بە شەپۆلی شۆڕش خەریکی پاشەکشەی تاکتیکی بوو، یەکیان دەگرتەوە. لیبراڵەکان بۆ دەورەیەک جیدیترین و "بەخێروبێرترین ئاڵتەرناتیڤی بۆرژوازی بوون بۆ پاراستنی وەزعی مەوجوود و دەسەڵاتی سیاسیی خۆیان. حکومەتی بەختیار** ئاخرین هەوڵ و تەقەلای بۆرژوازی بوو کە دەیەویست لە ڕێگای کشانەوە بەرەو هەڵوێستی لیبراڵیزمی پاشایەتی دەست بەسەر وەزعەکەدا بگرێت. ئەمە پاشەکشەیەکی تاکتیکیی بۆرژوازی بوو، بۆ ئەوەی خۆی لەبەردەم شەپۆلی شۆڕش لادا و خۆی بۆ دۆخی شۆڕش ئامادە بکات.
بەڵام ڕاپەڕین هەموو ئەو حیساباتەی تێک شێواند، ئێستا ئیتر قسە لەسەر سەرکوتکردنی شۆڕشێک بوو کە بەکردەوە بە قۆناغی ڕاپەڕینی چەکدارانە گەیشتبوو. سوپا لەبەرانبەریدا کاریگەر نەبوو، وە جەماوەرێکی بەرین لە خەڵکی شۆڕشگێڕی چەکدار کردبوو. پلاتفۆرمی سیاسی، وە شێوەکان و ئیمکاناتی ڕەوتی لیبراڵی ئیتر لەگەڵ ڕاستییەکانی کۆمەڵگە نەدەگونجان. دەوڵەتی بۆرژوازی ئیتر تەنیا ئەوەی لەدەست دەهات کە بەناوی شۆڕش بەرەنگاری شۆڕشی ڕاستەقینە بێت. ڕەوتی ئیسلامی کەرەستەیەکی لەبار بوو بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی ئاوا، یانی دەوڵەتێکی بۆرژوایی کە بتوانێ لەم بوارە تایبەتەدا بەرەی بۆرژوازیی دژ بە شۆڕش ڕێک بخا. ئێمە لەسەر ئەوە پێمان داگرت کە کۆماری ئیسلامی ئامرازی

---

*) نەهزەتی ئازادی ئێران، لە ١٧ی ئایاری ١٩٦١ لە لایەن مەهدی بازرگانەوە بۆ دژایەتی ڕژێمی شا، لەسەر بنەمای بەها ئەخلاقی و ئیسلامییەکان دامەزرا. ئەم حیزبە هەر لە سەرەتاوە مەیلی نەتەوەیی و ئایینی هەبووە و ڕۆشنبیران و گرووپە نەتەوەیی-ئایینییەکانی لەخۆگرتبوو. مێژووی چالاکییە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و ئیسلامییەکانی دامەزرێنەرانی ئەم گرووپە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی چلەکان و بزووتنەوەی نەتەوەیی ئێران لە سەردەمی دوکتور موسەدقدا.

**) ئاماژەیە بۆ حکومەتە کاتیەکەی شاپوربەختیار، کە٣٧ ڕۆژی خایاند، بەتایبەتیش بەدوای فراوانبونەوەی خۆپێشاندانە جەماوەریەکان، لەدژی ڕژێم، شای ئیران شاپور بەختیاری لەزیندان ئازادکرد و ڕای سپارد بەپێکهێنانی حکومەتێکی کاتی لەبەرگی ڕیفرۆم و دژایەتی شادا، بەلام ئەم حکومەتە کاتیەی بۆرژوازی ئێران هەم لەژێر فشاری جەماوەرو هەم بەهۆی ناکۆکیەکانی لەگەڵ ڕەوتە ئیسلامیەکان وخومەینیدا وپاشان دەستبەرداربونی سوپا لەپشتگیریکردنی، نەیتوانی خۆی رابگرێ وپاش گەڕانەوەی خۆمەینی بۆ نێو ئێران، شاپور بەختیار دەستی لەکار کێشایەوەو خومەینی مەهدی بازرگانی ڕاسپارد بەپێکهێنانی حکومەت کە دواتر ڕێگەی خۆشکرد بۆ هاتنەسەرکار وجێگیرکردنی ” کۆماری ئیسلامی ئێران“ بەڕابەری خومەینی.

## مەنسور حیکمەت..

دامەزراندنی نەزمی دژ بە شۆڕشە، کە پێشمەرجی سیاسی بۆ نەزمی بەرهەمهێنانی ئاسایی بۆرژواییە. خەسڵەتی سەراپا بۆرژوایی دەوڵەتی ئیسلامی، جیاواز لەوە کە ئایدیۆلۆژی و ئاکار و کردەوەکانی و هێزە پێکهێنەرەکانی لە کامە بەشی کۆمەڵ هەڵقوڵیوە لەوەدایە کە ئەم دەوڵەتە تەنیا شێوازی مومکین بۆ ڕێکخستنی بەرەی دژە شۆڕشی سەربە هێزی بۆرژوا-ئیمپریالیستییە و بەناچار لە ساڵی ٧٩ بەملاوە شکڵی لەباری ئەم ڕێکخستنەیە بۆ بۆرژوازی.

ڕەنگە هەندێ کەس ڕەخنەمان لێ بگرن (وە لە ڕاستیدا دەیگرن) کە بۆچی ئێمە هەر ئەو کاتە ڕامان نەگەیاند کە کۆماری ئیسلامی نوێنەری سیاسیی بۆرژوازیی گەورە و مۆنۆپۆلییە. ئەمە لە ڕاستیدا هەر ئەو تێگەیشتنە ئابوورییە بەرتەسکەیە لە دەوڵەت کە ئەمجارە بۆرژواییبوونی کۆماری ئیسلامی سەلماندوە و بەم بۆنەیەوە دەیەوێ هیچی تێدا نەهێڵێتەوە. لەڕاستیدا هەر بەو جۆرە کە ئێمە تێگەیشتبووین، کۆماری ئیسلامی ڕێکخراوی سیاسی و نوێنەری ڕێکخراوی بۆرژوازیی گەورەی ئێران نەبوو. بەو مانایە کە لەو بوارەدا ئەو ڕژێمە ڕژێمێک نەبوو کە سیاسەتمەدارانی ئەو چینە تێیدا مەوجوودییەتی سیاسی خۆیان نیشان بدەن و ئامرازی دەسەڵاتدارەتییان و نوێنەری بیروبۆچوون و ئامرازی ڕێکخستنی سەرمایەداران بێت، بەڵکوو دەوڵەتی "سیاسی" ئەو چینە بوو لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا. ئەوە خۆی لە ڕەوتی حەرەکەتی کۆماری ئیسلامیدا، ناکۆکییەکی پێکهێناوە. گۆڕانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بە ڕژێمێکی سیاسیی ئاسایی بۆرژوایی، یانی گۆڕانی بەو شێوە ئاساییە کە بۆرژوازی بۆ پاراستنی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی خۆی، لە سەرووی دەسەڵاتی سیاسیدا بەخۆیەوە دەگرێ، پرۆسەیەکی دژوار و ئاڵۆزە. داماویی کۆماری ئیسلامی لە تێپەڕکردنی ئەم پرۆسەیەدا خۆی یەکێک لە لایەنەکانی قەیرانی حوکوومەتی ئەمڕۆیە لە ئێراندا. بە هەر ڕادەیەک کە کۆمەڵگەی ئێران لە قەیرانی شۆڕشگێڕانە تێپەڕ دەبێت و بەم بۆنەیەوە دەوڵەت دەبێ بکەوێتە سەر گێژەنەی ئاسایی خۆی و کارکردی ئاسایی خۆی نیشان بدا، کۆماری ئیسلامی لەو شێوازە عەمەلییانەی کە لە کاتی شۆڕشدا بە خۆیەوە گرتبوو دوور دەکەوێتەوە و پەرە بە قەیرانی سیاسیی ڕژێم دەدات. وە دیسان بە هەر ڕادەیەک کە دەبینین قەیرانی شۆڕشگێڕانە لە ئێران، درێژە بە ژیانی خۆی دەدات، بە هەمان ڕادە کۆماری ئیسلامی خۆی بەناچار دەزانێ دەس بداتە شێوە و ڕەوشتی نائاسایی "کە ئەمەش بەناچار لە نێوان دەوڵەتی سەرمایەدار و چاوەڕوانییە ئاساییەکانی خودی ئەم چینەدا ناکۆکی و جیاوازی پێک دێنێت. لە هەلومەرجێکی ئاوادا ئێمە بە دروستی و بە شێوەیەکی دیالێکتیکی حەرەکەتی کۆماری ئیسلامیمان وەک "دەوڵەتی بۆرژوایی لە دەورەی شۆڕشگێڕانە"دا باس لێ کردووە. بەم

# دەوڵەت لە دەورە شۆڕشگێڕانەکاندا

جۆرە، تایبەتمەندییەکان و پەیوەندیی چینایەتی ڕاستەقینەی ئەم ڕژێمەمان وەک ڕژێمێکی بۆرژوایی لێک دایەوە. کۆماری ئیسلامی نوێنەر و دەوڵەتی بۆرژوایی بووە لە ئێراندا، چونکە لە ڕەوتی شۆڕشی ساڵی ٧٩ و جۆش و خرۆشی ساڵانی دواتردا تەنیا ئەو شکڵە دەوڵەتە بۆ بۆرژوازی ئیمکانی هەبووە و ئێستاش هەر وایە. بەڵام ئەگەر بڕیارە ئەم قەیرانە شۆڕشگێڕانەیە کۆتایی پێبێت، ئەگەر بەڕاستی شەپۆلێکی تازەی خەباتی جەماوەر جارێکی تر هەلومەرجێکی شۆڕشگێڕانەی تازە لە ئێران نە خولقێنێ، ئەمجار کۆماری ئیسلامی بەم شکڵەی ئێستایەوە هەر دەبێتە قوربانیی ناکۆکییە ناوخۆییەکانی خۆی. ڕژێمی ئیسلامی یان شۆڕشێکی تازە دەیڕوخێنێت، وە یان ئەگەر قەیرانی شۆڕشگێڕانە و سیاسی لە ئێراندا بە یەکجاری کۆتایی پێبێت، ئەو ڕژێمە بە ڕادەیەک گۆڕانی بەسەردا دێت، کە هیچ شتێکی لە جارانی خۆی نەچێت. ئەوە ڕوونە کە ڕژێمی ئیسلامی خۆیشی خوازیاری ئەوەیە کە بە کەمترین گۆڕان و دەسکارییەوە ببێتە دەوڵەتی ئاسایی بۆرژوازی لە ئێران و بۆرژوازی بەوە ڕایی بکات کە لە باری سیاسی و ڕێکخراوەییەوە بە تەواوی خۆی لێ هەڵپێکێ و پشتی بگرێ. بەڵام هەر ئەوەی کە ئێستا گەلێک حیزبی بۆرژوازی لە ئۆپۆزیسیۆندان و خوازیاری ڕووخاندنی ئەو ڕژێمەن، هەروەها ڕژێم لە ڕاکێشانی پشتیوانی سەرمایەی تایبەتی بەرەو لای خۆی تووشی چەرمەسەریی پەیوەندییەکی پڕ گرێ و پڕ هەڵسوکەوتی لەگەڵ بەشی تایبەتیدا بووە، خۆی نیشاندەری ئەوەیە کە ئەم "یەکقسەیی"یە، ئەم پەیوەندە عەمەلی و هەمەلایەنەیە هێشتا لە ڕیزەکانی بۆرژوازیی ئێراندا نییە. ئەگەر ترس لە شۆڕش و لە کۆمۆنیزم بە هەر حاڵ دەبێتە هۆی ئەوە کە هەموو توێژەکانی بۆرژوازی پشتیوانی لە ڕژێمی ئیسلامی بکەن، داماوی و دەستەوەستانی ئەم ڕژێمە لەوەدا کە دەوری دەوڵەتێکی ئاسایی بۆرژوایی بگێڕێت، بناغەی ئەو دووبەرەکایەتییە توندوتیژەیە کە ئێستا لە ڕیزی نوێنەرانی سیاسیی بۆرژوازی لە ئێراندا هەیە.

بە هەر حاڵ چ ڕژێمی ئیسلامی بتوانێ ببێتە دەوڵەتێکی ئاسایی، چ لە لایەن شۆڕشەوە بڕوخێندرێت، پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵگای دەورەی شۆڕشگێڕانە بە کۆمەڵگایەکی ئاسایی، ماوەیەکی زۆرە دەستی پێکردووە. ئێمە لە دوایین بەشەکانی نووسراوەی "دوو باڵی ..."دا ئاماژەمان بەم ڕەوتە لە بار و دۆخی سیاسیی کۆمەڵگای ئێراندا کرد. ئێمە باسی هەموو ئەو ئاڵوگۆڕانەمان کرد کە بە داهێنانی کۆماری ئیسلامی و بە پشتیوانی هەموو توێژەکانی بۆرژوازی بۆ کۆتاییهێنان بە دۆخی شۆڕشگێڕانە لە ئێران و ئامادەکردنی زەمینە بۆ دامەزراندنەوەی دەوڵەتی ئاسایی بۆرژوایی پێکهاتووە. ئەگەر کەسێک بە دوای ئەوەدا دەگەڕێ کە بۆ بۆرژواییبوونی کۆماری ئیسلامی دەلیل و بەڵگە بدۆزێتەوە، تەنها یەکێک لەم خاڵانەی خوارەوە بەسە بۆی:

## مەنسور حیکمەت..

١) بە پیرۆزدانان و ڕەواپێدانی خاوەندارێتی و چەوسانەوەی سەرمایەدارانە کە لە شۆڕشدا چووبوونە ژێر پرسیارەوە. خاوەندارێتی دەبوایە ڕەوایی پەیدا بکات و چ شتێک لەوە باشتر کە سەرەتا بکرێتە خاوەندارێتی دەوڵەتێک کە بەڕواڵەت لە ئەنجامی شۆڕشدا هاتووەتە سەرکار و بەم جۆرە ڕەوایی پێ بدرێت.
٢) لەدەستدانی دەسکەوتە دیموکراتیکەکانی ڕاپەڕین و سەپاندنی بێمافیی سیاسی بەسەر جەماوەردا. بە پشت ئەستووری ترساندن و فریودان و گێژکردنی ئایینیی جەماوەر هەموو ئامانجە دیموکراتیکەکانیان بەناوی داخوازیی "ڕۆژئاوایی" و "ئیمپریالیستی" ئەستاندەوە و سەرکوتیان کرد. لە پرۆسەی هێرشی ڕژێم بۆ سەر دەسکەوتەکانی دیموکراتیکی ڕاپەڕیندا، بۆرژوازی وەک چینێک یەکگرتوویی و دەسەڵاتی سیاسی خۆی سەرلەنوێ بەدەست هێنایەوە.
٣) سەرلەنوێ سازکردنەوەی دەزگای ئاسایی سەرکوتکردن، پاکانە بۆکردن و سازکردنەوەی هێزە چەکدارە سەربازییەکان، پۆلێنی سیاسی و دامودەزگای بیرۆکراتیکی دەوڵەتی.
٤) وادارکردنی جەماوەر بە سەردانەواندن بۆ گوزەرانی نزم و سەرەنجامی پرمەینەتی قەیرانی ئابووری. ئەمە قەیرانێک بوو کە لە قۆناغێکی پێشتردا پێکهێنەری زەمینەی ماددیی قەیرانی شۆڕشگێڕانە بوو، وە باڵە جۆراوجۆرەکانی حوکومەتی کۆماری ئیسلامی لە کردەوەدا بەناوی شۆڕش قورسایی باری هەموو ئەو مەینەت و کوێرەوەرییەیان کە لە قەیران سەرچاوەی گرتبوو خستە سەرشانی کرێکاران و زەحمەتکێشان.
٥) پاکانەکردن بۆ ئیمپریالیزم و ئیمپریالیستەکان، بێبایەخ نیشاندان و داتەکاندنی ناوەڕۆک لە خەباتی دژی ئیمپریالیستی، بەرەوانیشاندانی پەیوەندیی دیپلۆماتیکی ئابووری و سەربازیی بۆرژوازیی دەسەڵاتدار لەگەڵ دەوڵەتانی ئیمپریالیست و کۆنەپەرستیی جیهانی.
٦) سەرکوتکردنی بەرینی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و پاڵپێوەنانی نارەزایەتیی دیموکراتیکی توێژە ناپرۆلیتێرەکان بۆ ژێر ئاڵای ئۆپۆزیسیۆنی گوێ لەمست و بەئەدەبی لیبراڵ. کۆمۆنیستەکان کە بەدرێژایی شۆڕش لە مەیدانی خەباتێکی بەرین و ئاشکرادا بوون، دەبوایە بەوپەڕی دڵڕەقییەوە بۆ ژیاندنەوەی دۆخی پێشوو (لە لایەن بۆرژوازییەوە) سەرکوت بکرێن. لە هەمان کاتدا پێویست بوو ئەو توێژە ناپرۆلیتێرانەی کە لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا لەژێر ئاڵای لیبراڵیزم هاتبوونە دەر، سەرلەنوێ تا ئاستی درووشمگەلی ئۆپۆزیسیۆنێکی لیبراڵ پاشەکشەیان پێ بکرێت.
ئەوە سەرنجی ئەو بار و دۆخە بوو کە کۆماری ئیسلامی وەک دەوڵەتێکی بۆرژوایی لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا بە جیددییەتەوە بۆ وەدیهێنانی تێکۆشا. ئەمانە هەموو ڕێگایان بۆ

# دەوڵەت لە دەورە شۆڕشگێڕانەکاندا

ئەوە خۆش دەکرد کە دەسەڵاتدارەتی ئاسایی و ناقەیرانیی بۆرژوازی بژێتەوە و بەسەر کۆمەڵدا بسەپێتەوە. بە هەر ڕادەیەک ئەم هەلومەرجە پێک بێت، کۆمەڵگا دەورەی شۆڕشگێڕانە تێپەڕ دەکا و دەینێتە پشت سەرەوە. بەم بۆنەیەوە دەوڵەتی بۆرژواییش وەک بەشێک لەو هەلومەرجە، دەبێ بگەڕێتەوە سەر شکڵ و ڕواڵەتی ئاسایی خۆی. دژواربوونی تێپەڕکردنی ئەم پرۆسەیە، بۆ ڕژێمی ئیسلامی، یەکێک لە سەرچاوەکانی قەیران بووە. یان شەپۆلێکی تازەی خەباتی شۆڕشگێڕانە کۆماری ئیسلامی دەڕووخێنێت و کۆمەڵگە دەباتە قۆناغێکی تازەی گەشە و هەڵدانی سیاسی خۆی، وە یان کۆماری ئیسلامی چ بە گۆڕینی شکڵی ئێستای خۆی، چ بە جێگرتنەوە، دەبێ جێگای خۆی بدا بە دەوڵەتێک کە بتوانێ بەڕێوەبەری کۆمەڵگایەکی بۆرژوایی ناقەیرانی بێت. بۆرژوازی و کۆماری ئیسلامی هەر ئێستا خەریکن لەژێر باری قورسی ئەم دوو ڕەوتە ئیحتمالییەدا دەهاڕدرێن. ڕژێمی ئیسلامی بەرانبەر بەو زەخت و زۆرە بەرگری دەکات کە بۆرژوازی دەیکاتە سەری بۆ ئەوەی حکوومەتی ئێستا شکڵ بگۆڕێ و بە شێوەیەکی هێمنانە و هەنگاو بەهەنگاو جێی خۆی بە حوکوومەتێکی ئاسایی بدات. لە لایەکی ترەوە هەر چەشنە هەوڵ و تەقەلایەک بۆ جێگۆڕکێ پێکردنی دەسبەجێ و بەزەبری ئەم حکوومەتە لە لایەن بۆرژوازییەوە، قەیرانی سیاسی پەرەپێ دەدات و دیسانەوە ڕێگا بۆ هاتنەمەیدانی کۆمەڵانی بەرینی خەڵک کە خوازیاری ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ئەم ڕژێمەن خۆش دەکات. نە قەیرانی شۆڕشگێڕانە وەها نیشتووەتەوە کە جێگۆڕکێ پێکردنی دەوڵەتی ئێستا، کە چینی بۆرژوا بۆ یەکگرتووکردنی بەرەی دژ بە شۆڕش پێویستی پێی هەبوو بۆ بۆرژوازی هەر وا بە ئاسانی دەست بدات، وە نە شۆڕش بەکردەوە وەها مەترسییەکی دەسبەجێی خوڵقاندووە کە بۆرژوازی، کۆماری ئیسلامی وەک "دەوڵەتێکی ڕێکخەری بەرەی دژ بە شۆڕش" بە کەمترین ئەرکی سیاسییەوە قبووڵ بکات و یەکگرتووانە پشتیوانی لێ بکات. زەمینەی پەیوەندی دوو توێکڵی ئەمڕۆی بۆرژوازی لەگەڵ حوکوومەتە ئیسلامییەکەی لە ئێراندا هەر ئەمەیە.

بە هەر حاڵ ئەوەی کە لەم بەشەدا دەبوو پێمان لەسەر داگرتبا، ئەوە بوو کە پەیوەندیی چینایەتیی کۆماری ئیسلامی و کارکرد و دواڕۆژی حەرەکەتی، دەبوایە لەسەر بناغەی ناسینی تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی بۆرژوایی لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا لێک بدرێتەوە. دەوڵەتی بۆرژوایی لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا دەوڵەتێکە، کە دەبێ وەڵامگۆی بەرژەوەندیی بۆرژوازی لە دەورەگەلێکی ئاوادا بێت. دەوڵەتێکی بۆرژوازی کە درێژخایەنترە و "لەگەڵ ئابووری سازگارترە" حەتمەن هەر ئەو دەوڵەتە نییە کە لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا ئەرکی پاراستنی بەرژەوەندیی بۆرژوازی لە ئەستۆ دەگرێت.

مەنسور حیکمەت..

## ٥) دەوڵەت لە دەورە شۆڕشگێڕانەکاندا:

### دەورەی شۆڕشگێڕانە و دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا

ئەوە کە کۆمەڵگای کۆمۆنیستی جێگەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و سیستەمی کۆمەڵایەتی سەرمایەداری دەگرێتەوە، حوکمێکی گشتی و دروستە. ئەمە دەربڕینێکی گشتی ڕەوتی پەرەسەندنی مێژوویی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە. بەڵام دیتمان کە لینین لە{کتێبی} "دەوڵەت و شۆڕش"دا چلۆن هەموو باسەکانی خۆی بە لێکۆڵینەوەی مەودای مێژوویی نێوان ئەو دوو نیزامە کۆمەڵایەتییە تەرخان دەکات و لەسەر بوونی دەورەی تێپەڕین-ڕاگوزار و دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا وەک ڕژێمی سیاسی ئەو دەورەی گوزارە جەخت دەکاتەوە. بەپێی نەریت، مارکسیستەکان دۆخی پاش ڕووخانی ڕژێمی بۆرژوایی لە لایەن شۆڕشی کرێکارییەوە، دابەشدەکەن بە دوو قۆناغی سەرەکیەوە، قۆناغی خوارەوەی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی، واتە سۆسیالیزم، وە قۆناغی باڵا، واتە کۆمۆنیزم. مارکس لە کتێبی "ڕەخنە لە بەرنامەی گۆتا"* و لینین لە کتێبی "دەوڵەت و شۆڕش"دا جیاوازی نێوان ئەم دوو قۆناغەی کۆمۆنیزم بە باشی ڕوون دەکەنەوە. دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا ڕژێمی سیاسیی دەورەی تێپەڕین-گوزاری نێوان سەرمایەداری و کۆمۆنیزم، یان بە وتەیەکی تر ڕژێمی سیاسیی قۆناغی یەکەمی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی، واتە سۆسیالیزمە. ئەمە شیکردنەوەیەکی دروستە و هەر لەم ئاستەدا هەموو مارکسیستێکی جیددی دەیسەلمێنێت.

بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەو قسە و باسە کە سەبارەت بە "دەورە شۆڕشگێڕانەکان" بە مانای بەرتەسکی وشەکە و جیاوازی ئەم سەردەمانە لەگەڵ دەورەی تێپەڕین بە مانای بەربڵاوتری وشەکە کردمان، لێرەدا دەبێ بڵێین کە ئەو دابەشکردنەی سەرەوە و دەستەواژەی "دەورەی ڕاگوزەر" هێشتا بەتەواوی کۆنکرێت نییە. پرسیارێکی تر هێشتا دەکرێ بێتە گۆڕ: ئایا کۆمەڵگە بە تێکشکاندنی ماشێنی دەوڵەتی بۆرژوازی دەسبەجێ دەچێتە "قۆناغی یەکەمی" کۆمەڵگای سۆسیالیستییەوە؟ ئایا لە خودی پرۆسەی ڕاگوزەر و

*) ڕەخنە لە بەرنامەی گۆتا، ناوی ووتارێکە کەمارکس لەساڵی ١٨٧٥دا وەک ڕەخنەیەک لە ڕەشنووسی بەرنامەی پارتی کرێکارانی ئەڵمانیا نوسیویەتی. مارکس لەم کتێبەدا باس لە قۆناغی گواستنەوە لە سەرمایەداریەوە بۆ کۆمۆنیزم دەکات و دەستەواژەی "دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا" دەناسێنێت و باس لە حزبە کرێکارییەکان و هەردوو قۆناغی کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی پێشبینیکراوی خۆی (واتە سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم) دەکات. بۆ خویندنەوەی تەوای کتێبەکە ئەم لینکە بەکار بهێنن:
https://www.hkkurdistan.org/ku/?p=16293

# دەوڵەت لە دەورە شۆڕشگێڕانەکاندا

لە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریادا وەک دەوڵەتی دەورەی تێپەڕین، هیچ قۆناغبەندییەکی کۆنکرێتتر لە ئارادایە؟

بە بڕوای من لێرەدا دەبێ قۆناغبەندییەکی تر بێنینە نێو باسەکەوە. دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا (یان دەورەی تێپەڕین-ڕاگوزەر بە گشتی) دوو دەورەی گرنگ و کەم تا زۆر جیاواز دەگرێتە بەر. یەکەم، دەورەی دامەزراندنی دەسەڵاتی سیاسیی پرۆلیتاریا و دووەم، دەورەی تێپەڕینی کۆمەڵایەتییە لە سایەی دیکتاتۆری "سەقامگیربووی" پرۆلیتاریادا. دەورەی یەکەم، سەردەمێکە کە دەسبەجێ بە پێکهاتنی دەوڵەتی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا دەست پێدەکات. سەردەمێک کە دەوڵەتی کرێکاری وەک دەوڵەتێکی شۆڕشگێڕی کاتی کرێکاران، وەک "دەوڵەتێکی دەورەی شۆڕشگێڕانە" کار دەکات. ئەرک و ئەولەوییەتە سەرەکییەکانی ئەو دەوڵەتە، وەک هەموو دەوڵەتێکی بەرهەمی شۆڕش، سەرکوتکردنی بەرگریی مسۆگەر و هەتا پای گیانی کۆنەپەرستیی شکست خواردوو، یانی بۆرژوازییە، کە بۆ بەدەستهێنانەوەی دەسەڵاتی سیاسی خۆی هەوڵ دەدات. تایبەتمەندیی سەرەکی ئەم سەردەمە بریتییە لە بەردەوامبوونی قەیرانی شۆڕشگێڕانە، بوونی دژە شۆڕشێکی یەکگرتووی بۆرژوایی کە بە شێوەیەکی توندوتیژ بەرانبەر بە شۆڕش ڕادەوەستێ، ئەگەری گەڕانەوەی دەسەڵاتی بۆرژوازی لە ڕێگای سیاسی و سەربازییەوە، وە ناسەقامگیریی سیاسی و دڵنیانەبوون لە سەقامگیربوونی دەسەڵاتی سیاسیی پرۆلیتاریا و شتی تری لەم چەشنە. بە هەر ڕادەیەک دەوڵەتی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا بتوانێت بەرگریی بۆرژوازی تێک بشکێنێ و دەسەڵاتی سیاسیی چینی کرێکار سەقامگیر بکات، ئەو سەردەمە لە کۆتایی خۆی نزیک دەبێتەوە. بە وتەیەکی تر، دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا لەم دەورەیەدا "دەوڵەتی کاتی" ، دیکتاتۆریی پرۆلیتاریایە بەهەموو تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتێکی شۆڕشگێڕی کاتییەوە کە پێشتر ئاماژەمان پێی کرد. خەسڵەت و ڕەوشتەکانی ئەو دەوڵەتە، هەر ئەو خەسڵەت و ڕەوشتانەن کە بە شێوەی ئاسایی لەگەڵ خودی پرۆسەی شۆڕش و ڕاپەڕین پەیوەندییان هەیە، ئۆرگانەکانی ئەم دەوڵەتە، ڕێکخستنی ئۆتۆریتە و دەسەڵات لەم دەوڵەتەدا، پەیوەندیی حقووقی و عەمەلی ئەم دەوڵەتە لەگەڵ چینەکەی خۆی، ئەو هێزانەی کە پێکهێنەری ئەو دەوڵەتەن و هەروەها ڕابەرییەکەی، بە شێوەی ئاسایی لە درێژەی پرۆسەی شۆڕشدا شکڵی گرتووە و مۆری ڕابەری، پەیوەندی و هێزە پێکهێنەرەکانی بەرەی شۆڕشی پێوەیە.

دەورەی دووەم، سەردەمێکە کە تێیدا دەسەڵاتی سیاسیی پرۆلیتاریا سەقامگیر دەبێت. لەم دەورەیەدا دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا وەک دەوڵەتێک بە مانا "ناکاتییەکەی" کار دەکات. لێرەدا هەر ئەو پێناسەیەی مارکسیزم سەبارەت بە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا کە بۆ هەمووان ئاشنایە دێتە دی، یانی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا وەک ڕێکخراوی ڕاستەوخۆی هەموو چینی کرێکار،

وەک چینی دەسەڵاتدار و دامەزرانی دیموکراسی پرۆلیتێری لە کامڵترین شکڵی خۆیدا، بەکردەوە دێتە دی. ئەمە "دەوڵەتێکە" کە "گۆچانەکەی" فڕێ داوە و لەسەر پێی خۆی ڕاوەستاوە. هەموو نیشانە و شوێنەوارێکی ئەو پرۆسەیەی کە تێیدا شکڵی گرتووە و سەری هەڵداوە لە خۆی سڕیوەتەوە و دەسەڵاتی سیاسیی چینێکی کۆمەڵایەتی، بە مانای ڕاستەقینەی وشەکە نیشان دەدات و نەفەر بەنەفەری ئەم چینە لە پرۆسەی بڕیاردان و بەڕێوەبردنی کاروباردا ئامادەیی ڕاستەوخۆیان دەبێت. لێرەدا ئیتر هیچ توخمێکی "کاتی" لە ناو ئەو دیکتاتۆرییەدا لە ئارادا نییە مەگەر بە مانا گشتییەکەی خودی دەوڵەت، کە سەرئەنجام بەرەو پوکانەوە و تێداچوون دەچێت. ئەوە ئیتر "دەوڵەتێکی شۆڕشگێڕی کاتی" نییە، بەڵکوو دەوڵەتێکە هاوسەنگ لەگەڵ ئابووری و پەیوەندییەکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی و دەبێت ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی سیاسی ئەو پەیوەندییە بێت کە لە گەشەکردندایە و زامنی پەرەئەستاندن و گەشە و هەڵدانی بێت.

بە وتەیەکی تر ئەو قۆناغبەندییە کە لێرەدا باسی دەکەین، دوو دەورەی ژیانی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا دەگرێتەوە. یەکەم، دەورەی شۆڕشگێڕانە، یانی سەردەمێک کە مانەوەی حکوومەتی پرۆلیتێری لە باری سیاسی و سەربازییەوە لە مەترسیدایە و سەرکوتکردنی بەرگریی سیاسی و سەربازیی بۆرژوازی و سەقامگیرکردنی سەرکەوتنی شۆڕش لە باری سیاسییەوە، ئەرکی دەسبەجێیە و لە پێشەوەی هەموو شتێکە، دووەم، دەورەی سەقامگیربوون، کە تێیدا دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا دەتوانێت خەریکی گۆڕینی بناغە ئابوورییەکانی کۆمەڵگە بێت. ئەوەی دەورەی یەکەم دیکتاتۆریی پرۆلیتاریایە وەک "دەوڵەتی دەورەی شۆڕشگێڕانە" و ئەوەی دەورەی دووەم دیکتاتۆریی پرۆلیتاریایە بە مانای کلاسیک و کامڵی وشەکە، یانی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا وەک سەرخانی سیاسی هەموو دەورەی ڕاگوزەری نێوان سەرمایەداری و کۆمۆنیزم. ڕوونە کە ئەم دوو سەردەمە بە ژمارە و پێوان لێک جیاناکرێنەوە. بەڵکوو بەپێی ئەوە کە لە هەر دەورانێکیاندا چ ئەرکێکی دەسبەجێ دەکەوێتە سەر شانی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا، لێکجیا دەکرێنەوە. ئەوە کە کام ئەرک لە پێشترە و ئەولەوییەتی هەیە، شتێکی ئیختیاری و بە هەڵبژاردە نییە، بەڵکوو لە هەلومەرجی بابەتی و سەنگ و سووکی هێزی چینە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرچاوە دەگرێ. لە مارکسیزمدا خودی ئەم جیاکردنەوەیە شتێکی تازە نییە. (ئەو شتەی لەم باسەی ئێمەدا ڕەنگە تازە بێت ئەوەیە، کە چ ئەنجامگیرییەکی لێبکەین و چۆنی تێدەگەین و ئەم دەورەیە چەندە بە لامانەوە گرنگە). ئاماژە جۆراوجۆرەکانی لینین بەدرێژایی شۆڕشی ئۆکتۆبەر ئەوە نیشان دەدا کە لینین لە دابەشکردنی تایبەتمەندی و ئەرکەکانی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریادا شتێکی وای لەبەر چاوبووە:

# دەوڵەت لە دەورە شۆڕشگێڕانەکاندا

"یەکەم ئەرکی هەر حیزبێک کە ڕووی لە داهاتووە، ئەوەیە کە زۆربەی هەرە زۆری خەڵک قەناعەت پێ بێنێ کە بەرنامە و تاکتیکەکانی دروستن. ئەو ئەرکە چ لە دەورەی تزاری و چ لە دەورەی سیاسەتی سازانی تسرەتلییەکان و چرنوفەکان لەگەڵ کیرنسکییەکان و کیشەکینەکان*دا، لەسەرەوەی هەموو ئەرکەکان بوو. ئەمڕۆ بە ڕادەیەکی زۆر ئەو ئەرکە بە ئەنجام گەیشتووە، چونکە هەر وەک کۆنگرەی شووراکان لە مۆسکۆ بە شێوەیەکی یەکلایی سەلماندی. زۆربەی هەرە زۆری کرێکاران و جووتیارانی ڕووسیا بە ئاشکرا لایەنی بۆلشەفیکەکانیان گرتووە. بەڵام دیارە بۆئەوەی ئەم ئەرکە بەتەواوی جێبەجێ بێ و بە ئەنجامی کامڵی خۆی بگات، هێشتا زۆری پێ دەوێ.

دووەمین ئەرکێک کەوتە بەردەم حیزبی ئێمە <u>بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی و سەرکوتکردنی بەرگریی چەوسێنەران بوو.</u> ئەو ئەرکەش بەتەواوی بەڕێوە نەچووە و نابێ لێی غافڵ بین، چونکە سەڵتەنەتخوازان و دیموکرات-پاشاییخوازان لە لایەکەوە و دەست و پێوەندەکانیان یانی مەنشەفیکەکان و ئێس ئارە ڕاستەکان لە لایەکی ترەوە، هەوڵی خۆیان بۆ یەکگرتن بە مەبەستی ڕووخاندنی دەسەڵاتی شووراکان، درێژەپێ دەدەن. بە هەر حاڵ بە ڕادەیەکی زۆر ئەرکی سەرکوتکردنی بەرگریی چەوسێنەران لە ماوەی ٢٥ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧وە هەتا نزیکەی فێبریوەری ساڵی ١٩١٨، یانی خۆبەدەستەوەدانی بوگایفسکی، بەسەرچووبوو. سێیەمین ئەرکێک کە هەر ئێستا خەریکە وەک ئەرکێکی دەسبەجێ دەکەوێتە سەرەوەی هەمووان و پێکهێنەری خەسڵەتی تایبەتی بار و دۆخی ئێستا، یانی ڕێکخستنی <u>بەڕێوەبردنی کاروباری</u> ڕووسیایە. هەڵبەت ئێمە هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی پاش ٢٥ی ئۆکتۆبەرەوە لە پێناو ئەنجامدانی ئەو ئەرکەدا هەنگاومان هەڵگرت. بەڵام هەتا ئەمڕۆ، بەهۆی بەرهەڵستیی چەوسێنەرانەوە کە بە ئاشکرا شێوەی شەڕێکی ناوخۆیی بە خۆوە گرتبوو، ئەرکی بەڕێوەبردنی کاروبار <u>نەیدەتوانی</u> ببێتە ئەرکێکی <u>سەرەکی و تەوەریی</u>".

(ئەرکە دەسبەجێکانی دەوڵەتی سۆڤێت، نیسانی ١٩١٨. بەرگی ٢٧، ل٢٤١- ٢٤٢، تەئکیدی <u>دوو خەتی</u> هی دەقە ئەسڵییەکەیە)

---

*) لێرەدا لێنین ئاماژە بەقۆناغیکی هەستیار دەکات، کە لەمانگی ئایاری ١٩١٧دا ڕوبەڕوبونەوەی شۆڕش و بۆلشەفیەکان دەبێتەوە، ئەمەش دوای هەوڵی مەنشەفیکەکان، بەڕابەری ئیراکلی تسرەتلی، و ڤیکتۆر چرنۆف، لەباڵی راستڕەوی ئێس ئاڕەکان (سۆشیالیستە شۆڕشگێرەکان)، بەپێکهێنانی هاوپەیمانیەتیەکی سیاسی بۆ پشتگیری کردنیان لەحکومەتە کاتیەکەی ئەلکساندر کرنسکی وچڕکردنەوەی هەوڵەکانیان بۆ تێکەڵکردنی شوراکان بەحکومەت و بەدەستهێنانی پشتیوانی خەڵک.. بەلام دووجار بەلشەفیکەکان ئەم هەوڵە دژە شۆڕشەیان شکست پێهێناو کرنسکی ناچار بوو بەهەڵهاتن.

## مەنسور حیكمەت..

واقیعییەت ئەوەیە كە بەرپەرچدانەوە و لەناوبردنی ئەو مەترسییانەی كە هەڕەشەی ڕووخاندنیان لە دەوڵەتی شووراكان دەكرد و پووچەڵكردنەوەی هەموو ئەو پیلانە سەربازییانەی كە بۆرژوازی، چ ناوخۆیی و چ جیهانی، بۆ لەناوبردن و ڕووخاندنی ئەو دەوڵەتە دەیگێڕا، زۆر زیاتر لە ئۆكتۆبەری ١٩١٧ هەتا فێبریوەری ١٩١٨ درێژەی كێشا. ئەو خاڵەش ڕۆشنە كە دیكتاتۆریی پرۆلیتاریا پاش ئەنجامدانی ئەركی "دووەم" (یان یەكەم ئەركی پاش بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات)، دەبوایە هێندێك ئەركی زیاتر لە بەڕێوەبردنی "كاروباری"ی ڕووسیای لە پێشەوەی هەموو ئەركەكان دابنایە كە ئەو كارەشی كرد، بەڵام بە هەر حاڵ ئەو فۆرمولبەندییە، یانی جیاكردنەوەی ئەو ئەركانە كە یەك لەدوای یەك و بەبێ خواست و ئیرادەی حیزبی پێشڕەوی چینی كرێكار دەكەوتە پێشەوەی هەموو ئەركەكان و خۆیان دەسەپاند، بە دوو شێوەی "سەركوتكردنی بەرگریی چەوسێنەران" و "بەڕێوەبردنی كاروبار"، لە ڕاستیدا لەگەڵ ئەو قۆناغبەندییە دێتەوە كە باسمان كرد. دەورەی یەكەم سەردەمێكە كە پرۆلیتاریا بەبێ هیچ ڕاوەستانێك دەبێت دەسەڵاتی خۆی دابمەزرێنێ و لە خەباتێكی توندوتیژدا بەتەواوی سەر بە بۆرژوازی دانەوێنێ، وە دەورەی دووەم، دەورەی "بەڕێوەبردن"، یان بە مانای بەربڵاوتری وشەكە، دەورەی ڕێكخستنی كۆمەڵگە، بەپێی دەسەڵاتداریتی سیاسیی پرۆلیتاریا، یان دەورەی ڕاگوزارە بە مانای بەربڵاوی ئابووری و كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری. دیارە حیزب بە دڵخوازی خۆی ئەوە دیاری ناكات كە چ شەڕێك "لەپێشتر"ە، بەڵكوو بەپێی بار و دۆخێك كە خودی بەرگریی بۆرژوازی و ڕادەی توندوتیژی و شكڵ و شێوەی ئەو بەرگرییە پێكی دێنێت، ئەولەوییەتەكان خۆ نیشان دەدەن. لێنین لە هەمان نووسراوەدا فۆرموولبەندییەكی پوختەتر و كورتتر لەو دەورەبەندییەی دیكتاتۆریی پرۆلیتاریا بەدەستەوە دەدات:

**"لە هەموو شۆڕشێكی سۆسیالیستیدا، پاش ئەوەی پرۆلیتاریا مەسەلەی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی چارەسەر كرد، وە بە ڕادەیەك كە ئەركی دەسكۆتاكردنی چەوسێنەران و سەركوتكردنی بەرگرییان جێبەجێ كرابێت. ئەركی بنەڕەتیی پێكهێنانی سیستەمێكی كۆمەڵایەتی باشتر لە سەرمایەداری دەكەوێتە سەرووی هەموو ئەركەكانەوە، یانی ئەركی بردنەسەری (ئاستی) بەرهەمهێنەری كار و لەپەیوەند لەگەڵ ئەمەدا (و بۆ ئەو مەبەستە) ڕێكخستنی باشتری كار. دەوڵەتی شوورایی ئێمە لە سایەی سەركەوتن بەسەر چەوسێنەراندا (لە كیرنیسكییەوە هەتا كۆرنیلۆف) لە بار و دۆخێكدایە كە دەتوانێ ڕاستەوخۆ خەریكی بەڕێوەبردنی ئەو ئەركە بێ و بۆی تێكۆشێ. لێرەدا دەسبەجێ ئەو خاڵە ڕوون**

# دەوڵەت لە دەورە شۆڕشگێڕانەکاندا

**دەبێتەوە کە ئەگەر بکرێ دەوڵەتی ناوەندی لە ماوەی چەند ڕۆژدا دەستی بەسەردا بگیرێ، ئەگەر سەرکوتکردنی بەرگریی سەربازی (و پیلانەکانی) چەوسێنەران تەنانەت لە زۆربەی شوێنەکانی وڵاتێکی پان و بەریندا لە ماوەی چەند حەوتوودا ئیمکانی هەبێ، چارەسەرکردنی بنەڕەتیی مەسەلەی بردنەسەری ئاستی بەرهەمهێنەری کار بەم حاڵەشەوە هێشتا ... پێویستی بە چەندین ساڵ هەیە. (هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٢٥٧)**

دیسان لێرەدا باسی ئەوە دەکەین کە یەکەم، ئایا لە نیسانی ساڵی ١٩١٨دا دەوڵەتی شووراکان یەکەم قۆناغی خۆی، یانی سەرکوتکردنی چەوسێنەرانی بەڕاستی تێپەڕ کردبوو یان نا، وە دووەم، ئایا "بردنەسەری ئاستی بەرهەمهێنەری کار" و تەنیا "بەو مەبەستەوە"، "ڕێکخستنی باشتری کاری کۆمەڵایەتی" دەکرێ پێی بوترێ ئەرکە "ئاسایی"یەکانی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا. خاڵی بنەڕەتی بۆ ئێمە ئەوەیە، کە لێنین چلۆن چاو لە دەورەبەندی و یەک لەدوای یەک هاتنەپێشی ئەولەوییەتەکان و ئەرکە عەمەلییەکانی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا دەکات. دەورەبەندییەک کە بە بڕوای ئێمە دەبوایە لە باری تیۆریکەوە دەورێکی زۆر بانتری لە ڕوونکردنەوەی بۆچوونی بۆلشەفیکەکاندا سەبارەت بە ئەرکەکان و داهاتووی شۆڕشی ئۆکتۆبەر هەبوایە.
یەکەمین بەرئەنجامی عەمەلی کە ئێمە لەم جەختکردنە لەسەر قۆناغبەندی لە دەورەی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا پێی دەگەین، لە ڕاستیدا داکۆکیکردنە لە حکوومەتی سۆڤێت لە دەورەی لێنیندا بەرانبەر بەو "دیموکراتانە" کە ڕەخنە لەو دەوڵەتە دەگرن. دووەم، هەر لە پەیوەندی لەگەڵ ئەمەدا، ئەو دەورەبەندییە ڕێگای ئەوەمان بۆ دەکاتەوە بیروڕا و فۆرموولاسیۆنەکانی لێنین لە دەورەی پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەردا لە جەرگەی مێژوویی ڕاستەقینەی خۆیدا چاولێ بکەین و بەم پێیە بۆچوون و میتۆدۆلۆژیی عەمەلیی لێنین لەم پرۆسەیەدا وردتر لێک بدەینەوە. سێیەم، ئەو دەورەبەندییە، ئەو توانستە بە ئێمە دەدات کە هەندێک لە کەموکووڕییە چارەنووسسازەکانی بزووتنەوەی بۆلشەفیکەکان کە لە ئەنجامدا گەلێک ئاکامی نالەباریان لە ڕەوتی بەرەو پێشچوونی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا پێکهێنا، باشتر شی بکەینەوە و لێکی بدەینەوە و سەرەنجام چوارەم، بەپێی ئەو دەورەبەندییە توانستی ئەوە پەیدا دەکەین کە وێنایەکی تا ڕادەیەک ڕۆشنتر لە ستراتیژیی عەمەلیی پرۆلیتاریا پاش بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات بەدەستەوە بدەین. ئەمە بۆ خۆپاراستن لە ناکامییەکانی شۆڕشە پرۆلیتێرییەکانی پێشوو زۆر پێویستە. لەم بابەتەدا بە درێژی باسی ئەم خاڵانە ناکەین. بەڵکوو بە کورتی سەرخەتی باسەکان ئاماژە پێ دەکەین و درێژەی قسە و باسەکە

دەهێڵینەوە بۆ کاتی تر.

بە هەندێک وردبوونەوە لە نووسراوەکانی لێنین، دوو هەڵوێستی جیاواز سەبارەت بە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا، وە یان بە وتەیەکی تر دوو جۆرە فۆرموولبەندی جیاواز، سەبارەت بەم دەوڵەت دەبینین. ئەگەر ئەو دەورەبەندییەی کە باسمان کرد لەبەرچاو نەگرین، ڕەنگە تەنانەت ئەو فۆرموولبەندییانە دژبەیەک بێنە بەرچاو. بەڵام لەبەر تیشکی ناسین و لێکجیاکردنەوەی ئەم دوو دەورەیەدا. ئەم دژایەتییەش نامێنێ. لە لایەکەوە باسی ئەوە دەکرێ (وە لێنین خۆی بە شێوەی سەرەکی ئەم باسەی تیۆریزە کردووە) کە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا دیموکراسی ڕاستەوخۆی ڕێکخراوی جەماوەری و پرۆلیتێرییە. تاک تاکی چینی کرێکار ڕاستەوخۆ لە ئۆرگانەکانی دەسەڵاتی جەماوەریی خۆیاندا وەک قانووندانەر، بەڕێوەبەری قانوون و قازی، دێنە مەیدانەوە. دەوڵەت خەسڵەتی خۆی وەک هێزی تایبەتیی توندوتیژی لەدەست دەدات و دەبێتە ڕێکخراوی چینی کرێکار وەک چینی دەسەڵاتدار و هەروەها دەبێتە ڕێکخراوی گشتی و بەڕێوەبەری کۆمەڵگە. ئەمە وێنەیەکە کە ئێمە بەکورتی لە بەرنامەی خۆماندا لە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا نیشانمان داوە. لە لایەکی ترەوە چ لە ئەدەبیات و چ لە کارکردی بۆلشەفیکەکاندا گوزارشت و شێوازی وا دەبینین کە لە یەکەم تێڕوانیندا بەرچاو دەکەوێ کە لەگەڵ ئەو فۆرموولیەندییەی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا ناکۆکی هەیە. بۆ نموونە لێنین خۆی لەو قسە و باسەدا کە سەبارەت بە بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیکردنی یەکە بەرهەمهێنەرەکان و کێشەی نێوان کۆمیتەکانی کارخانە و یەکێتییەکان لەسەر کۆنترۆڵی کرێکاری کردوویەتی دەڵێت، دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا دەتوانێت لە "دیکتاتۆری حیزب"وە، یان تەنانەت لە "دیکتاتۆری تاقە کەسێک"دا خۆی بنوێنێ، لە کردەوەشدا دەبینن کە لێنین و بۆلشەفیکەکان، یانی لایەنگران و ئاڵاهەڵگرانی تیۆری مارکسیستی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا وەک دیموکراسی بەرزی پرۆلیتێری، زۆر جار لایەنگرییان لەو هەنگاوانە کرد کە کۆنترۆڵی حیزب و شورای کۆمیساریای گەل و دەوڵەتیان بەگشتی بەسەر ئابووری و سیاسەتی کۆمەڵگەدا زیاد دەکرد، ئەویش لەبەرانبەر کۆنترۆڵ و بەڕێوەچوونی ئیرادەی ڕاستەوخۆی ئەو ئۆرگانانەدا کە ڕاستەوخۆ لەلایەن جەماوەرەوە هەڵبژێردرابوون وەک شووراکان. مێژوونووسان هەمیشە ئەو هەڵوێستەی دووەم بە حیسابی "پاشکەوتوویی ڕووسیا" و "پراگماتیزمی" بۆلشەفیکەکان دادەنێن و ئەو کەسانەی ڕەخنەی "دیموکراتیک لە بۆلشەفیکەکان دەگرن، ئەم هەڵوێستە بە "سەرەتای بیرۆکراتیزم" و "ڕەتکردنەوەی ئوسووڵی مارکسیزم" دەزانن. ئەم شێوە دەربڕینەی دووەم و ئەو هەنگاوانەی کە تەنانەت لە دەورەی ژیانی لێنینیشدا بەکردەوە بەمەبەستی شکڵپێدانی دەسەڵاتی یەکگرتووی دەوڵەتی، دەسەڵاتێکی کەم تا زۆر لەبان ئیرادەی ڕاستەوخۆی

# دەوڵەت لە دەورە شۆڕشگێڕانەکاندا

جەماوەری کرێکارەوە هەڵگیران، بیانوویەک بوون بەدەست ئەو ڕەخنەگرانەوە کە لە هەڵوێستێکی "دیموکراتیک"ەوە ڕەخنە لە شۆڕشی سۆسیالیستی ئۆکتۆبەر دەگرن. کۆمۆنیستە شوورایییەکان، ئۆپۆزیسیۆنی کرێکاری و فراکسیۆنی دیموکراتیک-سانترالیستەکان (لە خودی سۆڤیەتدا)، چەپی نوێ، ترۆتسکیزم، ئۆرۆ کۆمۆنیزم و هی تر، هەموویان ئەم "ڕەخنە دیموکراتیکە" لە ئەزموونی ڕووسیا دەگرن*.

جیاکردنەوەی دوو دەورەی ناوبراو لە پرۆسەی شۆڕشی پرۆلیتێریدا تا ڕادەیەکی زۆر هۆی ئەم گوزارشتە "دوولایی" و بە ڕواڵەت "پراگماتیستی"یەی بۆلشەفیکەکان ڕوون دەکاتەوە. واقیعییەت ئەوەیە کە بەشی هەرەزۆری هەنگاوە "سانترالیستی"یەکانی دەوڵەتی پرۆلیتێری لە هەوەڵین ساڵەکانی شۆڕشدا و ئەو هەنگاوە ئابوورییانە کە بە نادروست ناوی نرا "کۆمۆنیزمی جەنگی" (وە هەروەها پاشان سیاسەتی نپ)**، کۆمەڵە هەنگاوێک بوون کە لەگەڵ دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا بە مانای بەربڵاو و کاملی وشەکە نەگونجان، بەڵکە

---

*) لێرەدا مەنسور حیکمەت ئاماژە بە کۆمەڵێک ڕەوتی چەپ دەدات کە لەڕوانگەی دیموکراتیەوە ڕەخنە لەئەزمونی شکستی شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەگرن. بۆنمونە:

- کۆمۆنیستە شورایەیەکان: ئەمانە ڕەوتێکی مارکسی دژە لینینی ودژە حیزبین وبڕاوایان بەحیزب نیەو پێیانوایە حیزب سەرچاوەی بیرۆکراتیزمە، بۆیە نابێت حیزب دەسەڵات بگرێت ودەبێت دەسەڵات و بەڕێوەبردنی بەرهەمهێنان ڕاستەوخۆ لەلایەن ڕێکخراوی کرێکاران خۆیانەوە و شوراکانەوە بێت. ئەم ڕەوتە دوای جەنگی جیهانی یەکەم لە ئەلمانیاو هۆڵندادا سەری هەڵداو پەڕییەوە بۆ ڕوسیا.

- ئۆپۆزسیۆنی کرێکاریی، فراکسیۆنێک بوو کەلەدەرونی حیزبی کۆمۆنیستی ڕوسیا لەنیوان ساڵانی ١٩٢٠ - ١٩٢١ دا لەدژی بیرۆکراتیزمی حیزبی سەری هەڵدا، ئەلساندر شلیپینیۆف وکۆڵنتای ومەدۆدیف، لەکەسایەتی ناسراوی ئەم ئۆپۆزسیۆنەبون.

- چەپی نوێ: بزوتنەوەیەکی سیاسی ومارکسیستی چەپگەرا بووکەلە ساڵانی ١٩٦٠ بۆ ١٩٧٠ سەری هەڵدا وچەندین ڕێکخراو و ڕەوتی سیاسی و فکری لەخۆیدا کۆکردەوە. ئەم بزوتنەوەیە بەمیانەگرتن لەڕەوتە مارکسیتیە تەقلیدیەکان کە تەئکیدیان لە خەباتی چیانیەتی دەکردەوە، بەرەو ناڕەزایەتیەکانی خویندکاران، و خۆپشاناندانەکانی دژی جەنگ و داگیرکاریەکان لەئەمریکای لاتین، ڕاوەستانەوە لەدژی مادە هۆشبەرەکان وراسیزم... ڕویان وەرگێڕا. چەپی نوێ لەڕوی فکریەوە هەنگاویکی ئەرێنی لەڕاستای ڕەخنەگرتن لە"ئەزمونی سۆڤیەتدا" هەڵگرت.

- ئۆرۆکۆمۆنیزم: کۆمۆنیزمی ئەوروپایی، کۆمەڵەی ئەو حیزبە کۆمۆنیستانە دەگریتەوە کەلەسالانی ١٩٧٠ بۆ ١٩٨٠ لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا کەوتنە دوبارە سەرنجدانەوە لەباوەڕ وسیاسەتەکانیان وبەرەو دیموکراسی وەرچەرخان. ئەم حیزبانە کە زیاتر پرۆ ڕوسی بوون بەلام بەهۆی لاوازی پێگەی ئابوری و تەکنۆلۆژی و سەربازی یەکێتتی سۆڤیەتەوە، لەسەردەمی جەنگی ساردا، وردەوردە لەپاشکۆیەتی بۆ حیزبی کۆمۆنیستی ڕوسیا خۆیان دابران.

**) لێرەدا مەنسور حیکمەت ئاماژە بە دوو سیاسەتی ئابوری بەلشەفیەکان لەدوو سەردەمی جیادا دەکات:

یەکەمیان: کۆمۆنیزمی جەنگی، کۆمەڵەی ئەو هەنگاوە ئابوریانە دەگرێتەخۆی کە لەنێوان ساڵەکانی ١٩١٧ تا ١٩٢٢دا گیراوەتەبەر. ئەمەش وەک ڕێوشوێنی بەپەلە و ناچاری بۆ وەڵامدانەوە بە گرفتەکانی شەڕی ناوخۆی ڕووسیا و دابینکردنی پێداویستییەکانی سوپای سوور و شارەکان جێبەجێ کران. گرنگترین هەنگاوەکانیش بریتیبون لە: بە نیشتمانیکردنی تەواو: هەموو پیشەسازییە بچووک و گەورەکان بە نیشتمانی کران. دەستبەسەرداگرتنی دانەوێڵە بەمەبەستی دابینکردنی خۆراکی شارەکان و سوپا، نەمانی پارەو کارپێکردنی زیادە..

دووەمیان: سیاسەتی ئابووری نوێ(نیپ): بەمەبەستی ڕزگارکردنی ئابووریی داڕماوی روسیا دوای کۆتاییهێنانی شەڕی ناوخۆ، لێنین لە کۆنگرەی دەیەمی حیزب (ئازاری ١٩٢١)دا سیاسەتی ئابووریی نوێی (NEP)ی ناساند، کە پاشەکشەیەکی تاکتیکی بوو لە کۆمۆنیزم. بەپێی ئەم سیاسەتە تازەیە بڕیاری کۆتاییهێنان بەزۆربەی ئەو هەنگاوە ئابوریانە درا کەلە سەردەمی ⬅

## مەنسور حیکمەت..

وەڵامدەرەوەی پێداویستییەکانی سەقامگیرکردن و مەحکوومکردنی دەسەڵاتی پرۆلیتێری، یانی "دەوڵەتی کاتی" دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا لە ڕووسیا بوون. ڕەنگە ئەمڕۆ پاش ٧٠ساڵ بەم تێڕوانینەوە و بەم پێداهاتنەوەیە، بتوانین بڵێین کە دەکرا بۆلشەفیکەکان تەنانەت هەر لەو چوارچێوەیەدا "هەنگاوی باشتر" هەڵگرن، بەڵام بە هەر حاڵ ئەو کارانەی کە کران و ئەو هەنگاوانەی کە هەڵگیران، هەنگاوە سیاسی و کارگێڕی و ئابوورییەکانی دەوڵەتێکی شۆڕشگێڕی کاتی پرۆلیتاریا بوون لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا. بۆ پاراستن و سەقامگیرکردنی دەسەڵاتی سیاسیی چینی کرێکار بەرانبەر بە بەرگری و پیلانەکانی بۆرژوازی، نەک هەنگاوی وا کە وەڵامدەرەوەی ئەو ئەرک و ئامانجانە بن کە لەپێشدا بۆ دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا بە مانای کاملی وشەکە دیاری کراون. هەر ئەو هێزەی کە ڕێکخەری ڕاپەڕینە و شووراکان دێنێتە سەر ئەو قەناعەتە کە بکەونە شوێنی و لە بار و دۆخێکدا دایان بنێت کە "کاری ئەنجامدراو" بسەلمێنێت، هەر ئەو هێزەی کە ڕابەریکردنی بەشی پێشڕەوی چینی کرێکاری لەسەر شانە و پشتی بەم بەشە بەستووە، هەر ئەو هێزەی کە سەرەڕای نارەزایەتی بەشەکانی تری چینی کرێکار کە لەژێر نفووزی مەنشەفیکەکاندان، هەروەها ئەو جووتیارانەی کە لایەنگری ئێس ئارەکانن، داوای ئەوە دەکەن، دەسەڵات بە تەواوی بە شووراکان بسپێردرێ و لە پێناو ڕووخاندنی دەوڵەتی بۆرژوایی و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی ڕاستەقینەیدا کردەوەی توندوتیژی ڕێکخستووە، هەر ئەو هێزە بەناچار بە حوکمی هەلومەرجی بابەتیی سیاسی، بە شێوەی ئاسایی دەکەوێتە هەلومەرجێکەوە کە ئەرکی ڕابەریکردنی پرۆسەی درێژەپێدانی شۆڕش "لەسەرەوە" و سەرکوتکردنی بەرگریی چەکدارانەی بۆرژوازی بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێت و دەبێت لێبڕاوانە ئەو ئەرکەش لە ئەستۆ بگرێ. ئەوە جەوهەری ڕاستەقینەی هەر دەوڵەتێکی شۆڕشگێڕی کاتییە کە ڕێکخراوی هەڵسووڕاوترین بەشی شۆڕشگێڕەکان، یانی ڕێکخراوی ئەو کەسانەیە کە بەکردەوە ڕاپەڕیون. ئەو چاوەڕوانییە "دیموکراتیک"ە، یانی ئەوەی کە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا لە ڕۆژی ٨ی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩١٧دا بینایەکی دیموکراتیک و هەڵبژێراوی هەبێت و ڕێکخراوی "دیموکراتیکی" چینی کرێکار وەک چینی دەسەڵاتدار بێت، یانی هەر ئەو شتەی کە مارکس و لینین وەسفی دەکەن، چاوەڕوانییەکی نادروستە. ئەوە

---

کۆمۆنیزمی جەنگیدا پەیڕەویان لێدەکرا. هەروەها بڕیاری گەڕانەوەی سنووردار بۆ سەرمایەداری درا وجارێکی دیکە ڕێگەی بە بازرگانی تایبەت و بازرگانی بچووک و دامەزراندنی کرێکاران درا. بوژانەوەی پارە: دراوی نیشتمانی (ڕوبڵ) خرایە بواری جێبەجێکردنەوە و سیستەمی بانکی چالاک کرا. بەڕێوەبردنی دەوڵەت: دەوڵەت بەردەوام بوو لە کۆنترۆڵکردنی پیشەسازی قورس، بانکەکان و بازرگانی دەرەکی.. وەک بەرئەنجامێکی ئەم سیاسەتە نوییە ئابورییە بەرهەمی کشتوکاڵی و پیشەسازی بە خێرایی چالاک بووەوە و بەئاستێکی زۆر برسێتی و نەبوونی کۆتایی هات وکۆمەڵگای ڕوسیای بەرەو دۆخێکی چینایەتی تازە برد.

# دەوڵەت لە دەورە شۆڕشگێڕانەکاندا

هەڵوێستێکی نادروستە کە تێیدا تایبەتمەندییەکانی دەورەی شۆڕشگێڕانە و خەسڵەتی دەوڵەتی شۆڕشگێڕی بەرهەمی ڕاپەڕین لە دەورانێکی ئاوادا فەرامۆش دەکرێ. لەم شێوە "ڕەخنە"یەدا ئەوە لەبەرچاو ناگیرێت، کە تایبەتییەکانی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا دەستبەجێ پاش ڕاپەڕین، لەگەڵ دەوڵەتی پرۆلیتاریا لە هەلومەرجی پاش سەقامگیربوونی دەسەڵاتی کرێکاریدا جیاوازییان هەیە. مەرجی دامەزراندنی ئەوەی دووەم، پێکهێنانی ئەوەی یەکەمە لەسەر بنەمای هێز و توانای پێشڕەوترین بەشی چینی کرێکار، وە بۆ ئەم مەبەستە دەبێت هەوڵ بدرێت بۆ ئەوەی کە ڕیزی شۆڕش بەر لە ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕینی لێک نەپچڕێ. "ڕاپەڕین لە دوو پایتەختدا" ئەوەش بە یارمەتی ئەو شوورایانەی کە تازە بەرەو هەڵوێستی بۆلشەفیکی وەرچەرخابوون. بە شێوەی ئاسایی پرۆلیتاریای "هەردوو پایتەخت" و بۆلشەفیکە ڕاپەڕیوەکانی کرد بە کەرەستە و سەرچاوەی سەرەکیی هێزی نەپساوەی دەوڵەتی شۆڕشگێڕی کاتی و بناغەکانی. دیارە کارکردە جۆراوجۆرەکانی ئەو دەوڵەتە نەیدەتوانی دەسبەجێ هەر درێژەی نەریت و ڕەوشتە جۆراوجۆرەکانی خەباتی تا ئێستای هێزە ڕاپەڕیوەکانی بێت.

ئەگەر ئەو قۆناغبەندییەی وا لە دەورەی تێپەڕین-ڕاگوزاردا باسمان کرد بێنینە ناو لێکدانەوەکانمانەوە، ئەو کاتە هۆی دوولایەنیبوونی گوزارشتەکانی لێنین لەمەڕ دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا باشتر تێدەگەین. ئەو گوزارشتەی کە باسی حیزب و سانترالیزم و پێویستی هەنگاوهەڵگرتن لە "بانسەری" ئۆرگانە دیموکراتیکەکان و شتی تر دەکات، بە گشتی ئەو "دەوڵەتە کاتی"یە و هەلومەرجی دەورەی شۆڕشگێڕانە و بەتایبەت مەترسی گەڕانەوەی دەسەڵاتی بۆرژوازی لەبەرچاوە. گوزارشتی بەربڵاوتر و بنەڕەتیتر کە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا بە فاکتۆری دیموکراسیی بەربڵاوی کرێکارییەوە نیشان دەدات، مانای کامڵتر و درێژخایەنتری ئەو دیکتاتۆرییە، لە پاش مسۆگەربوون و سەقامگیربوونی دەسەڵاتی سیاسیی پرۆلیتاریای لە بەرچاوە.

هەر ئەو دوولایەنیبوونەی گوزارشتەکان لە مەیدانی ئەرکە ئابوورییەکانی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریادا و لەو وەزعییەتە ئابوورییەدا کە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا پێکی دێنێ، بە باشی خۆ دەنوێنێ. لە لایەکەوە ڕەخنەی بەرنامەی گۆتا و وێنەی گشتیی لە قۆناغی یەکەمی کۆمۆنیزم (سۆسیالیزم)مان لەدەستدایە و هەروەها گەلێک قسەی تری وەک ئەوە کە لێنین خۆی سەبارەت بە بینای "نیزامێکی ئابووریی بانتر لە سەرمایەداری" کردوویەتی، وە لە لایەکی ترەوە گوزارشتی وا هەیە کە تەنانەت بۆ نموونە مرۆڤ وای لێ تێدەگات کە ئابووریی "دەورەی تێپەڕین-گوزار" دەتوانێت "سەرمایەداریی مۆنۆپۆلیی دەوڵەتی" بێت. دیسان لێرەدا بە لێکجیاکردنەوەی دوو قۆناغی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا تا ڕادەیەکی زۆر

نارۆشنییەکان لادەچن. لە قۆناغی یەکەمدا، کاتێک کە ئابووری بەکردەوە و بە حوکمی هەلومەرجی بابەتیی سیاسی، تەنیا یەک پشتی بەرەی سیاسەتە و هۆیەکە بۆ پاراستنی دەسەلاتی دەوڵەتیی کرێکار لە پرۆسەی سەرکوتکردنی بۆرژوازیدا، هەندێک شکڵی جۆراوجۆر قبووڵ بکرێت، بۆ نموونە، سەرمایەداری مۆنۆپۆڵی دەوڵەتی، یان تەنانەت ئاڵتەرناتیڤی ئۆپۆزیسیۆنی کرێکاری، ڕەنگە بکرێ وەک شێوەیەکی ئابووری کە پێویستە پاش دەستکۆتاکردنی چەوسێنەران بنرێتە جێگای ئەو خاوەندارێتییە بۆرژواییەی کە ڕەتکراوەتەوە. بەڵام لە قۆناغی دووەمدا، ئیتر دەبێت بە جیددی ئەو ئابووریگەلە ڕێکبخرێ کە لەگەڵ "ڕێکخراوبوونی چینی کرێکار وەک چینی دەسەلاتدار" لەگەڵ دیموکراسیی ڕاستەوخۆ و بڕیاردانی کرێکاران بەهۆی شووراکانەوە لە دیاریکردنی چارەنووسی ئابووری و سیاسی خۆیاندا، لەگەڵ دارشتنی بەرنامە بەپێی پێداویستییەکان و شتی لەم چەشنە بێتەوە. بێگومان کۆمۆنیزمی جەنگی، نپ وە یان سەرمایەداری مۆنۆپۆڵیی دەوڵەتی، ئەو شتە نییە کە مارکس لە پێناویدا لە "ڕەخنەی بەرنامەی گۆتا"دا خاڵە سەرەکییەکانی قۆناغی یەکەمی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی ڕوون کردووەتەوە و لێنین پێی دەڵێ "سیستەمی ئابووریی بانتر لە سەرمایەداری." بەداخەوە ئەم قۆناغبەندییەی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا لە قسەوباسی بۆلشەفیکەکاندا بەشێوەی پێویست جەختی لەسەر نەکرا، تیۆریزە نەکرا و پەرەی پێنەدرا. واقیعییەت ئەوەیە کە لێنین ئەوەندە نەژیا کە دەوڵەتی پرۆلیتێری بچێتە قۆناغی دووەمەوە. لە بەشی هەرە زۆری ژیانی لێنیندا دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا بەکردەوە کەوتبووە بەر مەترسی سیاسی و سەربازیی بۆرژوازییەوە و بە هەرحاڵ پرۆلیتاریا نەک هەر هیچ دەرفەتێکی بۆ دەستپێکردنی دەورەی "بیناکردنی" ئابووری و کۆمەڵایەتی بە شێوەی تایبەتی خۆی دەست نەکەوت، بەڵکوو بەکردەوە لەگەڵ ئەو کاریگەرییە نالەبارە بەرەوڕوو بوو، کە شەڕی جیهانی و شەڕی ناوخۆیی کردبوویانە سەر ئابووری وڵاتەکە و لە ئەنجامی ئەوەدا ئاستی ڕاستەقینەی بەرهەم و مەسرەف لەچاو ڕووسیای ساڵی ١٩١٣ گەلێک داشکابوو. سەرەڕای ئەوە چ لێنین خۆی و چ باقی بیرمەندانی دیکەی بۆلشەفیک بۆ ڕوونکردنەوەی هەنگاوەکانی ساڵانی هەوەڵی حکوومەتی کرێکاری و ئەو ڕەوشتانە کە لە مەیدانی سیاسی، کارگێڕی و ئابووریدا بەسەر ئەم دەوڵەتەدا سەپێندرابوو، جۆرە گوزارشتێکیان بەدەستەوە دا، کە بە شێوەیەکی نادروست بەسەر تایبەتمەندییەکانی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا بەگشتی گشتگیر دەکرا. بە بڕوای من بەشی زۆری نووسراوەکانی لێنین لە پەیوەند لەگەڵ ئەم هەنگاوانەدا، دەبێ بەو فەرزەوە بخوێندرێتەوە کە لێنین هەنگاوە پێویستەکان و ئەو پەیوەندییە ئیدارییانەی ڕوون کردووەتەوە کە لەگەڵ دەورانێکی شۆڕشگێڕانەدا دەگونجێن. ئەوە کە لێنین لە ساڵی ١٩٠٥دا بە شێوەیەکی جیددیتر و زەقتر

# دەوڵەت لە دەورە شۆڕشگێڕانەکاندا

بیروڕاکانی خۆی سەبارەت بە جیاوازی نێوان "دەوڵەتی شۆڕشگێڕی کاتی" و "ئەو دەوڵەتانەی کە ئەرکەکانی شۆڕش بەگشتی" بەڕێوە دەبەن، ناباتە ناو لێکدانەوەکانی خۆی، ئەوە کە هەر ئەو جیاوازییانەی کە لەسەرەوە باسمان کرد، وەک سەرچاوەیەکی زۆر گرنگی تیۆریک لە جێبەجێکردنی ستراتیژییەکی پتەوتردا بۆ ڕەوتی گیرسانی دەوڵەتی پرۆلیتێری لە ڕووسیا بە شێوەی پێویست بەکار نابات، خۆی لەو بار و دۆخە مێژووییەوە سەرچاوە دەگرێت کە تێیدایە. یەکەم، لە بیروبۆچوونی بۆلشەفیکیدا "قۆناغی دووەمی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا" بەکردەوە لەجەرگەی شۆڕشێکی جیهانیدا نیشان دەدرا و بەم بۆنەیەوە هەرگیز بە شێوەی عەمەلی و کۆنکرێت نە کەوتە بەر سەرنجی جیدی و لێکدانەوەی کۆنکرێت، (مەگەر تا ساڵەکانی ١٩٢٤-١٩٢٦، لە باسەکانی سەبارەت بە سۆسیالیزم لە وڵاتێکدا، ئەویش بەکردەوە وەڵامی بۆرژواییانەی پێ درایەوە). هیواداربوون بە شۆڕشێکی جیهانی، بوو بە هۆی ئەوە کە بۆلشەفیکەکان ئاسۆی دوارۆژی خۆیان بە شێوەی "پاراستنی دەسەڵات" و جێبەجێکردنی لانی زۆری ئەو ئەرکانەی کە لە توانادان "تا ئەو کاتەی شۆڕشی جیهانی لە داهاتوویەکی نزیکدا وەدی دێت، دیاری بکەن و بەکردەوە سەرنجێکی تیۆریکی ئەوتۆ نەدەنە چلۆنایەتی گیروگرفتی تێپەرینی کۆمەڵایەتی، کارگێڕی و ئابووری لە چوارچێوەی ڕووسیادا. (هەر ئەو کارە خۆی نیشانەیەکی ترە لەو ڕاستییە، کە لێنین لە دەربڕینی بیروڕای خۆی سەبارەت بە ناوەڕۆکی ئابووری و کارگێڕی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریادا، بەتایبەت لەو جێگایەدا کە فۆرموولبەندییەکی بەرتەسکتر لە مەسەلەکە دەداتە دەست، بەکردەوە "قۆناغی یەکەمی" لەبەرچاوە) دووەم، ئەوە تایبەتمەندی و جەوهەری هەموو شۆڕشگێڕانێکە کە لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا لە جیاتی "تیۆریزەکردن "کار بکەن. لە کاتی خوێندنەوەی بیروڕاکانی لێنین لەم دەورەیەدا، دەبێت سەرنج بدرێتە ئەوە، کە لێنین وەک ڕابەرێکی سیاسیی هەمیشە خەریکی بەرەو پێشبردنی پرۆسەی لەبار و بەرپەرچدانەوەی بۆچوونی نالەبار و بەم بۆنەیەوە وتارەکان و نووسراوەکانی لێنین نەک لە هەموو کاتێکدا پەیامی ئیسپاتی تیۆریک نین، بەڵکوو گەلێک جار داکۆکیگەلێکی سیاسی بەرانبەر بە سیاسەت و هەڵوێستی عەمەلی دیاریکراوە. ئەو قسەوباسانە هەموویان لە ئوسووڵی تیۆری مارکسیستییەوە هەڵدەقوڵێن. ئەمە هیچ گومانی تیدا نییە. بەڵام ئەو وتار و نووسراونە لە خۆیاندا شیکردنەوەی فراوان و ئیسپاتی ئەم تیۆرییە بەدەستەوە نادەن. بۆ نموونە، حوکمی "سۆسیالیزم یانی ئەلیکتریفیکاسیۆن لەگەڵ دەسەڵاتی شوورایی"*

*) ئاماژەیە بۆ قسەیەکی بەناوبانگی لێنین کە وتویەتی" سۆشیالزیم بەمانای بەکارەباکردنی روسیایە لەپاڵ دەسەڵاتدارێتی شوراکاندا"، کە دواتر لەلایەن ڕەوتێکی بۆرژوازیەوە، سۆشیالیزم بە پرۆسەی بە پیشەسازیکردن و ئاوەدانکردنەوەی وڵاوت، لێکدرایەوە. لەکاتێکدا مەبەستی لێنین لەپرۆژەی بەکارەباکردن، وەڵامدانەوەی خێرای دۆخی نالەباری کۆمەڵگا بوو..

## مەنسور حیکمەت..

فۆرموولّبەندی و پێناسەیەکی تیۆریکی تازە لە سۆسیالیزم نییە، بەڵکوو خەباتێکی سیاسی و تەبلیغییە لە پێناو بنیاتنانی ئابوورییەکی نوێدا. خەباتێکی عەمەلییە لە پێناوی سۆسیالیزمدا. بۆ ئەوەی لە ماوەی ئەو سەردەمە پڕ هەڵسوکەوتەدا، بۆچوونی تیۆریکی لێنین دەرک بکرێت، دەبێت قسە و کردەوەی لێنین لەجەرگەی هەلومەرجی ڕاستەقینەی مێژوویی خۆیدا لێک بدرێتەوە. لێرەدایە کە من پێم وایە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی لێنین بە وردی بەبێ هیچ شک و گومانێک هەڵوێستی تیۆریکی پتەوی لێنین سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی پرۆلیتێری لە دەورەی شۆڕشگێرانەدا کە لێرەدا تەنیا چەند نموونەیەکمان لێ باسکرد، ئیسپات دەکاتەوە.

بە هەرحاڵ نەبوونی وێنەیەکی ڕوون لە ڕەوتی پەرەسەندنی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا و تێپەڕینی ئەم دیکتاتۆرییە بە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا، بووە خاڵێکی لاوازی تیۆریی جیددی بۆ بۆلشەفیکەکان لەکاتی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ مەسەلەکانی داهاتووی شۆڕشی پرۆلیتێریدا. دواتر ئاماژە بەمە دەکەم. بەڵام هەر لێرەدا بۆ پێشگرتن بە هەندێک ناڕۆشنی و گیروگرفت کە ڕەنگە بێنەپێش، لەسەر چەند خاڵێک جەخت دەکەم:

یەکەم: ئەوەی وتمان قەت بەو مانایە نییە، دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا لە قۆناغی یەکەمدا "ڕێکخراوی چینی کرێکار وەک چینی دەسەڵاتدار" نییە. ڕێک بەپێچەوانەوە. هەموو باسەکە لەسەر ئەوەیە کە دەبێت شێوە جۆراوجۆرەکانی ڕێکخراوبوونی پرۆلیتاریا وەک چینی دەسەڵاتدار لەم دوو دەورەیەدا لێکجیا بکرێتەوە. دەوڵەتی بۆلشەفیکی لە ڕووسیادا <u>دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا</u> و ڕێکخراوی چینی کرێکار وەک چینی دەسەڵاتدار بوو، لە سەردەمێکدا کە ئەم چینە <u>بۆ سەرکوتکردنی بەرگری و پیلانەکانی بۆرژوازیی دژی شۆڕش</u>، خۆی ڕێکدەخات. ئەمە و هەر ئەو شێوە دیاریکراوەی ڕێکخراوبوونی چینەکەیە، کە لە باری مێژووییەوە ئیمکانی هەیە و پێویستە. پەیوەندی چینی کرێکار لەگەڵ ئەم دەوڵەتە لەسەر بناغەی هیچ پرۆسەیەکی هەڵبژاردن و ئۆرگانی نوێنەرایەتی دانەمەزراوە، تەنانەت ئەگەر هەموو شووراکانیش ڕای خۆیان بەم حکوومەتە بدایە، دیسانیش سەرچاوەی دەسەڵاتی ڕاستەقینەی ئەم حکوومەتە و بەڵگەی پەیوەندیی ڕاستەقینەی ئەم دەوڵەتە بە چینی کرێکارەوە، بریتییە لە کۆبوونەوە و هەڵخڕانی ڕاستەقینەی کرێکاران بۆ پشتیوانیکردن لەم دەوڵەتە و لەژێر ئالای ڕابەریی ئەو دەوڵەتەدا بۆ تێکشکاندنی یەکجاریی بۆرژوازی. ئەمە هەر ئەو پەیوەندییەیە کە حیزبی شۆڕشگێڕ لەگەڵ بەرینترین جەماوەری چینەکەی خۆی پێکی دێنێت، لە قۆناغی یەکەمی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریادا پشتگیری پرۆلیتاریا لە دەوڵەتەکەی خۆی نەک لە ڕێگای ئۆرگانەکانی نوێنەرایەتییەوە، بەڵکوو بە کۆوەبوون و ڕێکخراوبوونی عەمەلیی هەموو چینی کرێکار لەدەوری ئەو دەوڵەتە

ڕادەگەیەندرێت.
دووەم: دەستنیشانکردنی کەموکووڕییەکان و تایبەتییە "چارهەڵنەگر"ەکان (نەک شتە وردەکان)ی دەوڵەتی پرۆلیتێری لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا، بە مانای ئەوە نییە کە هەموو کارکردەکانی ساڵانی یەکەمی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەجێی خۆیاندا بوون. هەروەها بە مانای ئەوە نییە کە پێویستی و گرنگی هەڵسووڕان و دەخاڵەتی ڕاستەوخۆی کرێکاران لە ڕێگای ئۆرگانەکانی دەسەڵاتدارەتی جەماوەرییەوە هەر لەم سەردەمەشدا وەک شتێکی کەمبایەخ لێ بکرێ. دیسانیش بەپێچەوانەوە لێکجیاکردنەوەی ئەم دوو سەردەمە دەبێتە هۆی ئەوە، کە گرنگی و بایەخی ڕاستەقینەی هەڵسووڕان و دەخاڵەتی ڕاستەوخۆی جەماوەر و دیموکراتیزمی پرۆلیتێری لە هەردوو سەردەمەکەدا بناسرێ و جەختی لەسەر بکرێ. مەبەستمان ئەوە بوو، پێش هەموو شتێک لەسەر ڕاست و ڕەوابوونی ئەو دەورەیە پێدابگرین کە حیزبی بۆلشەفیک دەسبەجێ پاش ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەر لە دەوڵەت و ئۆرگانەکانی دەسەڵاتدارەتی کرێکاریدا لە ڕووسیا گێڕای. دەوڵەتی لێنین دەوڵەتی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا بوو. ئەم باسەی ئێمە گوشەیەکە لە بەرپەرچدانەوەی ڕەخنەگەلێکی زەینیگەرایانە، کاملگەرایانە و ئایدیالیستییانە، کە لە بنەڕەتدا نەک لە هەڵوێستی سۆسیالیستییەوە، بەڵکوو لە هەڵوێستی "دیموکراتیک"ەوە، لە پراتیکی بۆلشەفیکەکان لە ساڵانی هەوەڵی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا دەگیرێ. لێکجیاکردنەوەی ئەو دوو سەردەمە ڕێگامان بۆ دەکاتەوە کە سنووری نێوان خۆمان و ئەم ڕەخنە "دیموکراتیک"ە دیاری بکەین و دەستمان بە فاکتۆرێکی ئوسووڵی بۆ ڕەخنەگرتنێکی سۆسیالیستی لە ئەزموونی سۆڤێت بگات. بە هەرحاڵ لە کۆتایی ئەم باسەدا، ئاماژە بە مەسەلەی گرنگبوونی دیموکراسی و ئۆرگانەکانی دەسەڵاتی سیاسیی دیموکراتیکی پرۆلیتاریا لە هەوەڵین دەورەدا دەکەین.
سێیەم: "ئێمە لەم باسەدا سەبارەت بە شۆڕشی پرۆلیتێری "لە وڵاتێکدا" قسەمان کرد. مەسەلەکە ئەوەیە کە شۆڕشی پرۆلیتێری لە وڵاتێکدا، یانی هەمان بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی، لەدرێژەی خۆیدا دەبێت لەگەڵ شۆڕشێکی جیهانی لە دژی سەرمایە پەیوەند بگرێت. ئایا ئەمە لە "قۆناغبەندی"ی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریادا گۆڕانێک پێک ناهێنێت؟ بە وتەیەکی تر ئەگەر وای دابنێی کە دەورەی دووەم لە "وڵاتێکدا" دەست پێدەکات، ئایا ئەمە لەگەڵ بیروباوەڕی ئینتەرناسیۆنالیزم ناکۆکی نییە؟ ئایا قۆناغی یەکەمی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا نابێ درێژەی خۆی لە بەرینکردنەوەی "دەورەی شۆڕشگێڕانە" لە ئاستی جیهانیدا ببینێتەوە؟ هیوادارین مێژووی ڕاستەقینە ئەمجار بەم ڕێیەدا بڕوات. بەڵام لە باری تیۆرییەوە ناکرێ ئیسپات بکرێ کە سەرکەوتنی سیاسیی پرۆلیتاریا لە وڵاتێکدا بە شێوەی

جەبری، یان بە ئیرادەی دەوڵەتە پرۆلیتێرییەکەی، لەگەڵ شۆڕشی جیهانی هاوکات دەبێ. لە ١٩١٧دا وای لێ نەهات. پرۆلیتاریا ئەرکی سەرشانێتی ڕەوتی گەشەی حکوومەتی خۆی لە وڵاتێکدا بناسێ. باسەکەی ئێمە لەسەر ئەم مەسەلەیەیە. تا ئەو جێگایەی کە پەیوەندی بە شۆڕشی جیهانییەوە هەیە، لانیکەم دەبێت باسی ئەوە بکەم کە بە بڕوای من ئەو پرۆلیتاریایەی کە بتوانێت بەڕاستی لە کەمترین ماوەدا "دەورەی دووەم" دەست پێبکات، یانی پرۆلیتاریایەک کە بتوانێ وەک چینێکی دەسەڵاتدار، لەسەر بنچینەی دیموکراسیی بەرینی پرۆلیتێری خۆی ڕێکبخا و دەست بکاتە "ڕێکخستنی ئابوورییەکی بانتر لە سەرمایەداری" بێگومان لە مەیدانی کێشەی جیهانی لەگەڵ بۆرژوازیدا توخمێکی هەڵسووڕاوتر، کاریگەرتر و شێلگیرتر دەبێت، تا ئەو چینی کرێکارەی کە لەژێر پاڵەپەستۆی بۆرژوازیدا، وە بە هەڵگرتنی هەنگاوی پێویستی ئابووری و کارگێڕی، حکوومەتەکەی خۆی بە تەحەمولکردنی هەموو چەشنە مەینەت و مەرارەتێک ڕادەگرێ و "چاوەڕوانی شۆڕشی جیهانی"یە. ئەوە کە لە ڕووسیا لەجیاتی ئەرکە ئابوورییەکانی پرۆلیتاریا لە دەورەی ڕاگوزاردا سەرەنجام دەست درایە "ڕێکخستنی ئابووریی نیشتمانی"، نابێ هیچ مارکسیستێکی جیدی بەو ئاکامە بگەیەنێت کە بەناچار ڕێکخستنی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵگە لە باری ئابووری و کارگێڕییەوە لەگەڵ ئینتەرناسیۆنالیزم ناکۆکی هەیە. نابێ پراتیکی بۆرژوازی بە حیسابی پرۆلیتاریا بنووسرێ. بە هەر ڕادەیەک دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا لە وڵاتێکدا لە بەڕێوەبردنی ئەرکە سیاسی و ئابوورییەکانی خۆیدا لێبڕاوتر و هەمە لایەنەتر هەڵسووڕێ، ئیمکانی واقیعیی ئەوە کە ئەم دەسەڵاتە سیاسی و ئابوورییە ببێتە سەرچاوەیەک بۆ شۆڕشی جیهانی زۆرتر دەبێ. بە هەر حاڵ ئەوە باسێکە لە باسە تایبەتییەکەی ئێمە سەبارەت بە دەوڵەتی پرۆلیتێری لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا واوەتر دەچێ و جێگای ئێرە نییە.

لە کۆتایی باسەکدا پێویستە ئاماژە بە خاڵی لاوازی تیۆریک لە ئەزموونی ڕووسیادا بکەم کە گرنگییەکی عەمەلی هەیە. نەبوونی فۆرمووڵبەندییەکی ڕوون و ڕاشکاو لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی گیرسان و گەشەی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا، چ لە بەرنامەی بۆلشەفیکەکاندا و چ لە ئامۆژگاریی گشتی کرێکارانی پێشڕەو و شۆڕشگێڕی ڕووسیا لە شۆڕشی ئۆکتۆبەردا، یەکێک بوو لە فاکتۆرە گرنگەکانی ئەو نا ئامادەییە تیۆرییەی کە لە ناکام هێشتنەوەی ئەم شۆڕشەدا دەوری هەبوو. یەکەم، ڕەوشتەکانی دەوڵەتی شۆڕشگێڕی "کاتی" لەهەندێک شوێن وەک ڕەوشتەکانی دیکتاتۆریی شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتێری بەگشتی تیۆریزە کرا. لە هەلومەرجی تایبەتی ساڵانی هەوەڵی پاش شۆڕشدا لایەنی "کاتیبوونی" خەسڵەت و کارکردی دەوڵەت کەمتر لەبەرچاو گیرا. ئەم مەسەلەیە

# دەوڵەت لە دەورە شۆڕشگێڕانەکاندا

مەیدانی بۆ پەرەئەستاندنی شیکردنەوەی هەڵپەرستانە و ئانارشیستی لەناو حیزبدا کردەوە. ئۆپۆرتیۆنیزم و بیرۆکراتیزم بوو بە شکڵێکی ڕایج بۆ وەڵامدانەوە بە مەیل و بۆچوون و ڕەخنەی ئانارکۆسەندیکالیستی و لەبەرانبەردا ئانارکۆسەندیکالیزم و لیبراڵیزم بوون بە شکڵگەلێکی باو بۆ ڕەخنەگرتن لە بیرۆکراتیزم و ڕیفۆرمیزم. هەڵوێستی ئوسووڵی و ڕاستەقینەی لێنینی کە لە دەرککردنی دروستی پێداویستییە دەسبەجێکانی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریاوە سەرچاوەی دەگرت، بەڕوونی و بە هێزی کافییەوە لە بەرانبەر ئەم دوو جەمسەرەدا بەیان ئەکرا. بۆ نموونە پێویستیی بەهێزکردنی سانترالیزم لە حیزبدا، پێویستی هاوجووتبوونی ڕێژەیی فۆنکسیۆنەکانی حیزب و دەوڵەت، وە پێویستی یەکجێبوون و خیرایی لە بڕیاردان لە دەورانێکی دیاریکراوی کاتیدا، بە شێوەیەکی ئوسووڵی و بە نیشاندانی ئاسۆی بەرینتری شۆڕش، بەرگری لێ نەکرا. ئەم ڕەوشتانە لە نەبوونی لێکدانەوەی وادا کە بە شێوەیەکی ئوسووڵی خەسڵەتی کاتی ئەم هەنگاوانە بە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی گەشەی سیاسیی کۆمەڵگای ڕووسیا پەیوەست بکاتەوە و ڕەوتی تێپەڕین -ڕاگوزاری دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا لە دەورەی شۆڕشگێڕانەوە بەرەو دەورەی سەقامگیری سیاسی بە شێوەیەکی خۆبەخۆ گشتگیر کران و بوون بە ئوسووڵێکی کەم تا زۆر نەگۆڕ. بۆ نموونە، بەتایبەت لەو باسانەدا کە پەیوەندییان بە کۆنترۆڵ و چاودێریی کرێکاری و بەڕێوەبەرایەتی یەکەکانی بەرهەمهێنانەوە هەبوو، هەڵوێستی ئوسووڵی بۆلشەفیکەکان (سەرخەتە بنەڕەتییەکانی) بەپێی پاشکۆکردنی داخوازیی کرێکاری لە خوارەوە بە ئەسڵی زیادکردنی یەکگرتوویی و بەرینایی کار و دەسەڵاتی دەوڵەتی کرێکاری لە دەورەی قەیرانی ساڵەکانی ١٩١٧ – ١٩٢١دا بە بەڵگەهێنانەوەی تێکەڵ و ناڕۆشن و فۆرمووڵبەندیی قەناعەت نەهێنەر، کە لە کردەوەدا بوو بەهۆی ئەوە، بەشێکی زۆر لە پێشڕەوترین و هەڵسووڕاوترین ڕابەرایەتی عەمەلیی کرێکاران لە کۆمیتەکانی کارخانەدا، یانی بەشێک لە باشترین هەڵسووڕاوانی پرۆلیتاریای پیشەسازیی ڕووسیا لە حیزب دڵسارد بنەوە و دووری لێ بکەن. دووەم، دەوڵەتی بۆلشەفیکی وەک دەوڵەتی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا، هەلومەرجی ماددی و عەمەلیی گواستنەوەی ڕاستەقینەی هەموو دەسەڵات بۆ شووراکان و ئۆرگانەکانی دەسەڵاتی جەماوەری نیشان نەدا. ئەگەر جیاوازی نێوان دەورەی شۆڕشگێڕانە و دەورەی سەقامگیری و خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی حکوومەتی کرێکاری لەم دەورەیەدا زەق و بەرچاو بوو، پرۆسەی ڕێکخستنی بەرینی ئۆرگانە جەماوەرییەکان و لەوە گرنگتر بەهێزکردنی ڕۆژ لەڕۆژ زیاتری دەوری بڕیاردەریان (بە پێچەوانەی ئەو ڕەوتە ڕاستەقینەیەی کە پێکهات) دەیتوانی و دەبوایە هەر لە قۆناغی یەکەمی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریادا لێبڕاوانە بەرەو پێش ببرێت. کاتێک کە دەوڵەتی

# مەنسور حیکمەت..

کرێکاری بەکردەوە دەسەڵاتی بۆرژوازیی ناوخۆیی و جیهانی تێک شکاند و لە ساڵەکانی ١٩٢٣ – ١٩٢٨دا چووە سەرباسی بنەڕەتی سەبارەت بە مەسەلە ئابووری و کارگێڕییەکانی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا لەم سەردەمە تازەیەدا، یانی کاتێک کە دەوڵەتی شۆڕشگێڕ بەکردەوە گەیشتە کۆتایی دەورەی شۆڕشگێڕانە بە مانای بەرتەسکی وشەکە، ئۆرگانە بناغییەکانی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا، شووراکان، وە کۆمەڵانیکی بەرین لە کرێکارانی پێشڕەو و شۆڕشگێڕ بەکردەوە لە مەیدانی دەخاڵەتکردنی هەڵسووڕاوانە و ڕاستەوخۆ دوورکەوتبوونەوە. بۆلشەفیکەکان لەبەر ئەوە کە بە ڕادەی پێویست دەرکی ڕۆشن و فۆرموولەکراویان لە خەسڵەتی <u>گواستنەوەی</u> ئەرکەکانی خۆیان لە پەیوەند لەگەڵ پێکهێنانی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریادا بە مانای کامڵ و بەربڵاوی وشەکە نەبوو، بەکردەوە نەیانتوانی هۆشیارانە و شێلگیرانە بینا و ئۆرگانەکانی ئەم دەوڵەتە شکڵ پێ بدەن و هەروەها ڕێگا بۆ گواستنەوەی دەوڵەتی کاتی بەرەو دەوڵەتێکی سەقامگیربووی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا خۆش بکەن. پرۆلیتاریای ڕووسیا، بەپێچەوانەی پرۆلیتاریای فەرەنسا لە سەدەی پێشوودا، قۆناغی یەکەمی دیکتاتۆریی خۆی بە هەر حاڵ هەرچەند بە شێوەیەکی کەموکورت بە سەرەنجام گەیاند، بەرگریی بە ئاشکرای بۆرژوازی تێک شکاند، بەڵام خۆی بۆ دەورەی پاش ئەم قۆناغە ئامادە نەکرد و بەم بۆنەیەوە بەرانبەر بە شێوازە تازەکانی هێرشی بۆرژوازی لە مەیدانی ئایدیۆلۆژیک، ئابووری، کارگێڕی و فەرهەنگیدا خۆی پێ ڕانەگیرا و تێک شکا. سێیەم، (وە ئەوە ڕەنگە لە باری تیۆریکەوە گرنگترین لایەنی مەسەلەکە بێ)، لێک جیاکردنەوەی ئەرکە ئابووریەکانی دەورەی شۆڕشگێڕانە لە ئەرکە ئابووریەکانی دەورەی تێپەڕین-ڕاگوزار بەگشتی، بوونە هۆی نەبوونی ئاسۆیەکی ڕۆشن و لێکدانەوەیەکی دروست لە ئەرکە ئابوورییەکانی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا وەک دەوڵەتی دەورەی ڕاگوزار.

چ ئەو کەسانەی کە دەیانگوت هەلومەرجی مەوجوود و سیاسەتی تازەی "نپ"، هەلومەرج و سیاسەتێکە لە پێناو بنیاتنانی سۆسیالیزمدا (ستالین و بوخارین)* و چ ئەو کەسانەی کە پێیان لەسەر خەسڵەتی سەرمایەدارانە و کاتیبوونی ئەم هەنگاوانە داگرت (زینۆڤیف،

---

*) ئاماژەیە بۆ کیتلەی ستالین - بۆخارین: ئەم کیتلەیە لەجەرگەی قسەوباسەکانی ساڵانی ١٩٢٤ ودواتردا لەپەیوەند بەداهاتوی شۆڕش و ئابوری کۆمەلگای روسیا وسەرهەڵدانی گروهبەندی و کیتلە جیاجیاکانی ئەو سەردەمەوە وەک نوێنەری ناسیونالیزمی روسی وباڵی راستڕەو بەداکۆکیکردن لە تێزی" دامەزراندنی سۆشیالیزم لەیەک وڵاتدا"، کەوتە دژایەتیکردنی باڵی چەپی ناو ڕابەری حیزبی کۆمۆنیستی روسیاوە، کەداکۆکیان لەدروشمی "درێژەدان بەشۆڕشی جیهانی" دەکرد و تێزی " سۆشیالیزم لەیەک وڵاتدا" یان بە ڕێبازێکی بۆرژوازی دەناساند. ناوەڕۆکی سیاسەتی ئابوری کیتلەکەی ستالین - بۆخارین، درێژەدان بوو بە هەمان سیاسەتی تازەی ئابوری-نیپ، و چرکردنەوەی هەوڵەکان بۆ بەپیشەسازیکردنی روسیا وناساندنی ئەمەش بە"بنیاتنانی سۆشیالیزم" بەچینی کرێکاری روسیا.

کرۆپسکایا و هی تر)*، هیچیان بەکردەوە نەیانتوانی ئەرکە ئابوورییە شۆڕشگێڕانەکانی تایبەت بە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا لە دەورەی تێپەڕین- ڕاگوزاردا پێناسە بکەن.
چ ناسیۆنالیزمی ئابووری و ئەو مەیل و بۆچوونە پیشەسازیخوازانە بۆرژواییەی کە لەژێر ناوی سۆسیالیزم لە وڵاتێکدا لەلایەن زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی حیزبەوە لەژێر ڕابەری ڕەوتی ستالیندا سەرەنجام توانی پرۆسەی پیشەسازیبوونەوەی سەرمایەداری لە ڕووسیا بە مانای ڕاستەقینەی وشەکە دەستپێ بکات و بە ئەنجامی خۆی بگەیەنێ، چ ڕەوتی ئۆپۆزیسیۆنی یەکگرتووی (ترۆتسکی-زینۆڤیف)** کە هەر لەو هەڵوێستە ئابوورییەوە دەیان ڕوانییە مەسەلەکان و لەو مەیدانەدا بێ ئاڵتەرناتیڤی خۆیان لەژێر درووشمی شۆڕشی جیهانیدا دەشاردەوە، هەردوو لەو بوشاییە تیۆریکەدا پەڕ و باڵیان گرت کە بەهۆی نەبوونی بیروڕایەکی ڕۆشن و پوختەکراوی لینینیستی سەبارەت بە ئەرکە ئابوورییە درێژماوەکانی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا پێک هاتبوو. ئەوە کە بیروڕایەکی ئاوا وجوودی نەبوو، وە یان بە هەر حاڵ نەبوو بە هێزێکی ماددی، ئەوە کە لە ساڵەکانی ١٩٢٤- ١٩٢٨دا لینینیزم لە باسە ئابوورییەکاندا نوێنەرایەتی نەکرا، تا ڕادەیەک لەوەوە سەرچاوە دەگرێ، کە ئاسۆ و داهاتووی تێپەڕبوون لە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریای دەورەی شۆڕشگێڕانەوە، کە تێیدا ئابووری پاشکۆی سیاسەت بەرەو دەوڵەتێکی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا بە مانای بەربڵاوی وشەکە ئەرکی دروستکردنی "ئابوورییەکی بانتر لە سەرمایەداری" لەسەر شانیەتی بە شێوەیەکی جیددی نەنرابووە بەردەم پێشڕەوانی هۆشیاری چینی کرێکاری ڕووسیا. هەر وەک ئاماژەمان پێکرد، لینین جیاوازی نێوان ئەم سەردەمە جۆراوجۆرانەی دەناسی و هەر لەو شۆڕشەی ئۆکتۆبەریشدا زۆر جار لە پەنا باسەکانی تردا ئاماژەی پێ کردبوو. بەڵام لینین، ئەم بەهێزترین دەسەڵاتە تیۆریکەی پرۆلیتاریا لە دەورەی حازردا، لە باسە چارەنووسسازەکانی ساڵانی ١٩٢٤- ١٩٢٨دا نەبوو، ئەگەر لینین مابایە، ڕەنگە بکرایە بڵێین بێگومان ئێمە سەبارەت بە ئەرکە ئابوورییەکانی

---

*) زینۆڤیف لەراپۆرتێکدا، (کەبەڕاپۆرتی کەمینە دەناسرێت) بۆ کۆنگرەی ١٤هەمی حیزبی بەلشەفیک کەلە دیسەمبەری ١٩٢٥دا بەستراوە، لەبەرامبەر سیاسەتی ئابوری زاڵ بەسەر حیزبدا، کە"درێژەدان بە سیاسەتی ئابوری نوێ-نیپ" بەسۆشیالیزم لە قەلەمدەدات، پێداگری لەسەرمایەداری بونی ڕوسیا دەکات و ئەم بۆچونەش لەلایەن کرۆبسکایا و ئۆپۆزسیۆنی چەپەوە جیگای تەئیدبوە، بەڵام بەبێ ئەوەی هیچ بەدیلێکی تری ئابوری کەسەرمایەدارنە نەبێت، ناخەنەڕوو.

**) ئۆپۆزسیۆنی یەکگرتوو: لەساڵی ١٩٢٥ دا بەدوای قەبوڵکردنی پلاتفۆرمەکەی ترۆتسکی، لەلەیەن زینۆفیفەوە وەک فراکسیۆنێک لەحیزبی کۆمۆنیستی ڕوسیادا سەری هەڵدا و ڕابەرانێکی وەک کامینۆف، زالۆتسکی، سۆکۆلینۆف.. پێوەی پەیوەست بوون. جەوهەری پلاتفۆرمەکەی ترۆتسکی کەئەم فراکسێۆنە پەسەندی کرد، لەسەر ئەو باوەڕە دامەزراوە کە "دامەزراندنی بینای سۆشیالیزم لەڕوسیادا" بەهۆی دواکەوتوویی ئابوری وتەکنۆلۆژیاو لەئارادانەبوونی شۆڕشە کرێکاریەکان لەوڵاتانی پێشکەوتوویی ئەورووپای ڕۆژئاوادا، مومکین نیەو ڕەتی دەکەنەوە.

## مەنسور حیکمەت..

دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا وێنەیەکی زۆر ڕۆشنترمان لەبەرچاو دەبوو. چونکە باسەکانی ساڵانی ٢٤– ١٩٢٨ ڕێک هەر ئەو باسانە بوون کە تێیدا مەسەلەی گواستنەوەی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا لە دەورەی شوشگێڕانەوە بەرەو دەورەی سەقامگیری و کارکردی "ئاسایی" هاتبووە گۆڕ. سەرەنجام دەبێ وەڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە. ئەگەر بوونی جیاوازی لە نێوان ئەرک و خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا بە گوێرەی دەورەی پاش خۆی، کارێکی ئاسایی و چارهەڵنەگرە و دەسەلمێندرێ، چ زەمانەتێک هەیە یا دەتوانێ ببێت، کە ئەم دەوڵەتە کاتییە پرۆلیتێرییە، بە شێوە تایبەتەکان و کەموکوڕییە تایبەتەکانی خۆیەوە، جێگای خۆی بدات بە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا بە مانای کامڵی وشەکە؟ وەڵامەکەی ئەوەیە کە مسۆگەرکردنی عەمەلی ئەم پرۆسەیە، وەک مسۆگەرکردنی هەموو ئاڵوگۆڕێکی شۆڕشگێڕانەی تر، بەتەواوی لە گرەوی پراتیکی شۆڕشگێڕانەی بەشی پێشڕەو و هۆشیاری چینی کرێکاردایە. ئەوەی لێرەدا هاتە گۆڕ ئەوە بوو، کە بوونی ئاسۆیەکی ڕوونی سیاسی و دەرکی دروست لە میکانیزمەکانی گەشەی شۆڕش و ئەو قۆناغە بابەتییانەی کە شۆڕشی پرۆلیتێری بەناچار، وە ئەگەرچی بە شێوازی جۆراوجۆر و بە ئاسانی و دژواری کەم تا زۆرەوە، لێی تێپەڕ دەبێ، مەرجێکی بنەڕەتییە بۆ پراتیکی دروست و "مسۆگەرکراو". ئەگەر دەرککردنی جیاوازیی نێوان ئەم دوو شکڵە، جیاوازیی خۆنواندن و وەدیهاتنی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا خۆی لەخۆیدا هیچ شتێک سەبارەت بە تێپەڕکردنی سەرکەوتووانەی ئەم قۆناغە مسۆگەر نەکات، کە ناشیکات، بێگومان دەرکنەکردنی دەبێتە هۆی ناکامی. ئەو پرۆلیتاریایەی کە لە ساڵەکانی ١٩٢٤– ١٩٢٧ لە ڕووسیا بەرانبەر بە ناسیۆنالیزمی بۆرژوایی چەکی لەدەست داکەوت و لە ساڵەکانی دواتردا بەتەواوی گلا. لە باری تیۆری و عەمەلییەوە گەلێک کەموکوڕی هەبوو. یەکێک لەو کەموکوڕییانە نەبوونی تێگەیشتنێکی دروستی ئابووری، کارگێڕی و سیاسی بوو لە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا لە پاش تێکشکاندنی بەرگریی بەئاشکرای بۆرژوازی .ئەم دەرککردنە تەنیا کاتێک دەکرا شکڵ بگرێ، کە پرۆلیتاریا بەڕوونی خەسڵەتی کاتیی ئەو شکڵەی حکوومەتی کە تا ئەو کاتە نوێنەری دیکتاتۆرییە چینایەتییەکەی بوو بناسیبایە و لەپێشدا بۆ جێگۆڕکێ پێکردنی لەگەڵ شکڵە لەبارەکانی دەورانێکی تازە ئامادەی کردبایە. مەسەلەی دەوڵەت لە دەورە شۆڕشگێڕانەکاندا گوشەیەکی بچووکە لەو مەیدانە بەربڵاوە، کە دەبێت بۆ تووشنەبوونەوەی شکستەکانی ڕابوردوو بکەوێتە بەر لێکۆڵینەوە. باسەکەی ئێمە لەو چوارچێوەیەدا تەنیا هەوڵ و تێکوشانێکە بۆ باسکردن و ناساندنی ئەم مەسەلەیە وەک گیروگرفتێکی گرنگی تیۆریک.

**تەواو**

سەردانی سایتی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بکەن:

**www.hkkurdistan.org**

لە ڕوانگەی مارکسیزمەوە دەوڵەت
ئامرازی دەسەڵاتداریی چینایەتیی
چینێکە کە لە باری ئابوورییەوە زاڵە.
دەوڵەت ئامرازێکە بۆ لەزنجیردا
بەستنەوەی چینە ستەملێکراو و
چەوساوەکان و بۆ پاراستنی پەیوەندییەکانی
خاوەندارێتی و بەرهەمهێنانی مەوجوود
لە چنگ پەلاماری چینە بندەستەکان.
دەوڵەت دیاردەیەکی سەروو چینایەتی و بانتر لە
کۆمەڵ نییە کە گوایە پەیوەندییەکانی چینایەتی
"هاوئاهەنگ" دەکات، یان نوێنەرایەتی "بەرژەوەندیی
گشتی" دەکات.
دەوڵەت، بە پێچەوانەی هەموو ئەو بۆچوونانەی کە لە
کۆمەڵی بۆرژواییدا باون، نوێنەر و پارێزەری قازانج و
بەرژەوەندێکی چینایەتیی دیاریکراوە، یانی نوێنەر و پارێزەری
قازانج و بەرژەوەندیی چینێکە کە لە باری ئابوورییەوە زاڵە.
سەرهەڵدانی دولەت لە بنەڕەتەوە لەگەڵ سەرهەڵدانی
چەوسانەوە و دابەشبوونی چینایەتیی کۆمەڵگا و سەرهەڵدانی
دژایەتی و خەباتی چینایەتی هاوکات بووە.
نە فیۆدالیزم لەناکاو جێگای خۆی بە سەرمایەداری داوە و نە کۆمۆنیزم دەسبەجێ
جێگای سەرمایەداری دەگرێتەوە. لێکدانەوەی دەورەکانی ڕاگوزار و ئاڵوگۆڕی
شۆڕشگێڕانە لە کۆمەڵدا، بەشێکە لە ڕوانینی ماتەریالیستی بۆ مێژوو هەر وەک چۆن
لێکدانەوەی شکڵە ئاساییەکانی بەرهەمهێنان و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی ژیانی
کۆمەڵایەتیی مرۆڤ، بەشێکە لە ڕوانینی ماتەریالیستی بۆ مێژوو.

لە بڵاوکراوەکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان ٢٠٢٦